
چەمکی
لا اله الا الله
لا إله إلا الله محمد رسول الله
وەرگێرانی
ژیوانی گەلاڵی
نوسینی
محمد قطب
چەمکی لا اله الا الله

بسم الله الرحمن الرحيم

چەمکی

لا اله الا الله

زانکۆی ئازادی دراساتی ئیسلامی

چەمکی
لاالا الا اللّٰه

بۆ پۆلی:

یەکەمی ئامادەیی ئامەد

نوسینی

محمد قوتب

وەرگێرانی

ژیوانی گەڵاڵی

چەمکی
لا اله الا الله

نوسینـــــــــــی: محمد قوتب
وەرگێرانـــــــــی: ژیوانی گەلاڵی
بـــــۆ پـــــۆلی: یەکەمی ئامەد
نەخشەســـــازی: ئیـسـلامڕەو
ساڵـــــــــــی: ١٤٣٧ك-٢٠١٦ز

لە بڵاوکراوەکانی
زانکۆی ئازاي ديراساتی ئيسلامی(زادی)

ئایەت

................سورەت ١٨ ....

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

پێشەكی

ئەمرۆ جیهانی ئیسلامی (هەروەك لە كتێبێكی دیكەدا ئاماژەم پێكردوە)[1] كە یەكێك لە قۆناغە مێژوییە هەرە ناهەموارەكاندا دەژی، ئەگەر خراپترین قۆناغە نەبێ كە بە درێژایی مێژوویەكەی پێیدا تێپەڕیوە!، چونكە تەنگژەكانی پێشو وەكو باری ئەمجارە لە یەك كاتدا توشی هەموو موسڵمانانی سەر ڕووی زەوی نەدەبۆوە. زەلیلی و سوكی و سەرگەردانیش تێكڕای ئوممەتی ئیسلامی نەدەگرتەوە هەروەك لەم جارەدا دایگرتوە.

بۆ نمونە ئەگەر نسكۆی ئەندەلوس بە خراپترین قۆناغ دەبینرێ كە موسڵمانان لە سەدەكانی پێشوودا پێیدا تێپەڕ بون، ئەوا نسكۆی فەلەستین خراپترە، چونكە كاتێك سێبەری موسڵمانان لە ئەندەلوس دادەكشا، دەوڵەتی تازە لاوی عوسمانی قوستەنتینیەی فەتح دەكرد و دەیكردە پایتەختی خیلافەتی ئیسلامی، پاشان بە ئەوروپادا رۆدەچو تا دەگەیشتە ڤێنا و پەترۆسبۆرگ. هەرچی نسكۆی فەلەستینە لە كاتێكدا روودەدات كە سێبەری موسڵمانان لە گۆی زەوی داكشاوەو، لە گشت لاوە كوشتارگە و قەسابخانەیان بۆ ساز و ئامادە كراوەو لە كۆڵیان نابێتەوە: لە فلیپین، لە حەبەشە، لە ئەریتیریا، لە چاد، لە نێجیریا، لە هیند، لە ئەفغانستان لە تێكڕای جیهانی شوعی كە لەنێوان كوفر و مردن موسڵمان سەرپشك دەكرێن، پیلانیش بۆ ئیسلام وز موسڵمانان لە چێوارچێوەی سەرجەم هێزە دەوڵەتیەكان دادەڕێژرێ، جیهانی ئیسلامیش بۆ چەندین

---

[1] . لەكتێبی واقعنا المعاصر باسمان كردوە، دەبوایە كتێبی (چەمكەكان) پێش (واقعنا المعاصر) چاپ بكرێ، چونكە پێشتر بە چەند ساڵێك نوسراوە، بەڵام خودا وای ویست كتێبی چەمكەكان ئەم هەموو ساڵە دوابكەوێت و، كە كتێبی دیكەی تێدا دەربچن كە چەند ساڵ پاشتر نوسراون! هەموو شتێكیش لای خوا بە پێوانەیە.

جار پارچەپارچە و دابڕدەکرێ. هەوڵ و کۆشش یەك لەدوای یەك لە ئارادان تا دەوڵەتێك لەسەر خاکی موسڵمانان بۆ هیدیکە دامەزرێنن. هەرجارە و بەشێك لە زەوی ئیسلام دابڕ دەکا و، ئەو موسڵمانانەشی کە تیایی دەمێننەوە یا دەکوژرێن و بە نارێکترین شێوازیش لە مێژودا ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن، ئەمەش هەموی لەسەر دەستی حکومەتانێك بەرەنگاری بانگەوازی ئیسلامەتین و نارازین لە موسڵمانان بە شەرعی خوا حوکم بکرێن.

ئەمە ئەو بارە خراپەیە کە ئەمڕۆکە جیهانی ئیسلامی تێدا دەژی و لە مێژو هاوشێوەی نیە.

هیچ کاتێك شتێکیش لەم بارە ناهەموارەدا هەروا لەخۆڕا ڕوونادا، ناکرێ تەنانەت یەك شتێش لە ژیانی مرۆڤ لە خۆڕا ڕووبدا، بەڵکو هەموو شتێك لە ژیانی مرۆڤدا بەپێی سوننەتی خودایە کە نە وەپاش دەکەوێ و نە خاتری ئافەریدەیەك دەگرێ:

[فَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَحْوِيلاً: قەت نابینی رێ و شوێنی خوا بگۆڕدرێ و جێبەجێ بێ. فاطر/٤٣.

یەکێك لە سوننەتەکانی خوداش ئەوەیە کە ئەو بەهرە و نیعمەتانەی بە قەومێکی داون نایانگۆڕێ تا قەومەکە زادەی دەرونیان نەگۆڕن، واتە لەسەر ڕێ لانەدەن، [ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ: چونکە خودا دەروی چاکەی لە هەر گەلێ وەکردبێ، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیون، خوا بیسەر و زانایە.]الانفال/٥٣.

سونەتێكی دیكەی خوداش ئەوەیە كە خاتری كەسێك ناگرێ چونكە لە پشتی قەومێكی چاكەكارە: [وَإِذْ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا قَالَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ: ئەوسا خودا بەچەند وشە ئەزمونی ئیبراهیمی كرد، پێكی هێنان. گوتی: دەتكەم بە ڕێبەری خەڵكی دونیا. گوتی: ئەدی تۆرەمەكەم؟ گوتی: ناهەقیكارەكان وەبەر بەڵێنم ناكەون.]البقرة/١٢٤.

بەڵام كە بەخۆیان بڕواداری چاكەكار بون ئەوكاتە باڵادەستیان دەكات: [وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمْ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُمْ مِنْ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لاَ يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا: خوا بەوانەی لەئێوە بڕوایان هەیە و ئاكار چاكن، بەڵێنی دا: لەم زەمینە دەیانكاتە جێگەنشین، هەروەكو چۆن ئەوانەی بەر لەوانی كردە جێنشین، دینەكەشیان-كە خۆی پەسەندی كردوە- هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و ترسەكەشیان بۆ دەكاتە دڵنیایی، تا تەنیا من بپەرستن، هیچ شتێكیش بە شەریكی من نەزانن.]النور/٥٥.

كەچی ئەوانی هەر بە میرات كتێبیان بۆ بە جێماوەو وادانانێن كە بەخۆیان تایبەتە و مولزەمیان دەكا، بەڵكو تەنیا شتێكە لە باب و باپیرانەوە جێماوە، ئەو كەسانە ئەو پاشچینە خراپەن كە لە كتێبی خوا ئاماژەیان بۆ كراوە لە میانەی باسی بەنی ئیسرائیل تا موسڵمانان لە چارەنوسی وان ئاگادار بكاتەوە: [فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُوا الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَذَا الأَدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِنْ يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِثْلُهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِمْ مِيثَاقُ الْكِتَابِ أَنْ لاَ يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ: ئەوسا جێنشینانێكی بەدفەڕ هاتنە جێگایانو،

کتێبەکە لای ئەوان بە کەلەپور ما، کە هەر بۆ تەماحی دنیا تێدەکۆشان. دەشیانگوت: ئێمە هەر زۆر زو عافو دەکرێین. ئەگەر دیسانیش لە شتێك دەستیان گیربا، وەریان دەگرت. مەر لەو کتێبەدا لەوان پەیمان وەرنەگیرا، لەراستی بەولاوە دەربارەی خوا نەخێون؟ کە هەرچی تێشیدا هەبو خوێندبویان. ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی خۆپارێزن زۆر باشترە، هێشتا ئێوە تێناگەیەن؟]الاعراف/١٦٩.

هەر ئەوانیشن کە خودای گەورە لەبارەیان دەفەرموێ: [فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاَةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا: لەدوای ئەوان کەسانێ بونە جێگریان، بەلای نوێژاندا نەدەچون و شوێن ئارەزوی خۆیان کەوتن، ئەوانە بەم زوانە توشی ئازار و خوسار دەبن.]مريم/٥٩.

ئەمانە هەموی سوننەتگەلی پەروەردگارن کە لە ژیانی مرۆڤدا کاروباریان پێ هەڵدەسورێ، نە خاتری کەس دەگرن و، نە بە ئارەزوی کەسێك دەگۆڕێن. خودا ئوممەتی ئیسلامی بە باڵادەستبون و جێنشینکرن و ئاسایش بەهرەمەند کردبو و، ڕێژەنی ئاسمانەکان و زەوی بۆ ئاوەڵا کردبون: [وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنْ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ: نیشتەجێی ئەو باژێڕانە ئەگەر خوایان بناسیبا و خۆپارێزبان، دەروازەی بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەمینەوە بەڕویاندا دەکردەوە.]الاعراف/٩٦.

پاشان بارەکە لە جێنشینکردن و باڵادەستی و ئاسایشەوە گۆڕا بۆ زەلیلی و لاوازی و سوکی و، دەربەدەرکردن و سوکایەتی پێکردن و کوشتن تا گەیشتە ئەو ئاست و وێنەیەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێ ئاگاداری کردبونەوە: ((يُوشِكُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمُ الْأُمَمُ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ عَلَى قَصْعَتِهَا. قَالوا: أَمِنْ قِلَّةٍ نحن يَوْمَئِذٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُم

غُثَاءً كَغُثَاءِ السَّيْلِ: هێندەی نەماوە ئومەتەكات تێتان وروكێن چۆن بخۆر لە لەگەنێ دەوروكێن. گوتیان: لەبەر كەمی ژمارەمان لەو ڕۆژیدا؟ فەرموی: ئەو ڕۆژی ئێوە زۆرن، بەڵام وەك كەفەژیلكەی بارانن))[1].

جا ئەوەی گۆڕا چ بو؟... گۆڕانكاریەكەش چۆن ڕویدا؟گەلێك لاڕێبون لە مێژودا لە كاروانی دورو درێژی ژیانی موسڵمانان رویداوە.

هەمو لاڕێبونێكیش لە بەرنامەی پەروەردگار كە لە ژیانی موسڵماناندا رویداوە بێگومان چارەنوسێكی خاو یان خێرای هەبوە بەپێی جۆری لاڕێبونەكە و رادەی بڵاوبوونەوەو، هەڵوێستی ئوممەت لە ئاستیدا بە فەرمانڕەوا و زانا و خەڵكی ڕەشۆكیەوە.. تا ئەو كاتەی لاڕێبون گەیشتە ئەوپەڕی و چارەنوسەكەشی ئەم لاوازی و زەلیلی و ترسەیە كە ئەمڕۆ دەیبینین لەجیاتی جێنشینبون و باڵادەستبون و ئاسایش.

ئێمە بە تەما نین لەم كتێبەدا باسی تێكڕای هێڵی درێژی لاڕێبون بكەین.[2] بەڵكو لێرەدا باسی جۆرە لاڕێبونێكی دیاریكراو دەكەین، كە ڕەنگە بۆ ژیانی ئەم سەردەمەی موسڵمانان لە هەموی ترسناكتربێ، یاخود پوختەی دەرەنجامی سەرجەم لاڕێبونەكانی مێژووە.

زۆربەی بانگخوازە دڵڕاستەكان بەخۆیان وا گومان دەبەن كە ئەوەی بەسەر موسڵمانان دا هاتوە بەهۆی لاڕێبونی هەڵسوكەوتیان بوە لە وێنە ئیسلامیە راستەكە. لەڕێ دەرچونی موسڵمانانیش لە هەڵسوكەوتدا زۆر لەوە رونترە كە ئاماژەی پێویست بێ.. چونكە ئەو دزی و گزی و دوڕویی و، لاوازی و ترسنۆكی و چاو لەژێری و.. بیدعە و گوناحەی بڵاوبۆتەوەو، ئەو

---

[1]. أخرجە أحمد وأبوداود. (بۆ گەشتنەوە بەڕاڤەی پوختی ئەم فەرموودەیە بگەڕێنەوە سەركتێبی (نووری ڕێ) فەرموودەی دەیەم. (بڵاوەكار)

[2]. لە كتێبی واقعنا المعاصر بە درێژی باسمان كردووە.

لـە دەسـتدەرچون و خاووخلیچکیـەی گـەنجان تـێی کـەوتوون و.. ئـەو خراپەکاری و ناڕێکیانـەی خـەڵـك تـێی کـەوتون، وە یـان سـیفەت و کـرداری دیکە، هـەموی فـڕی بەسـەر ئیسـلامەوە نیـە. بـەڵکو بریتیـە لـەو واقیعـەی (موسڵمانان) تێیدا دەژین!

لەگـەڵ هەنـدێش لاڕێبـونی رەفتـار، تاکـە لاڕێبـون نیـە لـە ژیـانی ئـەو (موسـڵمانان)ـە و، ترسـناکترین لاڕێبـونیش نیـە لـە ژیانیانـدا، ئەگـەر مەسـەلەکەش تـەنیا لـە لاڕێبـونی رەفتارەکـان کـورت هـەڵاتبـا-لەگـەڵ خراپیەکەی- هێشتا زۆر سوکتر بو!

بـەڵام مەسـەلەکە لـەوە تێپـەڕی و گـەیشـتە لاڕێبونی (چەمکـەکان).. هـەمو چەمکە سەرەکیەکانی ئیسلام هەر لە (لا اله الا الله)وە!

کاتێـك مـرۆڤێکیش دەبیـنی لـە رەفتاریـدا لاڕێیـە، بـەڵام تێڕوانیـنی بـۆ حەقیقـەتی ئـاین دروسـتە، هـەوڵێك دەدەی تـا لـە لاڕێبـونی رەفتـاری بیگێڕیـەوە، بـەڵام پێویسـتت بـەوە نـابێ کـە هەوڵـدەی بـۆ ڕاسـتکردنەوەی چەمکەکانی، چونکە هەر بەخۆیان لەلای وی ڕاستن، ئەگەرچی رەفتاریشی لێیـانی لادابێ، بـەڵام کاتێك لاڕێبـون لـە خـودی چەمکـەکان دا دەبێ، ئایا چەنـدنت هەوڵـدان پێویسـتە تـا یەکـەمجار چەمکـەکان راسـتدەکەیـەوەو، پاشانیش رەفتارەکان؟

ئەوە ئەمڕۆ حەقیقەتی باری جیهانی ئیسلامیە.

لاڕێبـون لـە ناوچـەی رەفتـار تێپـەڕیـوەو، گـەیشـتۆتە چەمکـە سـەرەکیەکانی ئەم ئاینە.

هـەر بۆیـە ئـەمڕۆ ئیسـلام بـە دەسـت ئـەو نامۆبونـە دەناڵێنێ کـە پێغەمبـەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی کـردوە: ((بَدَأَ الإِسْلَامُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ:

ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێكرد و، نامۆش دەبێتەوە، هەروەكو دەستی پێكرد.))[1].

بەڕاستیش نامۆ و غەریبە.. لەنێو ئەهلەكەی نامۆیە، وەك حەقیقەتی خۆی تێی ناڕوانن-سەرەڕای ڕەفتاریان كە لێی لاڕێ بوە- بە غەریبی تێدەگەن كاتێك بە وێنەی ڕاستەقینەی خۆی بۆیان دەخرێتە ڕو، هەروەك لە كتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا هاتووە و لە ژیانی پێشنە صاڵحەكاندا رحمهم الله بواری پیاكەكردنی تەواوی بۆ ڕەخساوە.

ئێمەش پێویستە ڕووبەڕووی حەقیقەتی مەسەلەكە ببینەوە.. هەر هەوڵێكی تەنیا بۆ ڕاستكردنەوەی ڕەفتار بێ-لەگەڵ مانەوەی چەمكەكان بە چەوتی- بەرهەمی تەواو نابەخشێ و، ئومەت لەو نسكۆیە دەرناهێنێ كە لەم سەردەمەدا تێیكەوتوە، بەڵكو پێویستە هەوڵێكی دوقات بدەین تا دووەم نامۆبوون نەهێڵین وەك ئەو هەوڵی یەكەمین كۆمەڵی موسڵمانان دایان بۆ لابردنی یەكەمین نامۆیی ئیسلام.

جا ئەو هەوڵە دوچەندانەیە بریتیە لەو ئەركەی كە ئەمڕۆ لە ئەستۆی ڕابونی ئیسلامیدایە.

یەكەم شتیش ئەم هەوڵەی پێ دەستپێبكەین ڕاستكردنەوەی پێڕەوی وەرگرتنە.. تێگەیشتنمان بۆ ئەم ئاینە لەكوێ وەربگرین؟ لە كتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ژینامەی سەلەفی صاڵح رحمهم الله ؟ یا لەوەی تێكەڵی ئەم تێگەیشتنە ڕوون و ئاشكرا و ڕاستەڕێیە بووە لە فیكرە غەوارە و خواروخێچەكان، بە كاریگەری فاكتەری جیاجیا لە میانەی كاروانی درێژی ئوممەتی موسڵمان و، بەهۆی لێكسوانی بەردەوامی لەگەڵ تێكەڵەی ڕاڕەو و تێكەڵەی هزری جیاجیا؟!

---

[1]. اخرجه المسلم

جا ئەگەر پەیڕەوی وەرگرتنمان ڕاستکردەوەو، بەپێی ئەوەش ئەو چەمکە سەرەکیانەی ئیسلاممان لە هەستی موسڵمانانی دوایین راستکردەوە، هێشتا ئەرکێکی دیکەمان دەمێنێ کە بێترس تر نیە لەمەیان و بریتیە لە ئەرکی پەروەردەکردن لەسەر چەمکە راستەکانی ئەم ئاینە.

پەروەردەش ئەو هەوڵە راستەقینەیە کە چاوەڕوانی بەروبومی لێدەکرێ، بەڵام بەروبومەکەی نابەخشێ هەتا لەسەر بنچینەیەکی راستودروست دانەمەزرێ.

ئەم کتێبەش هەوڵێکی بچوکە بۆ راستکردنەوەی هەندێك چەمکی ئیسلامی، بە گێڕانەوەیان بۆ وێنەی یەکەم، کە لە کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵێنجراوە، لەگەڵ لابردنی ئەو لاڕێبونانەی لەمیانەی کاروانی مێژویی ئوممەتی موسڵمان پێیەوە لکاون.

لەم کتێبەدا باسم لە پێنج چەمکی سەرەکی لە چەمکەکانی ئیسلام کردوە: چەمکی (لا الە الا اللە)[١] ، چەمکی پەرستن، چەمکی قەزاوقەدەر، چەمکی دنیا و قیامەت، چەمکی ژیار و ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

خوێنەریش دەبینێ کە باسی چەمکی لا الە الا اللە بەشی هەرەگەورەی کتێبەکەی داگرتوە، پاشان چەمکی پەرستن دێ، ئەمەش شتێکی سەیر نیە، چونکە لا الە الا اللە پایەی یەکەمە و گەورەترینە لە پایەکانی ئیسلام، لاڕێبونی هەرەگەورەو-هەرە ترسناکیش- لە ژیانی موسڵماناندا ئەوەیە کە لە چەمکی لا الە الا اللە رویداوە! هەروەها چەمکی پەرستنیش، پێشتر لە واتا فراوان و گشتگیرەکەی هەیبو سەدای لە مەزنێتی ئەم ئوممەتە و

---

[١] . خوێندکارانی پۆلی یەکی ئامادەیی ئامەد تەنها ئەمەی بەدەرست ئەخوێنن. کە چەمکی (لا الە الا اللە)یە. (بڵاوەکار)

مەزنێتی دەسکەوتەکانیدا هەبوو، هەروەك لە واتا بەرتەسك و لاوازەکەی کە پێی گەیشت سەدایەکی هەبو لەو واقیعە تەسکەی کە ئەمڕۆ موسڵمانان لەدەستی دەناڵێنن..

کاتێك ئەم چەمکانەش ڕاستدەکرێنەوەو، لە دەروونی موسڵماناندا وێنە ڕاستەقینە زیندو و کاریگەرەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ڕێگاکە-بەیاریدەی خوا-ئاسان دەبێ بۆ ڕاستکردنەوەی هەمو ئەو خواروخێچی و لاڕێبونانەی توشی موسڵمانان هاتون و، هەمو ئەو کاریگەریانەی لە ژیانی موسڵمانانیاندا پەیدا کردوە.

جا ئەگەر خوا سەرکەوتنێکی لەم هەوڵە بچوکە دەست خستبم ئەوا من سوپاسگوزاری نیعمەتەکانیم و، سەرکەوتنیشم هەموی هەر لە خواوەیە.

موحەممەد قوتب

ڕەحمەتی خوای لێ بێت

چەمکی لا الە الا اللە

(لا الە الا اللّه) یەکەمین پایە و گەورەترین پایەیە لە ئیسلامدا.. دەکەویتە پێش نوێژ و ڕۆژی و زەکات و حەج و.. هەمو شتێکی دیکە لەم دینەدا.

هەرکەسێکی لە قورئانیش رابمێنێ بێگومان تێبینی ئەو باسەخە مەزنە دەکا کە کتێبی خوا بەدۆزی توحید داوە کە دۆزی (لا الە الا اللّه)یە، بەشێوەیەك کە کەلێنێکی هەرە گەورەی لە سەرتاپای قورئاندا داگیرکردوە، هەرچەندە لە سورەتە مەککەییەکاندا توندتر جەختی لەسەر دەکا.

رەنگە لە سەرەتادا وا بەبەر زەیندا ڕەت بێ-هەروەك لە کتێبی دراسات قرانیەدا ئاماژەمان بۆ کردوە- ئەو بایەخە بێڕادەیەی کە لە کتێبی خوادا بە دۆزی (لا الە الا اللّه) دراوە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانەی لە سەرەتادا قورئان لەگەڵیاندا دواوە خەڵکێکی موشریك بوون، بۆیە وا رێکبووە کە پتر لە دۆزی تەوحید بیاندوێنی بۆ راستکردنەوەی بیروباوەڕە پوچەڵ و بیروبۆچونە گەندەڵەکانیان لە ئاست دۆزی خواوەندێتیدا(پەرستراوێتی).

بەلأم بەردەوامبوونی باس و خواسی ئەم دۆزە لە سورەتە مەدەنەییەکانیش، لەپاش دامەزراندنی باوەڕ و، بەرپابونی کۆمەڵگەی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی و پابەندبونی ئەو کۆمەڵگەیە بە ئەرك و پێداویستیەکانی ئیسلام و، لەسەرووی هەمووشی (جیهاد)ەکردن لەپێناو خوادا.. ئەمانە هەموی بەڵگەی رون و ئاشکران بۆ گرنگێتی خودی ئەم دۆزە، تەنانەت بەگوێرەی ئەو بڕوادارانەش کە خوای گەورە لە دەسپێکی

ئایەتە مەدینەییەکان بە (یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا: ئەی گەلی باوەڕان..) دەیاندوێنێ.

جا دۆزی توحید-دۆزی (لا الە الا اللە)- گوفتارێك نیە بۆ ماوە کاتێك بێتە بەرباسان و دواتر لەویەوە بگوازێتەوە بۆ باسێکی دی، بەڵکو فەرمایشتەکە لەگەوڵ هەموو باسەکاندا جێگۆڕکێ دەکات و.. هیچ کاتێك نابڕێتەوە.

ڕەنگە ئەم ئایەتە پیرۆزەیش بەڵگەیەك بێ بۆچونەکەمان یەکلا بکاتەوە:

[یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بڕوا بێنن بە خودا و بە پێغەمبەرەکەی و بەو قورئانە، کە بۆ پێغەمبەرەکەی ناردووە بڕواتان بەو کتێبەش بێ کە بەر لە قورئان ناردویە، هەرکەسێکیش بە خودا و فریشتەکانی و کتێبانی و پێغەمبەرەکانی خودا و ڕۆژی دوایی بێبڕوابێ، لەرادەبەدەر گومڕایە.]النساء/١٣٦.

لێرەدا ئەوانەی بۆ بڕواهێنان بانگ دەکرێن هەر خودی بڕواداران: [یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان!] ئەو شتانەش کە بۆ بڕوا پێهێنانیان بانگ دەکرێن پێشتر تەواو باوەڕیان پێهێنابو! ئەوان بۆ ئەوە بانگ دەکرێن کە بڕوا بە خودا و پێغەمبەرەکەی و ئەو قورئانە بێنن کە بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاندوە، لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە پێشتر هەناردونی.

هەروەها خوا لەدوادوای سورەتی بەقەرەدا دەربارەیان دەفەرموێ:

[آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ: ئەم پێغەمبەرە و بڕوادارانیش هەموو بڕوایان بەو شتە هێناوە کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوار و بڕوا دەکەن بە خودا و فریشتەکانی و کتێبانی و سەرلەبەر پێغەمبەران و،

دەڵێن: ئێمە لە نێوان پێغەمبەرانی خوا ﷺ هیچ جیاوازیەك دانانێین.]البقرة/٢٨٥.

كەواتە دۆزی (لا الـه الا الله) دۆزێكی هەمیشەییە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا. تەنیا بێبڕوایان بۆ بانگ ناكرێ تا باوەڕی پێ بێنن، تەنیا (مشرك)انیشی بۆ بانگ ناكرێ تاكو بیروباوەڕیان راستكەنەوە. بەڵكو موسڵمانانیشی بۆ بانگ دەكرێ و یاداوەریان پێدەكرێ، تاكو بە زیندویی لە دڵیاندا بمێنێتەوەو، لە ویژدانیاندا بچەسپێ و، كاریگەر بێ لە ژیانی رۆژانەیاندا و لێی سارد نەبن و لە پێداویستیەكانی غافڵ نەبن:

[یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا آمِنُوا: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بڕوا بێنن.]

جا سەیر نیە كە هەر دۆزی (لا اله الا الله) دۆز[1] بێ!

هۆی گرنگی پێدانی قورئانیش بەم دۆزە ئەوە نیە كە قورئان كتێبی دینە! بەڵكو هۆیەكەی ئەوەیە كە قورئان ئەو كتێبەیە كە بەرنامەی ژیان بۆ مرۆڤ دیاری دەكا.

چونكە ژیانی مرۆڤ راستەڕێ نابێ هەتا ئەو رەوایە دەناسێ كە ئاسمانەكان و زەوی پێ وەدیهێنراوەو، تا ژیانیشی لەگەڵ ئەو رەوایەدا دەسازێ، ئەوجا لێی لانادا و لە پێداویستیەكانی ریزپەڕ نابێ.

رەواش ئەوەیە كە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێكی دیكە نین.. هەر خوا تەنیا وەدیهێنەرە و.. هەر ئەو تاكە بژێوی‌دەرەو، هەر بەخۆی بەتەنیا زاڵە و بۆ خۆی تاكە مشورگێڕە و هەر بە تەنێ بەسەر هەموو شت ڕادەگا و..

[1] . وەرگێڕی بەڕێز دەستەواژەی (دۆزی) بەرامبەر (قضیة) بەركارهێناوە. (بڵاوەكار)

لەخودای مەزن بترازێ كەسێك نیە وەدیهێنەر یا بژێویدەر یا مشورگێڕی كاران بێ.

داخوازی گشت ئەمانەش ئەوەیە كە بە تەنیا بپەرسترێ و كەسی بۆ نەكرێتە هاوەڵ و پەرستش لەو بترازوێ ئاراستەی كەسی دی نەكرێ.

سەرەڕای ئەوەی ئەمانە مافی خودایە لە بەندەكانی، چونكە مافی وەدیهێنەری بژێویدەری بەهرەبەخشی خاوەن فەزڵە كە پەرستش بێجگە لەوی ئاراستەی كەسانێك نەكرێ كە چیان وەدی نەهێناوەو بژێوی كەسیان نەداوەو فەزڵیان بەسەر كەسدا نەبوە..

سەرەڕای ئەمانەش ئەمە دۆزی خودی مرۆڤە..

چونكە خودای وەدیهێنەری بژێویدەری بەهرەبەخشی خاوەن فەزڵ شایستەیە تەنیا و تەنیا پەرستش بەو تایبەت بكرێ و چونكە هەر خوا تاكە پەرستراو و تاكە پەروەردگارە، بەڵام خودای پاك و بەرز لە بەندان و پەرستشیان بێنیازە و، مولْكی وی چی لێناگۆڕێ ئەگەر بەندەكانی خۆی بیپەرستن یا خودا بڕوای پێ نەهێنن!

لە فەرمودەیەكی قودسیدا دەفەرموێ: ((يَا عِبَادِي لَوْ أَنَّ مُؤمِنَكُمْ وَكافِرَكُمْ وَبِرَّكُمْ وَفاجِرَكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا، وَلَوْ أَنَّ أَنَّ مُؤمِنَكُمْ وَكافِرَكُمْ وَبِرَّكُمْ وَفاجِرَكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ مِنْكُمْ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا: ئەی بەندەكانم! ئەگەر بڕوادار و بێبڕواتان، چاك و خراپتان وەكو دڵی پارێزكارترین پیاو بان لەناو خۆتان، ئەمە هیچی لە مولْكی من زیاد نەدەكرد و، ئەگەر بڕوادار و بێبڕواتان، چاكوخراپتان، وەكو دڵی خراپەكارترین پیاوی نێو خۆتان بان هیچ شتێكی لە مولْكی من كەم نەدەكردەوە.))[١].

---

[١] اخرجه المسلم.

هەروەها خوای بەرز لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی موسا سەلامی خوای گەورەی لێبێت دەفەرموێ: [وَقَالَ مُوسَى إِنْ تَكْفُرُوا أَنْتُمْ وَمَنْ فِي الأَرْضِ جَمِيعًا فَإِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ حَمِيدٌ: موسا گوتی: جا ئەگەر ئێوە و هەركەسێ لەم عەردەیە ناسوپاس بن، خوا نیازی بەكەس نیە و هەر شیاوی تاریف كردنە.]ابراهیم/٨.

كەچی باری مرۆڤ چیایە..

لەلایەكەوە بۆ یەك چركە لە ژیانیدا لە فەزڵی خوا بێنیاز نابێ: [يَاأَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنْ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ: ئەی خەڵكینە! لەبیرتان بێ خودا چەندی چاكە لەسەر ئێوە هەیە، ئاخۆ غەیرەز خودا، وەدیهێنێك هەیە كە لە ئەزمان و زەوینا بژێوی ئێوە دابین كا؟ بە غەیرەز خۆی هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ، چلۆن لەرێ كلا دەكرێن.]فاطر/٣.

لەلایەكی دیكەوە مرۆڤ هەر بە سروشت و فرچكی خۆی پەرستیارە. هیچ چركەیەك لە تەمەنی تێناپەرێ كە شتێكی تیا نەپەرستێ، با ئاگای لێبێ یا لێی بێئاگا بێ.[1]

بانگەوازی شەیتانە:

[أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَابَنِي آدَمَ أَنْ لاَ تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ، وَأَنْ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ: ئاخ ئەی تورەمەی ئادەم! من لە پێشدا

[1]. تەنانەت ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن-بێدین- و خۆیان بە فەرمەسۆنیش تێدەگەن و بڕوایان بەهیچ نیە و هیچ ناپەرستن. لە راستیدا بەندە و پەرستیاری هەوەس و ئارەزووەكانی خۆیان هەروەك خوای بەرز دەفەرموێ: [أَفَرَأَيْتَ مَنْ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ: ئاخۆ تۆ ئەو كەسەت دیوە كە ئارەزوی خۆی دەپەرست؟]الجاپیە/٢٣.

پەیمانم دەگەڵ نەبەستن كە شەیتانێ نەپەرستن، ئەو ئاشكرا دوژمنتانە. هەر تەنیا خۆم بپەرستن، كە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە.]یس/٦٠-٦١.

هەروەها لە پێكهاتەی مرۆڤدا-لەو فرچكەی خودا پێوە وەدیهێناوە- خۆشویستنێكی قوڵی ئارەزووەكان هەیە كە خودای بەرز بەم شێوەیە وەسفی دەكا:

[زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنْ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنْ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا.. ئارەزوی ژنان كردن و كوڕێ زۆر پەیداكردن و دەسكەوتنی كۆمای زلی زێو و زێڕان و ڕەوە ئەسپی بە درۆشم و وڵسات و زەوی كێڵانێ، بۆ مەردم رازاوەتەوە لە ژیانی دنیایەدا مایەی خۆشین..]ال عمران/١٤.

هەرچەندە ئەم ئارەزوانەش لەبەر حیكمەتێ:ی خوای گەورەیە كە لە پێكهاتەی فرچكی مرۆڤدان، بەڵام هەر ئەمانە ئەو دەروازانەن كە شەیتان مرۆڤیان لێوە دانەخۆرە دەكات، تاكو بەشێوەیەكی كاتی لە پەرستنی خودا دوری خاتەوە، هەروەكو لە ئەنجامدانی گوناهان دێتە دی:

((لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ..:))[1]

یاخود بە تەواووی دوری دەخاتەوو پەیوەندی لەگەڵ خوادا دەپچڕێ جا یا توشی هاوبەشدانان یا بێبڕوایی یا نكوڵی كردن دەبێت:

[قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لأَقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ، ثُمَّ لآتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَنْ شَمَائِلِهِمْ وَلاَ تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ:

گوتی: چونكە لەڕێت لادام، منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، راستەڕێی تۆیان

---

[1] . رواه الشيخان

لێدەگرم، ئەوسا لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، راست و چەپیشیان لێدەگرم، جا دەبینی زۆرینەیان شوکور ناکەن.]الاعراف/١٦-١٧.

دیارە ژیانی مرۆڤ کە بەندەی خودابێ یەکسان نیە بەوەی کە بەندەی شەیتان بێ:

[أَفَمَنْ يَمْشِي مُكِبًّا عَلَى وَجْهِهِ أَهْدَى أَمَّنْ يَمْشِي سَوِيًّا عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ: ئاخۆ کەسێ دەمەوڕو بە عەردا دەخشێ چاکتر دەزانێ، یان ئەو کەسەی بە ئاسانی بەسەر ڕاستەڕێدا دەڕوا؟]الملك/٢٢.

[قُلْ مَنْ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُلْ اللَّهُ قُلْ أَفَاتَّخَذْتُمْ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ لاَ يَمْلِكُونَ لأَنفُسِهِمْ نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَمْ هَلْ تَسْتَوِي الظُّلُمَاتُ وَالنُّورُ: بێژە: کێیە راهێنەری ئەم عاسمانان و زەمینە؟ بێژە: خودا. بێژە: ئاخۆ گەورەگەلێکتان بۆ خودا نەقاندوە، کە قازانج و زیانی خۆشیان بەدەست نیە؟ بێژە: ئاخۆ کوێر و بینا بەرانبەرن؟ ئاخۆ تاریکی و روناکی سەربەسەرن؟]الرعد/١٦.

لە چاکە و بەخشندەیی خوایە، کاتێك بەندەکان مافی سەرشانیان بەرامبەر خودا جێبەجێ دەکەن کە بە تاکە پەرستراو و تاکە پەروەردگاری دادەنێن و، دڵڕاستانە پەرستنی ئاراستە دەکەن، دەکەونە سەر چاکترین بار هەروەك خوا وەدیهێناون و، ژیانیشیان لە دنیادا دەبێتە چاکترین و پاکترین و جوانترین ژیان. لە قیامەتیش ئەو پاداشانە وەردەگرن کە خوا بەڵێنی پێداون. لەکاتێکدا گەر کافر بن رابردادنی دنیایان وەك ئاژەڵ دەبێ و لە قیامەتیش دوچاری ئەو سزایە دێن کە خوا بەڵێنی پێدابون.

[وَالَّـذِينَ كَفَـرُوا يَتَمَتَّعُـونَ وَيَـأْكُلُونَ كَمَـا تَأْكُلُ الأَنْعَـامُ وَالنَّـارُ مَثْـوًى لَهُـمْ: ئەوانەی نەشیاننناشیوە، لەدنیادا ڕای‌دەبوێرن و دەلەوەڕێن، وەك لەوەڕانی ئاژەڵ و جێگەیان لە ئاگردایە.]محمد/١٢.

[وَالَّذِينَ اجْتَنَبُوا الطَّاغُوتَ أَنْ يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوا إِلَى اللَّهِ لَهُمُ الْبُشْرَى فَبَشِّرْ عِبَادِ: ئـەو كەسـانەی لـە پەرسـتنی بتـەكان تەكیونـەوەو، بـەرەو خـوا گـەڕاونـەوە، خۆشـی لـەوان، سـا تـۆش بـە عەبـدەكانی مـن مـژدە بدە.]الزمر/١٧.

هەر بۆیە مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە (لا الە الا اللّه)یە.

بێبڕوا بێ یاخود مشرك پێویستیەتی تا بنچینەی بیروباوەڕی پێ ڕاستكاتەوە. ئەگەر بڕواداریش هەر پێویستیەتی تا هۆشیار و وەئاگابێ و دەروازەكانی شەیتان لە دەرونی خۆی تەسك بكاتەوە بۆ ئەوەی لە ئەركی پەرستنی ڕەواو ڕاستی خودا گومڕای نەكا.

لە هەمو بارێكیشدا (لا الە الا اللّه) ئەركێكی دیاریكراوی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و، هەرگیز نابێتە تەنیا (وشەیەك) كە بەبادا هەڵدرێ و چ پێداویستی نەبێ و كاریگەری لە ژیاندا نەبێ.

ئێستا با بڕوانینە ئەو ڕۆڵەی (لا الە الا اللّه) لەژیانی یەكەمینەوە ﷺ گێڕاویەتی، با پێشتریش تەماشاكەین بۆچی عەرەبە موشریكەكان ڕەتیان كردەوەو ئەو ململانێیە توندو تاڵەی بانگەوازەكەیان كە لە مێژوو پێی ئاشنایە و شایەدی بۆ دەدات.

(لا الە الا اللە) بانگەوازی سەرجەم پێغەمبەرەکانە ﷺ، هەر لە ئادەم و نوحەوە تا موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەڵوێستی جاهیلیەتیش بەرامبەری یەك هەڵوێستە و بەدرێژایی مێژو نەگۆڕاوە و بریتی بوە لە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەو بەرانگژبونەوەو پشت تێکردن و لالێگرتن.

جا دەبێ ئەو شتە چ بێ کە وا دەکا جاهیلیەت بە درێژایی مێژوو ئەو هەڵوێستە یەکانگیرەی هەبێ بەتایبەتی لەلایەن خۆ بەزل زانانی هەموو جاهیلیەتێك.

[وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ، أَنْ لاَ تَعْبُدُوا إِلاَّ اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ، فَقَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ قَوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِنْ فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ: نوحمان شاندە لای هۆزەکەی، کە: من بۆتان ترسێنەرێکی ئاشکرام، جگە لەخوا مەپەرستن، نیگەرانم نەوەك ڕۆژێ ئازاری بە ژانو توش بێ.. گرگرەی هۆزەکەی-کە خوانەناس بون- گوتیان: وەك ئێمە دەتبینین تۆش مرۆیەکی وەك خۆمان، ئەمانەش کە شوێن تۆ کەوتون، ڕوتە و پوتەی بێئاوەزن، نەشمان دیوە شتێکتان لەمە زیاتر بێ، بەڵکو ئێمە پێمان وایە درۆ دەکەن.]هود/٢٥-٢٧.

[وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنْتُمْ إِلاَّ مُفْتَرُونَ، ..... قَالُوا يَاهُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَنْ قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ: بۆ لای عادیش هودمان نارد-کە برایان بو- گوتی: گەلۆ! پەرستندەی خودای تاك بن، بە غەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نیە، ئێوە تەنیا هەر درۆیان دەنەخشێنن...... گوتیان: ئەی هودا! تۆ هیچ

بەڵگەت لە خوداوە بۆ نەهێناین، هەر بە قسەی تۆش، مە لە پەرستیوەکانمان دەس بەرنادەین، بڕوایەش بەتۆ ناهێنین.]هود/٥٠، ٥٣.

[وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنْ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوا إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُجِيبٌ، قَالُوا يَاصَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَذَا أَتَنْهَانَا أَنْ نَعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ: بۆ لای سەمودیش برایان ساڵحمان نارد. گوتی: گەلۆ هەر خودای تاك بپەرستن، ئێوە غەیری ئەو خودایەکتان نیە، ئەو لەم خاکەی وەدیهێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن، لێبوردنی لێ بخوازن، پاشان بەرەو خۆی وەرگەڕێن. پەروەردندەی من نزیکە و دەفریاودێ.. گوتیان: ساڵح! بەر لە ئێستێ جێگەی هومێدی ئێمە بووی، ئاخۆ رێ نادەی ئەوانەی باب و کاڵمان دەیانپەرست، بیانپەرستین؟ ئێمە لەوەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، بە گومانین و دودڵین.]هود/٦١-٦٢.

[وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَاقَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ وَلاَ تَنقُصُوا الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّي أَرَاكُمْ بِخَيْرٍ وَإِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُحِيطٍ...... قَالُوا يَاشُعَيْبُ أَصَلاَتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَنْ نَفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ إِنَّكَ لأَنْتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ: بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان نارد، گوتی: گەلۆ! خودای تەنیا بپەرستن! لە غەیری ئەو هیچ پەرستویەکتان نیە. لە کێشان و پێوانەدا گزی مەکەن. خۆشگوزەرانو دەبینم و من لەو رۆژە ترسم هەیە ئازاری داگرتان بۆبێ..... گوتیان: شوعەیب! مەر نوێژەکەت هانەت دەدا ئێمە واز لەو شتە بێنین کە باب و باپیرانی مە دەیانپەرست، یان وەك خۆمان دەمانەوێ لە دارایی خۆماندا دەسکاری نەکەین؟ بەڕاستی کە تۆ پیاوێکی لەسەرەخۆ و بەسەلیقەی.]هود/٨٤، ٨٧.

جا جاهیلیەتی عەرەبان تازە داهێنراوێك نەبوو لەو جاهیلیەتانە جودابێ كە بەرانگژ بانگەوازی پێغەمبەرەكانی پێشوو دەبوونەوە، ئەی بۆچی جاهیلیەتی عەرەبان ئەم هەڵوێستە ملهوڕانەی وەرگرت، كە هەمان هەڵوێستی جاهیلیەتەكانی پێشو بوو؟!

ئایا هەر لەبەر واژەكە بو؟ یا لەبەر مەدلول و داخوازیەكانی؟ ئایا مەدلولی ئەم واژەیە لە هەستی واندا چیبوو؟ بەپێی مەدلولی واژەكەش، جیاوازی چ بو لەنێوان ئەو شێوە ژیانەی تێیدابون لەگەڵ ئەو شێوە ژیانە بانگەوازیان بۆی دەكرا یا وای بۆ دەچون كە لە ژیانێكدا هەبێ كاتێك گەر بچوبانا نێو (لا اله الا الله)؟

هەرچی خودی وناژەكەیە دور لە داخوازی و مەدلولەكانی، وا لە قورەیش رەچاوكە ئەمجۆرە هەڵوێستە توندە لاملانەی لە ئاست وەرگرێ كە وەریگرت و ئەو هەمو كێشە و ململانێیەی لەپێناودا ئەنجام بدا كە ئەنجامی دا، تا وایلێهات كاروباری لەدەست دەرچوو و، چەندین سوارچاكی لێ كوژران.. هەروەها لە عارەبەكانی دیكەش رەچاو ناكەی تەنیا لەبەر واژەیەك ئەو ململانێ گەورەیە بكەن، ئەگەر ئەو واژەیە هیچی لە ژیانیاندا نەگۆڕیبا و، هیچی بەرەوپێش نەبردبا و هیچیشی دوا نەخستبا.

بە گوێرەی قورەیش، خۆ ئەگەر هەر هۆزێك شاعیرێكی تێدا هەڵكەوتبا ئەوا شانازی بەسەر هۆزەكانی دیكەدا دەكرد و خۆی پێ هەڵدەكێشا، چ جای ئەوەی كە پێغەمبەرێكی تێدا دەركەوتبا! بەتایبەتی كە قورەیشیش سەركردایەتیەكی (ئاینی) هەبوو كە لە هەمانكاتدا پلەو پایەیەكی سیاسی و ئابوری بەرچاوی یپێدەبەخشی، كە پێغەمبەرێكیشی تێدا لەدایكبووە پتر

سەرکردایەتیە ئاینیەکەی بەرجەستە دەکرد و باشتریش جەختی لەسەر پلەو پایە سیاسی و ئابوریەکەی دەکرد و پتەوتری دەکردن.

ئەدی بۆچی قورەیش ڕەتی کردەوە واژەکە بڵێ.. ئەگەر تەنیا واژەیەکی سەرزارەکی بو؟

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یش کاتێ تکای موسڵمان بوینێ لە ئەبوتالیبی مامی دەکرد پێی فەرمو: ((قُلْها يَا عَمِّ! كَلِمَةٌ أَشْهَدُ لَكَ بِهَا عِنْدَ اللَّهِ: دەبیڵێ مامە! واژەیە شەفاعەتت لەلای خوا بۆ پێدەکەم)). ئایا لە ئەبوتالیب ڕەچاو دەکرا کە یەك واژە ڕەت کاتەوە ئەگەر تەنیا واژە با و بەس، واتە ئەگەر چ پێداویستیەکی نەبان و، چ گۆڕانکاریەك وابەستەی گوتنەکەی نەبا؟ یا بۆیە ڕەتی کردەوە کە گۆڕانکاریەکی تەواوی لە سەرتاپا بەرنامەی ژیان و هەمو لایەنەکانی پێوە پەیوەست بو؟

ئەوە بەڵگەنەویستێکە پێمان وانیە چ مشتومڕێك هەڵگرێ.

جیاوازی نێوان ئەو شێوە ژیانەی لەسەری بون لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەی بانگەوازیان بۆی دەکرا گەلێك گەورەبوو، بەرهەڵستیکردنیشیان لەم بانگەوازە گەلێك شێوە و هۆکاری هەبوو.

دۆزی سروشیان وەدرۆ خستەوەو..

زیندووبوونەوەو حەشر و لێپرسینەوەو پاداش و سزایان وەدرۆ خستەوەو..

ڕازی نەبون پەرستراوەکانی خۆیان بە یەك پەرستراو بگۆڕنەوە..

ئەوەشیان ڕەت دەکردەوە کە دابی باب و باپیرانیان جێبێڵن و بکەونە دوای ئەوەی خودا دایبەزاندوەو.. حەڵاڵ و حەراتمیشیان بەپێی فەرمانەکانی خوا بێ..

ئەمانە سەرباری مەسەلە (ڕەوشتیەکان)ی دیکەی وەکو شەراب و قومار و زینا و کوشتن و دزی و تاڵان و زیندەبەچاڵ کردنی کچان و خواردنی ماڵێ

هەتیو و زوڵم و زۆرداری و دەستدرێژی كردنی بەناحەق كە لە نێوانیان بڵاو بوو..

بەكورتی.. رازی نەبون (ئاین) لە خواوە وەرگرن، بە واتا فراوان و گشتگیرەگەی كە بیروباوەڕ و دروشمەكان و حەڵاڵ كردن و حەرامكردن و رەوشت و تێڕوانینەكان دەگرێتەوە. هەروەك ئەوەشیان رەتدەكردەوە كە پابەندی ئەو ئەركانە بن كە ئاینی خوا پێیان رادەسپێرێ.

گرنگترینی ئەو دۆزانەش كە قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر كردون بریتین لە دو دۆزی سەرەكی، كە هەموو دۆزەكانی دیكە لە دوو توێیاندا كۆدەبێتەوە: دۆزی ئاراستەكردنی پەرستن بۆ خودای تاك و تەنیا و، دۆزی شوێنكەوتی ئەو فەرمایشتانەی خودا لەبابەت حەڵاڵ و حەرامەوە دایبەزاندون:

[وَعَجِبُوا أَنْ جَاءَهُمْ مُنْذِرٌ مِنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ(٤)أَجَعَلَ الآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ: ئەمەیان پێ سەیر بوە كە پێغەمبەرێكیان لەخۆیان بۆ هاتوە و ترسی خوایان وەبەر دەنێ، خودا نەناسەكان گوتیان: بێ نەبێ ئەم كابرایە جادوگەری درۆزنە، چۆن دەیەوێ لەجێی ئەو هەمو بتانەی دەتانپەرست، هەر خودایەك بپەرستن؟ ئەمە زۆر شتێكی سەیرە.]ص/٤-٥.

[وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَى عَذَابِ السَّعِيرِ: ئەگەر بەوانە بگوترێ: ئەی خودا ناردیە خوارێ ئێوە پەیڕەوی لێبكەن، ئێژن: ئێمە هەر پەیڕەوی ئەو شتانەین كە باوانمانی لەسەر بون.. با شەیتانیش بانگیان بكا بۆ سەر ئازاری ئاگر.]لقمان/٢١.

قورئان هەڵوێستی شرك لە ئاست ئەم دو دۆزە زۆر بە وردی لە سورەتی ئەنعام و سورەتی نەحل دا كورتدەكاتەوە:

[سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّى ذَاقُوا بَأْسَنَا: ئەوكەسانەی شەریك بۆ خودا دەناسن، ئێژن: خودا مەیلی لێبا، ئێمە و باب و باپیرانمان، بتپەرستیمان نەدەكرد، هیچ شتیشمان لەخۆمان حەرام نەدەكرد، ئەوەی بەر لەوانیش هەبون، هەر بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا تا ئەوكاتەی كە جەزرەبەی ئێمەیان چەشت..]الانعام/١٤٨.

[وَقَالَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا عَبَدْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ نَحْنُ وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِنْ دُونِهِ مِنْ شَيْءٍ كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَهَلْ عَلَى الرُّسُلِ إِلاَّ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ: ئەوكەسانەی شەریكیان بۆ خوا پەیدا كرد، گوتیان: ئەر خوا مەیلی لێبا، نە ئێمە و نە باب و كاڵمان، غەیرەز خۆی چن نەدەپەرست، هیچمان بێ فەرمانی ئەومان بە ناڕەوا نەدەزانی.. ڕابردوەكانی ئەوانەش هەر ولۆ بون. پێغەمبەران جگە لە ڕاگەیاندنی بە ئاشكرا، چی دیكەیان لەسەر هەیە؟]النحل/٣٥.

شرك-لە وێنە بیروباوەڕیەكەی- لە بیروباوەڕ بەبوونی پەرستراوی دیكە بێجگە لە خودا ڕەنگدەداتەوە، لە وێنە كرداریەكەشی لە ڕوكردنە غەیری خوا بۆ پەرستن و حەرامكردن و حەڵاڵكردن بێجگە لە خودا ڕەنگ دەداتەوە.

هەر لەبەر ئەمەش بو مشریكانی عەرەب ڕازی نەبون واژەی (لا الە الا اللّٰه) بڵێن.

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە ئەم هەڵوێستە-هەڵوێستی ڕەتکردنەوەو بەربەست کردن- تەنیا تایبەت نەبو بە جاهیلیەتی عارەبی، بەڵکو مەسەلەیەك بو لە هەمو ئەو نەفامیانەی پێشوتریش دا هەبو هەردو ئایەتەکەی سورەتی ئەنعام و سورەتی نەحل کە پێشتر یادمان کردن ئاماژە بە هەندێ دەکەن:

[كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ]

[كَذَلِكَ فَعَلَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ]

هەروەها تێکڕای بەسەرهاتەکانی پێغەمبەران ئاماژە بەو حەقیقەتە مێژوویە دەکەن. لە هەر جاهیلیەتێکی کە پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوان کرابێ دەبینین (خاوەن پایەکان: الملأ) خێرا تەگەرە لەبەردەم پێغەمبەرەکە دادەنێن و بە درۆی دەخەنەوەو هەوڵ دەدەن لە بانگەوازەکەی پەژیوانی کەنەوەو، (جەماوەر)ی بێتێنکراویش دەبینین بەدوای گەورەکانی خۆی دەکەوێ-بڕێکی کەمیان نەبێ- و بەربەست دەخەنە ڕێگەکە.

واش دەبێ جەماوەر رازی نابێ واز لەو زۆر خواپەرستنە بێنێ کە پێی ڕاهاتووە، چونکە جەماوەر-لە جاهیلیەتەکەیدا- پتر بە جیهانی هەستەوە نوساون، جا ئەم پەرستراوە هەستپێکراوە نێزیکانە لاڕێبونە نەفامانەکانی تێر دەکا و جا هەرکاتێك بینی یا دەستی لێدا یا ی قوربانی و یان دروشمەکانی پەرستنی پێشکەش کرد وایلێدەکا هەست بکا بەشێوەیەکی ماددی بەرهەست لە خواوەندەکانی نێزیکە!

پایەدارانیش-کە خۆیان لە جەماوەر بە ڕۆشنبیرتر و بەرزتر دادەنێن- هێندە مەسەلەی خواوەندە داهێزراوەکان نایانجوڵێنێ بۆ شەری ئەو

پێغەمبەرەی بۆیان رەوانکراوە، هێندەی مەسەلەی (دەسەڵات) دەیانجولێنێ!

ملکەچییان بۆ ئەم پەرستراوانە زیاتر شێوەییە لەوەی راستەقینە بێ! داکۆکیشیان لەو پەرستراوانە-هەرچەند گەرمیش بێ- لە بیروباوەڕبوون بە خواوەندایەتیان هەڵناقوڵێ هێندەی لەوە هەڵدەقوڵێ کە ئەو پەرستراوانە ئامرازێکن بەناوی ئەوانەوە جەماوەر دەکرێنە کۆیلە، دەسەڵاتێکی پیرۆزی هەڵێنجراو لە پیرۆزی ئەو پەرستراوانە لە دڵی جەماوەردا بۆ خۆیان دروست دەکەن!

بەڵام دۆزە راستەقینەکە بەگوێرەی ئەوان دۆزی حاکمیەتە: کێ حوکمێ ئەم جەماوەرە دەکا؟ ئەوان؟ یا خودا-پاکی و بەرزی بۆ وی- لە رێگەی فەرمانڕەوایی شەریعەتەوە؟

ئەمە ئەو دۆزە راستەقینەیە کە لە هەمو جاهیلیەتێکدا دەماری (پایەداران) دەگرێ تا دژی بانگەوازی (لا اله الا الله) بجەنگێن.

دەسەڵات لەدەستی ئەواندا نیە، دەسەڵاتی یاسادانان کە جەماوەری پێ بەڕێوەدەبەن-وپێ زەبونیان دەکەن- لە بنچینەدا دەسەڵاتی ئەوان نیە، بەڵکو مافی وەدیهێنەری بژێویدەری بەهرەبەخشی خاوەن فەزڵە، کە وەدیهێناوە، پاشان بژێوی داوەو بەهرە و فەزڵی بەخشیوە، بۆیە هەر تەنیا مافی خۆیەتی کە حەڵاڵ و حەرام دانێ و، رێگەبدا و قەدەغەبکا و، لەو بترازێ کەسێکی دی مافی یاسادانانی-حەڵاڵ و حەرامکردن- نیە، تەنیا ئەگەر وەکو خوا وەدیهێنەربێ و وەکو خوا بژێویدەر بێ و، وەکو خوا بەهرەبەخش و خاوەن فەزڵ بێ، خواش:

[لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ:هیچ شتێ وێنەی ئەو نیە.]الشوری/١١.

[أَفَمَنْ يَخْلُقُ كَمَنْ لاَ يَخْلُقُ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ: ئاخۆ کەسێ لە چێکردنێ وەستایە، چلۆن وەك ئەو کەسە وایە، لەو بارە چی لە دەس نایە؟ ئاخۆ ئێوە پەند ناگرن؟]النحل/١٧.

[هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُمْ مِنْ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ: ئاخۆ غەیرەز خودا، وەدیهێنێك هەیە کە لە ئەزمان و زەوینا بژێوی ئێوە دابین کا؟ بە غەیرەز خۆی هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ، چلۆن لەرێ کلا دەکرێن.]فاگر/٣.

بەلام (پایەداران) خۆیان لەم راستیە نەفام دەکەن و، لە بەرامبەر بناغە (بیروباوەڕیەکان) و داخوازیەکردایەکان خۆ گێل دەکەن، کاتێك لە دەسەلاتدا دەبنە کەڵەگا-جا بە دیکتاتۆریەتی راشکاو حوکم بکەن یا لە پەناپەردەوە هەروەك حاڵی (دیموکراسی) [١]، چ حەز و ئارەزوەکانی جەماوەر تێرکەن یا تەنیا حەز و ئارەزوەکانی خۆیان [٢] و، بەردەوام رەگی دەسەلاتیان بە (سیستەمەکانی) حوکم و (دەستور)ە عورفی یان نوسراوەکان دادەکوتن، کە مافی حەلاڵ و حەرامکردن و، رێگەپێدان و قەدەغەکردنیان دەداتە دەست..

تاکو ئەگەر پێغەمبەرێك لەلایەن خوداوە هات و گوتی (لا الە الا اللە)، [اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ: خوا بپەرستن چونکە غەیری ئەو چ خواوەندێکی دیکەتان نیە] تەواوی هەڵوێستەکە دەگۆڕێ!

---

[١] . ئەگەر دەتەوێ بڕوانە بەندی (دیموکراسی) لە کتێبی (مذاهب فكرية معاصرة)، لەوێ روونمان کردۆتەوە چۆن سەرمایەداری بەناوی دیموکراسی حوکم دەکا و بە چ شێوەیەك لە هەمو بەرژەوەندیەکانی خۆی وەهەدیدێنێ و گەلیش وا تێدەگا هەر بەخۆی سەرچاوەی دەسەلاتە.

[٢] . بەتایبەتی لە دیموکراسیدا گەلێك ئارەزوی دابەزیوی جەماوەر، وەکو بەشێك بەشێك لە گەمە گەورەکە تێردەکرێ، بۆ رەتکردنی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری فەرمانڕەواو خەڵەتاندنی جەماوەر بەوەی کە بەخۆی خحاوەن دەسەلاتە!

ڕەنگە پایەداران لەنێو خۆیاندا لەسەر ئەوە ناکۆك بن کە کێ (دەسەڵات) بگرێتە دەست و جەماوەر بکاتە کۆیلە. یا ڕەنگە لەنێوان خۆیان و جەماوەردا ناکۆك بن-هەوەك لە دیموکراسیدا رویدا- لەسەر ئەوەی چ بڕە دەسەڵاتێك لەدەست خۆیان دەهێڵنەوەو چ بڕێك بۆ کەل و پارچەیەك بەردەدەنەوە تا جەماوەر پێی بخافڵێ، بەڵام کاتێك پێغەمبەرێك دێ و دەڵێ: (لا الە الا اللە) خوا بپەرستن چونکە غەیری ئەو چ خواوەندێکی دیکەتان نیە، ئەوات کرۆکی مەسەلەکە دەگۆڕێ و.. دەبێتە مەسەلەیەك هەر لە بنەڕەتدا دەسەڵات لەنێو دەستی پایەداران و تەنانەت لە دەست هەموو مرۆڤانیش دەردێنێ و، بۆ خودای خاوەن دەسەڵات دەیگێڕێتەوە، کە خاوەنی مافی قەدەغەکردن و ڕێپێدانە و، حەڵاڵکردن و حەرامکردنە!

هەربۆیە (پایەداران) چەندین قاتی ڕاچڵەکانیان لە ڕکابەرانی دەسەڵاتی سەر زەویان، لە بانگەوازی (لا الە الا اللە) دادەچڵەکێن و، هەمو هێز و وزەی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ جەنگی ئەم بانگەوازە و، هەمان جەماوەریش دەکەنە یەکێك لەو کەرەستانەی کە بۆ ئەم جەنگە بەکاریان دێنن، هەندێ جار بە ساختەکاری حەقیقەتەکان و، جارێکیش بە تیرۆر و تۆقاندن!

[وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَنْ يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ: فیرعەون وتی: لێم گەڕێن موسا بکوژم، با ئەو هاوار بۆ پەروەرندەی خۆی بەرێ، من دەترسم دینەکەتان بگۆڕێت و پشێوێنی لەم زەمینە بنێتەوە.]غافر/٢٦.

[ثُمَّ بَعَثْنَا مِنْ بَعْدِهِمْ مُوسَى وَهَارُونَ إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ بِآيَاتِنَا فَاسْتَكْبَرُوا وَكَانُوا قَوْمًا مُجْرِمِينَ، فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِنْدِنَا قَالُوا إِنَّ هَذَا لَسِحْرٌ مُبِينٌ، قَالَ مُوسَى أَتَقُولُونَ لِلْحَقِّ لَمَّا جَاءَكُمْ أَسِحْرٌ هَذَا وَلَا يُفْلِحُ

السَّـاحِرُونَ، قَـالُوا أَجِئْتَنَـا لِتَلْفِتَنَـا عَمَّـا وَجَـدْنَا عَلَيْـهِ آبَاءَنَـا وَتَكُـونَ لَكُمَـا الْكِبْرِيَاءُ فِي الأَرْضِ وَمَا نَحْنُ لَكُمَا بِمُؤْمِنِينَ: لـەپاش ئەوە موسا و هارونمان بـەڕێكـرد، وێـڕای نیشـانانی خۆمـان، بـۆ فیرعـەون و سـەرزلەكانی دیـوانی. خۆیـان گـەلێك بـە زل زانـی و تاوانكـار بـون، كـاتێ ڕاسـتیان لـەلای ئێمـەوە پێگەیشـت، گوتیـان: ئەمە هەر بە ئاشكرا جادوە.. موسا گوتی: وەختێ ئەم ڕاستەو پێگەیوە، ئاخۆ بەمە ئێژن جادو؟ كە جادوگەر ڕزگار نابن.. گوتیان: ئاخۆ هەر بۆ ئەوە هاتیە لامان، كە لەوانەی باب و كاڵمان لەسەری بون، وەرمان گێڕی و ئاغایـەتی ئـەم زەمینـە بـۆ ئێـوە بێ؟ بـەڵام ئێمـە بـاوەڕیمـان پێتان نیە.]یونس/٧٥-٧٨.

[فَاسْـتَخَفَّ قَوْمَـهُ فَأَطَـاعُوهُ إِنَّهُـمْ كَـانُوا قَوْمًـا فَاسِـقِينَ: زانـی كـاری ژێردەسـتەكانی سـقكە، گشـت بـە فـەرمانی ئـەویان كـرد، ئـەو هۆزێـك بـون لەڕێلادەر.]الزخرف/٥٤.

له مەككەشدا دۆزەكە هەمان ئەم دۆزە بو.. قوڕەیشیش ئەو (پایەدارانە) بـون كـە بـە بەرهـەڵسـتی و جـەنگ بـەرەنگاری بانگەوازەكـە دەبونـەوەو، لەڕاسـتیدا شـەڕەكە شـەڕی نێوان قـوڕەیش و موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نـەبو، بـەڵكـو شـەڕی نێـوان ئـەوان و ئـەو (بانگـەواز)ـە بـو كـە موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵی گرتبو:

[فَـإِنَّهُمْ لاَ يُكَـذِّبُونَكَ وَلَكِـنَّ الظَّـالِمِينَ بِآيَـاتِ اللَّهِ يَجْحَـدُونَ: خـۆ ئەوانـە تـۆ وەدرۆ ناخەنـەوە، لەڕاسـتیدا ئـەو ناهەقیكارانـە لـە نیشـانەكانی خودایـە حاشا دەكەن.]الأنعام/٣٣.

لە ترۆپکی کێشەکەدا قورەیش پەیکێکی ناردە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا سەرپشکی‌کەن لە موڵك و ماڵ و هەمو خۆشیەکانی دنیا بە مەرجێك واز لەو بانگەوازەی بێنێ جا دژایەتیەکە لەنێوان ئەوان و کەسێتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا نەبوو، بەڵکو دژایەتیەکە لەوەوە سەریهەڵدا کە پێغەمبەر دەستی بە بانگەوازەیەوە گرت و وازی لێنەهێنا و، ئەوانیش نەیاندەتوانی و ئارامیان لەسەر نەدەگرت پاشان هەردەبو لە کۆتایدا بگۆڕێ و ببێتە جەنگی نێوان ئەوان و نوێنەری بانگەوازەکە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

پاشان ویستی خودا وابو بڕواداران بڕوا بە (لا الە الا اللّه) بێنن، جا ئەو نەوەیە ناوازە و بێوێنەی مێژویان لێ پێکهات.. جا دەبێ (لا الە الا اللّه) لە ژیانی ئەواندا چۆن بێ و مەدلولەکەی لەلای ئەوان چی بێ؟!

ئایا هەر تەنیا ئەوەندە بو باوەڕ بکەن خودا-ی پاك و بەرز- یەکە و بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی دیکە لە تێکڕای ئەو گەردونە پانوپۆڕەدا نیە؟ یان تەنیا باوەڕپێکردنی دڵ و دان پێداهێنانی زمان بو؟!

یا شتێکی زۆر لەوە گەورەتر و قوڵتر و سەرتاپاگیرتر لە دەرون و واقیعی ژیانیاندا هەبو؟!

با بڕوانینە راستەقینەی ئەو واقیعە..

عەرەب-هەروەك لە کتێبی (واقعنا المعاصر) ئاماژەمان پێکردوە- پارچەپارچە و پەرتەوازە بون و رێك نەدەکەوتن و کۆنەدەبونەوە، سەرەڕای ئەوەی هەمو فاکتەرەکانی کۆبونەوە لەگۆڕێدا بون، وەك یەکێتی خاك و، یەکێتی ژینگە و، یەکێتی زمان و، یەکێتی بیروباوەڕ و، یەکێتی رۆشنبیری و،

یەکێتی مێژو و.. لەوێوە ئیسلام چنینیەوەو چاکترین نەتەوەی مرۆڤایەتی لێ دەرخستن [خَيْرَ أُمَّهٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ].

لە جەزیرەی عارەبیدا بتەکان تاکە پەرستراو نەبوون هەروەك هەندێك کتێبی مێژوو پێی لەسەر دادەگرن، کە دۆزی (لا اله الا الله) تەنیا بە لابردنی ئەو رەنگە بەرهەست و ملەستورەی شرك ئابلوقە دەدەن. گەندەڵیش هەر لەو چەند گەندەڵیە رەوشتیانەی وەك شەراب و قومار و زینا و زیندەبەچاڵکردنی کچان و تالان و برۆ و جەور و ستەمی کۆمەلایەتی کورت هەڵنەهاتبو، هەروەك کتێبی مێژویی دیکە رکەی لەسەر دەکەن!

بەڵکو (لا اله الا الله) دەرونەکانی لە هەمو شرکێك دەپاراست، شرکیش هەر رەنگێك نەبو بەڵکو چەندین رەنگی جیاجیای هەبوو کە لە کۆتادا لەژێر ئەم دو دۆزە سەرەکیە پەنهان دەبون: زۆر پەرستراوی و شوێنکەوتنی غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوە.

هۆز پەروەردگارێکی پەرستراو بو، هەروەکو شاعیر دەڵێ:

وهل انا من غزيه، إن غوت غويت، وإن ترشد غزيه أرشد !

دابی بابوباپیرانیش پەروەردگارێکی پەرستراو بو:

[وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا: ئەگەر بەوانە بگوترێ: ئەی خودا ناردیە خوارێ ئێوە پەیڕەوی لێبکەن، ئێژن: ئێمە هەر پەیڕەوی ئەو شتانەین کە باوانمانی لەسەر بون..]لقمان/٢١.

هەروەك حەز و ئارەزوش پەروەردگاری پەرستراو بون:

ألا أبهذا الزاجری أحضر الوغی وأن أشهد اللذات هل أنت مخلدی؟!

هەروەها قوڕەیش و هۆزە گەورەكانی دیكە پەروەردگار بوون و چیان بویستبا بۆ عارەبان حەلاڵیان دەكرد و چشیان بویستبا لێیان حەرام دەكردن. هەروەك بتەوانەكانیش وابون:

[إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُحِلُّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ فَيُحِلُّوا مَا حَرَّمَ اللَّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ: ڕاگوێزان و ئاڵوگۆڕی ئەو مانگانە، دەبێتە هۆی زێدەبونی خوانەناسی و خودانەناسەكانی پێ گومڕا دەبن. لە ساڵێكا شەڕ بە ڕەوا دەزانن و لە ساڵێكا بە ناڕەوا، تا ژمارەی مانگە ڕەوا و ناڕەواكان ئەوسا بەرانبەر بێنەوە[1] و لە ئاكاما، ئەوەی خودا ڕەوای نەدیوە، ڕەوای كەن. دیارە شەیتان ئەو كردەوە نالەبارەی بۆ جوان كردون. خوا ئەوانەی دژی دینن، شارەزای ڕاستەڕێ ناكا.]التوبة/٣٧.

[وَجَعَلُوا لِلَّهِ مِمَّا ذَرَأَ مِنْ الْحَرْثِ وَالأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُوا هَذَا لِلَّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَذَا لِشُرَكَائِنَا فَمَا كَانَ لِشُرَكَائِهِمْ فَلاَ يَصِلُ إِلَى اللَّهِ وَمَا كَانَ لِلَّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَى شُرَكَائِهِمْ سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ(١٣٦)وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِنْ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلاَدِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ(١٣٧)وَقَالُوا هَذِهِ أَنْعَامٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لاَ يَطْعَمُهَا إِلاَّ مَنْ نَشَاءُ بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَامٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَامٌ لاَ يَذْكُرُونَ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا افْتِرَاءً عَلَيْهِ سَيَجْزِيهِمْ بِمَا كَانُوا يَفْتَرُونَ(١٣٨)وَقَالُوا مَا فِي بُطُونِ هَذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَى أَزْوَاجِنَا وَإِنْ يَكُنْ مَيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاءُ سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حَكِيمٌ عَلِيمٌ(١٣٩)قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُوا أَوْلاَدَهُمْ

[1]. عەرەب لە جاهیلیەتەكەیاندا بڕوایان بە هەرچوار مانگە حەرامەكان هەبو، كە خودا حەرامی كردون، بەڵام ئەگەر حەزیان لێبا بە ئارەزوی خۆیان لێیان حەلاڵ دەكردن و، لەباتی ئەوان مانگی دیكەیان حەرام دەكرد بەشێوەیەك كە ژمارەی مانگە حەرامەكانی ساڵێك چوار بمابایەوە جا ئەم ئایاتە پیرۆزە ئاماژە بەوە دەكا.

سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُوا مَا رَزَقَهُمُ اللَّهُ افْتِرَاءً عَلَى اللَّهِ قَدْ ضَلُّوا وَمَا كَانُوا مُهْتَدِينَ: لە بەروبوی ئەو كێڵگە و وڵساتەی كە خوا بەدی هێناوە، بەشێكیان بۆ خۆی دانا. جا بە خەیاڵ گوتیان: ئەمە بەشی خوایە و ئەمەش هی بتەكانمانە. خۆ بەهرەی بتەكانیشیان، نەدەكەوتە لای بەهرەی خوا، بەڵام بەهرەی خوا دەچوە لای بتەكانیان! ناشیرین داوەری دەكەن.. بتەواتانی شەریك دانەر بۆ خودا، وایانكرد كە زۆرێك لە هاوبیرەكانیان كوشتنی فرزندەی خۆیان بەلاوە جوان و رەوابێ، تاكو لە بەینیان ببەنو دینەكەیان لێ تێكەڵ و پێكەڵ بكەن. ئەگەر خودا كەیفی لێبا، ئەوان ئاوایان نەدەكرد. لێیان گەڕێ هەر بوختانێ دەیكەن بیكەن. هەر بە خەیاڵ دەیانگۆت كە: ئەم ماڵات و كێڵگە قاخەن. بێ ئیزنی مە هیچكەس نابێ تامیان بكا، ئەم ماڵاتەش كەس نابێ سواری پشتیان بێ. هێندێك ماڵاتیان هەیە، لە وەختی سەرژێ كردندا ناوی خوای لەسەر ناهێنن و درۆ بەدەم خواوە دەكەن. خودا لەسەر ئەو درۆ هەڵبەستنەیان توشی جەزرەبەیان دەكا.. دەیانگوتكە: چی لە پزدانی ئەو ئاژەڵانەدایە، بۆ نێرینەی فرزندەی ئێمە رەوایە و بۆ ژنانمان نارەوایە! ئەگەر مرداره‌وەبوش بێ، هەموان تێدا شەریك دەبن. بەم زوانە خوا سزای ئەم قسانەیان دەداتەوە. خودا هەر خۆی لە كارزان و زۆردانایە.. ئەو كەسانە-وا لەبەر گەوجی و نەزانی- فرزەندانی خۆیانیان كوشت، زیانباربون و بە بوختانكردن بۆ خوا، ئەو بژێوەی كە پێدابون، حەرامیان كرد، دیارە رێیان لێ تێك چوەو شارەزا نین.]الأنعام/١٣٦-١٤١.

جا قورئان بانگەواز بە (لا الە الا الله) دەكات پاڵاوتنی دەروون و دڵ و هەست و رەفتاران لەم هەمو رەنگە شریكە-لەصاڵ بت پەرستی- بە یەك

پلەی بایەخ و گرنگی پێدان، جیهادی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەككە روبەروی هەمو ئەو جۆرانە بو بە فەرمانی خودا و ئاراستەكردنی بۆ پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

ئەگەرچی دۆزی زیندوكردنەوەو لێپێچانەوەش كەلێنێكی گەورەی لە وتاری قورئان بۆ مشركانی مەكە داگرتبو، لەبەر ئەوە بو كە خوای گەورە دەیزانی بڕوا بە ڕۆژی دوایی چ كاریگەریەكی لە بنەبڕكردنی هەمو جۆرەكانی شرك و هەمو شونەكانی لە دڵاندا هەیە، چونكە ئەگەر ئەوان بڕوایەكی بڕەڕیان بەوە نەبوایە كە پاش مردن زیندو دەكرێنەوەو، لەسەر شركەكەیان موحاسەبە دەكرێن، وازیان لە شركەكەیان نەدەهێنا و دەسبەردار نەدەبون، جا شركەكە شركی بت پەرستن بایە یا شركی شوێنكەوتن.

❖ ❖ ❖

كاتێكیش دەرونی بڕواداران بە (لا الـه الا الله) لە ئەو ڕەنگە شركانە پاك بۆوە، گۆڕانكاریەكی مەزن لە دەرونیاندا وریدا.. كە بە لەدایك بونێكی تازە دەچو. تەنیا باوەڕپێكردن نەبو، تەنیا دان پێدا هێنانیش نەبو..

بەڵكو-هەروەكو لە كتێبی دیكەشدا باسمان كردوە- بە دووبارە ڕێكخستنەوەی گەردیلەكانی دەرونیان بە بارێكی نوێ، هەروەك گەردیلەكانی پارچەئاسنێك دوبارە ڕێكدەخرێتەوەو دەبێتە وزەیەكی كارۆموگناتیسی.

ڕێنوێن بوون بۆ حەق كاریگەریەكی زۆ مەزنی لە هەمو لایەنەكانی ژیانیاندا هەبووە.. هەر تازە هەموو پەروەردگارە ساختەكانی وەلا نابوو كە دڵ و گیان و ڕەفتاری داگرتبون و لە یەك پەرستن بترازێ كە بۆ خودای تەنیا و بێهاوەڵە چیدی دڵ و گیانیان بەشتی دیكە خەریك نەبو..

لەگەڵ گلانی پەروەرگارە ساختەکان هەموو ئەو دابانەش کەوتنە خوار کە پێیانەوە پەیوەست بوون، لەگەڵ هەموو ئەو بایەخانەی کە دەوریان تەنیبوون..

چیدی نە هۆز و، نەدابی بابوباپیران و، نە نەریتە کەلەپوریەکان لە هەستی ئەوان بارستایی باڵی پێشولەیەکی نەما و چیدی فشاری نەخستە سەر رەفتار و هەستیان.. چیدیکەش پەیوەندیەکانی خوێن و پەیوەندیەکانی (بەرژەوەندی) نەبونە هۆکاری کۆکردنەوەو لێك جودابونەوەیان..

بەڵکو دنیا سەرتاپای-بەهەمو تێکئالاَن و پێوەندەکانی- چیدی نەبوە تاکە خەم و خافڵێنەریان هەروەك پێش بڕواهێنانیان بە (لا الە الا اللّٰه) وابو، (بەهاکان) یش ئەوانە نەمان کە دونیا بە دابڕاوی لە رۆژی دوایی بڕیاری لەسەر دەدان!

(لا الە الا اللّٰه) بوە کلیلی کۆبوونەوەو لێکدابڕان.. بوە ئەو پێوەندەی کە ئەو دڵانەی دەبەستەوە کە باوەڕیان پێهێنابوو و، لەگەڵ دڵانی دیکە جیای دەکردنەوە، هەروەها بو بەو کۆبونەوە نوێیەی کە لەناخی دەرونیاندا جێگای هەمو کۆبونەوەکانی دیکەی گرتبۆوە، ئەمەش هەموی لە (لا الە الا اللّٰه) هەڵدەقولاَ و، بە دەوری (لا الە الا اللّٰه) دەخولایەوە و ، تێکڕای هەبوونی تازەی خۆی لە (لا الە الا اللّٰه) هەڵدەهێنجا:

ئینجا ئەو پێغەمبەرەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بۆ (لا الە الا اللّٰه) رێنوێنی کردبوون و، ئەو پەیامەی لە خواوە بۆیان هاتبو لە زاتی وی دەرکەوتبوو-لەماڵی ئەرقەم دەیدیتن تا مەزنترین کارێك ئەنجام بدا کە بە درێژایی هەموو مێژوی مرۆڤایەتی تاکە مرۆڤێك ئەنجامی دابێ، کە بریتی بوو لە

پەروەردەكردنی ئەو نەوە ناوازەیە بو بەپێی داخوازیەكانی (لا الە الا اللّٰە) و، رەوشتەكانی (لا الە الا اللّٰە)..

جا لە میانەی ئەم پەروەردە بێوێنەیەی كە بەپێی داخوازیەكانی (لا الە الا اللّٰە) و رەوشتەكانی (لا الە الا اللّٰە) و، لەسەر دەستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بو، چاكترین ئوممەتی مێژو دەركەوت.

خەڵكێكی زۆر وا خەیاڵ دەكەن كە (لا الە الا اللّٰە) بە هەمو داخوازیەكانیەوە داواكراو بوو و، بە هەموو كاریگەریەكانی كاری لەو نەوە ناوازەیە كردبو چونكە ئەوان-پێشتر- مشرك بون!! بەڵام ئەگەر لە بارێكی تردا بوونا ئەوا تەنیا باوەڕپێكردن و دان پێداهێنانیان لێ داوا دەكرا!!

ئەوە ئەو تاوانە هەرە گەورەیە بو كە هزری ئیرجائی لە دژ ئوممەتی ئیسلامی ئەنجامی دا، هەر ئەویش بو-لەگەڵ هەندێك فاكتەری تر- وردەوردە خەریكی خاڵیكردنی (لا الە الا اللّٰە) لە ناوەڕۆكە راستەقینەكەی و لەدواییدا كردیانە واژەیەكی بەتاڵی بێگیان.

بەر لەوەی گفتوگۆی ئەم خەیاڵە بكەین، دەمانەوێ-كەمێك- وێنەی (لا الە الا اللّٰە) لەگەڵ بڕوادارانی مەدینە بخەینە ڕو.

باسوخواسی (لا الە الا اللّٰە)-هەروەك لە پێشتر باسمان كرد- لە مەدینەش بە بڕایەوە، چونكە ئەمە باسێك نەبو لەسەرەتای ڕێگەكەدا بێتە بەرباس و پاشان بۆ بابەتێكی دیكە بگوازێتەوە، بەڵكو لەسەرەتا دای رێگەكەدا باسدەكرا و ئەوجا لە بابەتێكە بۆ یەكێكی دیكە لەگەڵی دەیگوازتەوە.

با چەند نمونەیەك لە سورەتە مەدینەییەكان وەربگرین كە ئەم مەسەلەیە روون دەكەنەوە.

سورەتی بەقەرە كە گەلێك بابەتی جیاجیای تۆژیوەتەوە كە دەستی پێ بە رێكخستنی ژیانی بڕواداران كرد لە كۆمەڵگەی نوێ پاش دامەزرانی

دەوڵەت، لە سەرەتادا بە وەسف ئەو بڕوادارانە دەست پێ دەکات کە بیروباوەڕێکی راستیان وەرگرت و بە وێنەیەکی راست چەسپا، پاشان ئەو پەرستنانەی لەسەریان فەرزکرابو ئەنجامیان دا:

[الم(١)ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِلْمُتَّقِينَ(٢)الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ(٣)وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ(٤)أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِنْ رَبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ: ئەلیف، لام، میم.. ئەم کتێبە هیچ گومانی تێدا نیە، بۆ ئەوانەی پارێزکارن، رێنشاندەرە.. ئەو کەسانەی بڕوایان بە نەدیار هەیە و نوێژ دەکەن و لەو بژێوەش کە پێمان داون دەبەخشن.. ئەوانەش کە بەو کتێبەی لەمەڕا بۆ تۆ هاتوە و بەوانەش بۆ پێغەمبەرانی بەر لەتۆ بەرێکراوە، بە بڕوان و لەهاتنی رۆژی پەسلانێ گومانێکیان نیە.. ئەوانە پەروەرندەیان رێبەریانە و دیارە گرۆی رزگارانن.]البقرة/١-٥.

جا چ بەو (بڕوادارە) (پارێزکار) (سەرکەوتوانە) دەگوترێ کە نەك تەنیا مەجی باوەڕپێکردن و دان پێدانانیان لێهاتبوە دی، بەڵکو نوێژکردن و زەکات دانیشیان بۆ زێدەکرد کە بریتی بوون لەو دوو پەرستنەی لەوکاتی لەسەریان فەرز کرابوون؟

ئایا پێیان دەگوترا: بەستانە! ئەوەندەتان وەدەستهێنا کە لێتان داواکرابو و بەهەشتتان بۆ خۆتان دابینکرد.. یا پێیان دەگوترا: خودا لەسەرتانی فەرزکرروەو، لەسەرتانی فەرز کردوەو لەسەرتانی فەرزکردوە.. ئەمەش بەشێوازی ئەرکبارکردن نەك بە شێوازی سەرپشك کردن؟

هەروەها پێیان دەگوترا، تا بە یەقینەوە بزانن کە حەقیقەتی بڕوا تەنیا بە باوەڕپێکردن و دان پێداهێنان نایەتە ئارا، بەڵکو بە کار و کردەوەی وا وەدی دێ کە بەڵگەی بڕواهێنان بن.

[لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُتَّقُونَ: کاری چاك هەر ئەوە نیە رو دە رۆژهەڵاتێ بکەن یان رۆژاوا، چاك ئەمەیە باوەڕیتان بە خوا و بەرۆژی سەڵایە و بە فریشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خودا هەبێ و لەو سامانەی-هەر چەند زۆریشو خۆش دەوێ- بەشێ بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێونگان و پارسەکان و عەبدانی پێ بکڕنەوەو نوێژبکەن و زەکات بدەن، هەرگاش پەیمانێك دەبەستن نەیشکێنن، لە نەداری و گرفتاری و تەنگانەدا خۆڕاگر بن. مرۆە بەڕاستی ئەوانەن و دیارە لەخودا دەترسن.]البقرة/١٧٧.

سورەتی ئالی عیمرانیش کە سەرتاپای بە دۆزی (لا الە الا الله) خەریکە و، بەم ئایەتانە دەست پێدەکات کە باوەڕەوە پەیوەستن:

[الم(١)اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ(٢)نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنْزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنْجِيلَ(٣)مِنْ قَبْلُ هُدًى لِلنَّاسِ وَأَنْزَلَ الْفُرْقَانَ: ئەلیف، لام، میم.. غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ، هەر زیندووە بەسەر هەمو شت ڕا دەگا. ئەم کتێبەی-بەڕاست- کە بۆ تۆ ناردوە، باوەڕ بەو کتێبانەش دەکا کە بەر لەوی لە خواوە بەڕێ کراون، تەورات و

ئینجیلیشی لەبەرا هەنارد.. تا ڕێنیشاندەر بن بۆ خەڵك. فورقانیشی-لەوەودوا- نارد...]ال عمران/١-٤.

ئەم سورەتە بەشێوازێکی روون و یەکلاکەرەوە بنچینەکانی باوەڕ بڕیاردەدا، لەپاڵ ئەویشدا بڕیاری داخوازیەکانی دەدا، لەنێوان داخوازیەکانیش مەسەلەی کوشتار بەرجەستە دەبێ بۆ بڕیاردانی ئەم حەقە لەسەر زەویدا، بەتایبەتیش باس لەو وانە پەروەردەییە مەزنە دەکات:

[إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُولِي الأَلْبَابِ(١٩٠)الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ(١٩١) رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ(١٩٢)رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ(١٩٣)رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلاَ تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الْمِيعَادَ(١٩٤)فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ: لە ئافراندنی ئاسمانان و لە زەمیندا و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژان، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خێوی دڵی وشیارن.. ئەوانەی-چ بە وێستاوی و چ لە جێوە، بە دانیشتن، چ اەسەر تەنیشت رادەزێن- هەر یادی خوا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زەمینە رادەمێنن، دەڵێن ئەی پەروەرندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فیڕۆ سازنەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە، هەر بۆ

خۆشت لە ئازاری بەئاگرمان بپارێزە.. پەروەرێنمان! هەرکەس تۆ بیخەیتە ئاگر، توشی شورەییت کردوە. ئەوانەی ناهەقیارن، هیچ کەس دەهانایان نایە.. پەروەرێنمان! ئێمە بیستمان بانگ رایەڵێك بانگی دەکرد کە باوەڕی بە پەروەرندەتان بێنن، ئێمەش باوەڕمان هێنا، سا بۆ خۆت ئەی پەروەرێنمان! لە گوناهانمان خۆش ببە و هەر خراپەی کردومانە، وەیکوژێنەوەو دەگەڵ ئەوانەی پیاوچاکان بن مرێنە.. پەروەرێنمان! ئەو شتانەش بەئێمە رەوا ببینە کە لە زوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە، شەرمەزاری رۆژی قیامەتمان مەکە. تۆ لە هەرپەیمانێ بیدەیت لاریت نیە.. پەروەرێنیان ئاوا بە دەنگیانەوە هات، کە: من کردەی هیچ مرۆیەك- لەنێر و مێ- بەبێ پاداش ناهێڵمەوە، گشتو لەلای من چون یەکن. ئەو کەسانەی لە زێدی خۆ دەرکراون و لەڕای من ئازاریان دیوە و چونە خەزا و دژی منیان کوشتبێ یان بە کوشت چوبن، بێگومانە گوناهیان دەکوژێنمەوە و لە پاداشتی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێك جۆباریان بەبەردا دەڕوا، کە ئەمە چاکەی خودایە دەربارەیان، کە پاداشی هەرە باشیش وا لای خوایە.]ال عمران/١٩٠-١٩٥.

جا ئەو بڕواداره راستگۆیانەی کە بە پێوەو بە دانیشتویی و بە پاڵکەوتویی یادی خودا دەکەن و-یادی خوداش کردەوەی ئەندامەکانە لە پاڵ ئەوەی کە کردەوەی دڵە- بیر لە وەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوەو، جا بۆ ئەوە رێنوێن دەبن کە بە ناڕەوا وەدینەهێنراون، بەڵکو بە حەق خوڵقێنراون. حەقیش ئەوە دەخوازێ کە خەڵك لەبارەی ئەو کردەوانە لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکرێ کە لە ژیانی دنیادا ئەنجامیانداوە، بۆیە هەر دەبێ زیندوبونەوەو لێپرسینەوەو پاداش و سزا هەبێ، جا لە خوا دەپاڕێنەوە کە لە ئاگر بیانپارێزێ و بیانباتە بەهەشت و، پاکانەی داخوازیەکانیش دەخەنە

ڕو كە: تەنیا بە بیستنی بانگی ئەو بانگخوازەی بۆ بڕواهێنان بانگەوازی دەكرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڕوایان هێناوە.. ئەو بڕوادارانەی كە ئەمە حاڵەت و ئەمانەش سیفەتیان بێ هەواڵیان پێدەدرێ كە خودا وەڵامی داونەتەوە.. جا دەبێ خودای پاك وەڵامی چی دابنەوە؟ وەڵامی باوەڕپێكردن و دان پێدانان؟ وەڵامی بیرلێكردنەوەو تێڕامان؟ وەڵامی یاداوەری بەردەوامی نەپچڕاو؟ وەڵامی جۆشی گەرمی دڵ بۆ پارێزران لە ئاگر و چوونە بەهەشت؟ یا هی شتێكی دیكە لەپاش ئەم هەموە، كە لە (داخوازیەكانی هەموو ئەو شتانەیە؟!

[فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لاَ أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ: پەروەرێنیان ئاوا بە دەنگیانەوە هات، كە: من كردەی هیچ مرۆیەك-لەنێر و مێ- بەبێ پاداش ناهێڵمەوە].

ئاراستەكردنە پەروەردەییەكەش ئاشكرایە.. داواكراو ئەوەیە كە بیرلێكردنەوەو تێڕامان و یاداوەری بینە كردەوە، خودای بەرزیش هەر وەڵامی ئەمە دەداتەوە، كاتێك سورەتەكەش هەر بە مەسەلی جیهاد خەریكە بۆ چەسپاندنی حەق لەروی زەویدا، ئایەتەكە چەند جۆرە كردەوەیەك بەرجەستە دەكات كە لەگەڵ ئاهەنگە(سیاق) كەدا ڕێكدەكەون، باسی ئەوانەی فەرمووە كە لە پێناو خوادا كۆچیان كردووەو، ئەوانەی لەپێناو خوادا لە وڵاتی خۆیان دەكراون و، ئەوانەی لەپێناو خوا ئازار و ئەشكەنجە دراون و، ئەوانەی لەپێناو خوادا كوژراون، بۆیە نا كە

ئەمانـــە تاکـــە کـــردەوەی داواکـــراون، بـــەڵکـــو لەبـــەر ئـــەوەی لەگـــەڵ ئاهەنگەکەدا کۆك و گونجاون.[1]

هەروەها سورەتی (نیسا) کە ئەو ئایەتەی تێدا هاتوە کە بڕواداران (الَّذِينَ آمَنُوا) دەدوێنێ و داوایان لێدەکا کە بڕوا بێنن، تەنانەت داوایان لێدەکا بڕوا بە هەمان ئەو شتانە بێنن کە بەخۆیان باوەڕیان پێ هەبوو-هەروەکو پێشتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد- بەگـەلی بـڕواداران نـاڵێ ئێـوە ئەگـەر ئـەو بڕوایـە داواکراوەتان هێنا و تەنانەت لەدڵدا چەسپاندتان و پارێزگاریتان لێکرد و چاوتان لێبو و، دڵ و ویژدانەکانتانی پێ پڕ بۆوەو، باوەڕتان پێکرد و دانتان پێدا هێنا، لەپاش ئەوە چیدیکەتان لەسەر نیە، ئەگەر رەفتاری واقیعی و هەڵسوکەوتی کرداریتان بەپێی حەز و ئارەزوەکانتان بێ، یا بەو جۆرەی کە دابونەریتەکانتان بڕیارتان بۆ دەدەن.. بەڵکو تەنیا مەسەلەی میراتتان بەسەردا فەرز دەکا و رونکردنەوەکەی بەوە کۆتایی پێدێنێ کە دەفەرموێ:

[تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ(١٣)وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ: ئەو دەستورانە سنوورن خوا دایناوە، هەرکەسێکی بە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بێ، دەینێرێتە ناو باغاتێك جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیادەبن و لەوپەڕی بەختەوەریدان.. هەرکەسێکیش لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی دەرچێ و سنوری خوا بەهیچ بگرێ، دەیخاتە دوزِ ئاگرەوەو هەتا سەر هەر لەوێ دەبێ و بەوپەڕی سوکایەتیەوە ئازار دەدرێ.] النساء/١٣-١٤.

[1]. لە کتێبی (دراسات قرانیە)دا لە رانوواندنی سورەتی (ال عمران)دا ئاماژەم بەم مانایە کردوە.

هەروەها بەرەو هەندێك ئاراستەكردنی دیاریكراویان دەبا تا پەیوەندیە خێزانیەكان و پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانیان لەسەر بنیات بنێت و، ئەو سەرچاوەیان بۆ دەستنیشاندەكا كە لەم هەمو مەسەلانەدا بگەڕێنەوە سەریان:

[يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و كاربەدەستانی خۆتان بن، هەركاتێكیش لەسەر شتێك لەنێوخۆدا پێك نەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خودا و بە رۆژێ قیامەی هەیە، كێشەی خۆتان حەواڵەی خوا و پێغەمبەری خوا بكەن.]النساو/٥٩.

بەم شێوەیە گێڕانەوەی كاروبارەكان بۆ لای خودا و پێغەمبەر و، ژیان برندە سەر بەپێی فەرمانەكانی خودا و پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بڕواهێنان بە خودا و رۆژی دوایی دەبەستێتەوە دەیانكاتە مەرجی بڕوا: [إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ: ئەگەر بڕواتان بە خودا و بە رۆژێ قیامەی هەیە.]

پاشان پێیان رادەگەیەنێ كە پێغەمبەرەكانی خۆی تەنیا بۆ بانگەواز و پێڕاگەیاندن نەناردوە، تاكو كەسانێك هەڵكەون بڵێن: وا پەیامەكەم پێڕاگەیشت و زانین و، باوەڕم پێكرد و دانم پێداهێنا.. بەڵكو بۆ ئەوەی هەناردون تا گوێڕایەڵی بكرێن:

[وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ: هەركەسێكمان بە پێغەمبەری نەناردوە، بۆیە بوە كە بە ئیزنی خوا فەرمانی قبوڵ كەن.]النساء/٦٤.

ئەوجا فێریان دەكات-پاش رونكردنەوەی حوكم و فەرمان و بەرهەڵستی و ئاراستەكردنەكانی كە لەسەر (گەلی بڕواداران)ی‌دا فەرزكردوە- كە بڕوا بە خۆزگە نیە، بەڵكو بریتیە لە بەڕاستدانانێكی واقیعی بۆ ئیمان لەشێوەی كردەوەیەكی هەستپێكراودا:

[لَيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلاَ أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلاَ يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا(١٢٣)وَمَنْ يَعْمَلْ مِنْ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا: نە بە ئاواتی ئێوەیە و نە بە هەوا و ئارەزوی ئەو كەسانەیە بە ئەهلی كتێب حەسێبن، هەر مرۆیەك كارێكی نالەبار بكا، بەو كارەی خۆی جزیا دەدرێ و جگە لەخوا هیچ كەسی بۆ پەیدا نابێ دۆستی بێ و دەهاواری بێ. هەر مرۆیەك-نێر بێ یان مێ- هەر هێندە خاوەن باوەڕ و ئاكار چاك بێ، دەچنە بەهەشتەوە و بە ئەندازەی تلێشی وردیلەی ناوكە خورمایەكیش ناهەقیان لێ ناكرێ.]النساء/١٢٣-١٢٤.

هەروەها سورەتی (مائیدە) كە بانگەوازی كامڵ بونی (ئاین) و تەواوبونی بەهرە كراوە:

[الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمْ الإِسْلاَمَ دِينًا: وا لەمڕۆوە دینەكەتانم تەواو كرد و بەبێ كورتی و كەمایەسی چاكەم دەربارەی ئێوە كرد، ئیسلامیشم بە دینی ئێوە هەڵبژارد.]المائدة/٣.

ئەم سورەتە سەرتاپای رونكردنەوەی ئەو شتانەیە كە خوا حەڵاڵی كردون لەگەڵ ئەوانەی حەرامی كردون، جا چ خواردن چ خواردنەوە چ ئاڵووێری و چ ئەحكام بێت، هەمو سورەتەكەش ئاراستەی (بڕواداران) كراوە هەر لە یەكەم ئایەتیەوە:

[يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، هەر بەڵێنێکی کە دەیدەن پێکی بێنن.].

هەروەها بریتیە لەو سورەتەی کە بەراشکاوی دەقی واجب بونی گەڕانەوەی بۆ شەرعی خوا تێدا هاتوە بێجگە لە هەمو یاسایەکی دیکە، ئەوەشی رونکردۆتەوە کە حوکم تەنیا دو جۆرە و سێیەمی نیە و هیچ نێوەندێکیش لە نێوانیاندا نیە: یان حوکمی خودا یان حوکمی جاهیلیەت:

[أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ: ئاخۆ ئەوان گەرەکیانە دابی زەمانی نەزانی بەر لە ئیسلام بژیەننەوە! دەیسا لەلای ئەو کەسانەی وا لە بڕوای خۆیانا هیچ شك و گومانێکیان نیە، کامە فەرمان لە فەرمانی خوا چاترە.]المائده/٥٠.

هەرکەسێکیش حوکمی بەو شەرعە نەکرد کە خودا دایبەزاندوە، ئەوا لەلای خوا دەکەوێتە خانەی بێبڕوا و لەدیندەرچو و ستەمکاران:

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْكَافِرُونَ: هەرکەسێکی پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خودا راوێستاوە و لە دینی راست وەرگەڕاوە.]المائدة/٤٤.

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ: ئەوکەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە-کە لە خوداوە هاتوە- فەرمان بدەن، غەدری دەکەن و ناهەقن.]المائدة/٤٥.

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ: ئەوکەسانەی لەو فەرمانانەی کە خودا ناردویەتە خوار لابدەن، دیارە لەڕێ لایانداوە.]المائدة/٤٧.

تێكڕای سورەتە مەدینەییەكانی دیكەش بەم شێوەیەن.. هەموو وتارن بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، واتە دانیان پێدا هێناوەو باوەڕیان پێكردون، ئەو ئایەتانە پێیان دەڵێن: ئەو باوەڕپێكردن و دانپێداهێنانەی كە لە مەككەڕا بە كۆچكردن لەپێناو خوا هێناویانە-كۆچیش بەخۆی(كردەوەیەكە) كە پێیان راسپێردراو ئەوانیش جێبەجێیان كرد- یان لە مەدینە لەسەر بون(ئەگەر لە پشتیوانان بوبن)، ئەوەیان لێ دەخوازێ كە پابەندی حوكم و ئەرك و فەرمان و بەرهەڵستیە تازەكانی شاری مەدینە بن، بڕواكەشیان-ئێستا- بەهەمو ئەو شتانەوە پەیوەست بوە كە لای خوداوە هاتوە، ئەم پەیوەست بونەش سەنگی مەحەكە بۆ رستی بڕواهێنان، ئەگینا دەبێتە ئەو دوڕوییەی كە خودا قبوڵی ناكا و، تاكە سزای سایستەشی نەمریە لە پایەی هەرە ژێرەوەی دۆزەخ..

[أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُوا بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِنْ قَبْلِكَ يُرِيدُونَ يُرِيدُونَ أَنْ يَتَحَاكَمُوا إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا]... [فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا: ئەدی ئەوانەت نەدیوە، وایان خۆ هەڵخستوە، بەو قورعانەی بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە و بەو كتێبەش كە بەر لەتۆ نادردراوە، بڕوا دەكەن، دەشیانەوێ كێشەیان بەرنە لای تاغوت، فەرمانیشیان پێدراوە حاشای لێكەن، دیارە شەیتان وای گەرەكە بە یەكجاری لەڕێگەیان هەڵە بكا... بەڵام نەخێر، سوێندەكە بە پەروەرندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختێ كە لە كێشە و هەرای نێوان خۆیانا بتكەنە قازی و لە دڵەوەبە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی رەدایان بێ و بە تەواوی ملكەچی بن.]النساء/٦٠، ٦٥.

[وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ(٤٧) وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ(٤٨)وَإِنْ يَكُنْ لَهُمْ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ(٤٩)أَفِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ أَمْ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ(٥٠)إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ(٥١)وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقِيهِ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَائِزُونَ: ئەشڵێن: ئێمە باوەڕیمان بە خوا و پێغەمبەر هێناوەو بەرفەرمانین. لەدوای ئەمەش برێکیان ڕو وەردەگێڕن، ئەوانە هەر بڕوادار نین.. هەرگایەکیش بەرەو خودا و ڕاسپاردەی بانگیان دەکەن، کە خۆی بە کاریان ڕابگا، کەچی دەستەیەکیان هەر خۆی لێ دەبوێرن. ئەگەر لە قازانجی وان بێ دێنە لای و دەیسەلمێنن.. ئاخۆ ئەمانە دەغەزیان لە دڵدایە، یان دودڵن، یان دەترسن خودا و پێغەمبەری خودا ناهەقیەکیان لێبکەن؟ نا، ئەوان خۆیان ناهەقن.. بەڵام ئەوی باوەڕدارن، هەرکاتێ بانگ دەکرێن کە بێن بەرەو خودا و ڕاسپاردەکەی، هەتا بە کاریان ڕابگا، گورجی دەڵێن: بستمان و بەرفەرمانین، ئەوانە دیارە رزگارن.. هەرکەسێکی بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بێ و ترس و شەرمی لە خودا هەبێ، ئەوان بردویانەتەوە.]النور/٤٧-٥٢.

[إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنْ النَّارِ وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا: دیارە ئەوکەسانەی دوڕون، وان لە قاتی هەرە بەرەژێرەوەی دۆژەهـ. تۆ ناتوانی یاریدەیان بۆ پەیداکەی.]النساء/١٤٥.

جـا ئەگـەر ئەوانـە لـەو داخوازیانـەی (لا الـه الا الله) بـن کـە سـورەتە مەدینـەییـەکان هێناویانـە، ئـەوەیـان بۆمـان رونکردۆتـەوە کـە کاتێـك ئـایین کامڵ بو.. لەو رۆژەی کە خودای بەرز ئەو ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرموێ:
[الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا:
وا لـەمڕۆوە دینەکـەتانم تـەواو کـرد و بـەبێ کـورتی و کەمایەسـی چاکـەم دەربارەی ئێوە کرد، ئیسلامیشم بە دینی ئێوە هەڵبژارد.]المائدة/٣.
(لا الـه الا الله) بەرنامەیەکی ژیانی تەواو بوە و، لایـەنی بیروباوەڕ و، لایـەنی پەرسـتن و، لایـەنی رەفتـار و کـردەی گرتۆتـەوە. بیروبـاوەڕبـونی بـە تـاکێتی خوا(واتە تاکی لە خود و لە سیفەتەکانی و لە ناوەکانی و لە کردەوەکانی) و ئاراسـتەکردنی دروشـمەکانی پەرسـتن بـۆ خـودای بـێهـاوەڵ و هاوتـا و، بەرفەرمانی شـەریعەتەکەی وی بە تەنێ و بێجگە لە هەمو یاسایەکی دیکە و، خۆڕازاندنەوە بە رەوشتەکانی (لا اله الا الله)، لەپاڵ هەمو ئەو ئەرکانەی کە خودا پێی راسپاردبون..
جـا ئەگـەر سـورەتە مەککـەییـەکان جـەختیان لەسـەر لایـەنی بیروبـاوەڕ کردبـێ: بڕوابـوون بـە خـودا و رۆژی دوایـی و فریشـتـەکان و کتێـب و پێغەمبەران و، قـەدەر بە چاك و خراپەوە، لەپاڵ لایەنە رەوشتیەکاندا و، ئـەو دروشـمانەی پەرسـتنیش کـە لـە مەککـە فـەرز کرابـون، ئـەوا سـورەتە مەدینـەییـەکان زۆر بـە خەسـتی جـەختیان لەسـەر دۆزی حاکمیـەت و، پـەیوەسـت بـون بـە حوکمـەکانی شـەرعی خـودا و کردنی بـە سـەنگی محـەکی بڕواداری، لەپاڵ دوپاتکردنەوەی لایەنی رەوشتی و پەرستنەکانی دیکە کە لە مەدینە فەرز کران.
بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا گومان ببەین کە دۆزی حاکمیەت، واتە بڕیاردانی ئەوەی کـە حاکمیـەت تـەنیا بـۆ خودایـە و، مـافی یاسـادانانیش لـە

حەلاڵكردن و حەرامكردن و قەدەغەكردن مافێكە پاكی خودایە و هیچ مرۆڤێك تێیدا نابێە هاوەڵ، یاسادانانیش بە غەیری شەرعی خوا-تێكەڵ بە شەرعی خودابێ یا بە تەنیا- شركە..

هەڵەیە وا گومان ببرێ كە ئەم دۆزە-بە وورد و درشتیەوە- لە مەدینە بڕیار دراوە لەو كاتەی كە یاساكان دادەبەزین تا موسڵمان ژیانی خۆیانی لەسەر بنیات بنێت. چونكە لە راستیدا ئەو دۆزە زۆر بە روونی و بەشێوەیەكی یەكلاكەرەوە لە مەككەدا بڕیاریدرا،، ئەمەش پتر لە سورەتێكی مەككەییدا هاتوە وەك یەكێك لە بنچینەكانی بیروباوەڕ بە (لا اله الا الله) هاتۆتە پێش نەك تەنیا وەك پابەندبونێكی رەفتاری.

هەر بە نمونە ئەم ئایەتە لە سورەتی (ئەعراف)ی مەككەیی وەرگیراوە:

[اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلاً مَا تَذَكَّرُونَ: هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان ناردراوەتە خوارەوە، شوێنی كەون و بە غەیرەز ئەو مەكەونە شوێنی سەرپەرستانی دیكە. ئێوە زۆر كەم عیبرەت دەگرن.]الاعراف/٣.

ئایا ئەم ئایەتە چی دەگەیەنێ؟

ئەوە دەگەیەنێ كە خەڵكی تەنیا لەدوو حاڵەتدان: یەكێكیان فەرمانی پێكراوەو ئەوی دیكە نای لێكراوە، یەكەمیان بڕوایە و، دوەمیان شركە.

بڕوا لەوێدا پوخت بۆتەوە كە خودا دەفەرموێ: [اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ: هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان ناردراوەتە خوارەوە، شوێنی كەون.] -لە بەرامبەریشدا-واتە شوێنكەوتنی بێجگە لەوەی خوا دایبەزاندوە- شوێنكەوتنی گەورەكانە-كە بە هاوبەش دانراون- و ئەمەش شركێكی راشكاوە.

هەروەها بڕوانە ئەم ئایەتە لە سورەتی (ئەعراف):

[أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ: ئافراندن و ڕاگەیشتن هەر بۆ ئەوە.]الاعراف/٥٤.

ئەمە بڕیاری دو مەسەلەی جودا دەدا لە یەك كاتدا كە: فەرمان تەنیا بۆ خودایە، بەشێوازێكی كورتبڕ، فەرمان بە ڕەهایی و بەبێ سنوورداركردن بە چوارچێوەیەكی دیاریكراو یا بوارێكی دیاریكراو، فەرمان لە ئاسمانەكان و لە زەوی و لە ژیانی مرۆڤانیش، هەرچی ئەوەی لە ئاسمانەكان و زەویە، لەمە دەفامرێتەوە كە خودای بەرز هەر لە هەمان ئایەتدا پێش ئەم دەستەواژەیە دەفەرموێ: [إِنَّ رَبَّكُمْ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ: داهێنەرتان خودایەكە ئاسمان و زەمینی لە شەش ڕۆژاندا دروس كرد، ئەوجارە كە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا،ڕۆژی بە شەوێ داپۆشێ و ڕۆژیش بەلەز دەكەوێتە شوێنی شەوێ. خۆر و مانگ و ئەستێرانی بەدی هێنا و هەر دەژێر فەرمانی ئەودان.]الاعراف/٥٤.

بەگوێرەی ژیانی مرۆڤیش لەوێ دەفامرێتەوە كە خودای بەرز هەر یەكسەر لەپاش ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ:

[ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ(٥٥)وَلاَ تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا: بەنهێنی و بەسەركزی هەر پەروەرندەو لەبیر بێ و لەبەری بپاڕێنەوە. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ كە لەڕێگەی ئەو لادەدەن.. خراپەش مەكەن لەم زەمینەدا دوای باش بونی.]الاعراف/٥٥-٥٦.

واتە: بە دەرچون لە فەرمانەكانی خودا دەسدرێژی مەكەن و، گەندەڵیش مەخەنە زەوی بەهۆی شوێنكەوتنی بێجگە لە شەرع و بەرنامەی خودا، پاشئەوەی چاكی تێدا سازا بەوەی لەلای خوداوە دابەزی.

مەسەلەیەکی دیکەش کە هەمان ئایەتەکەی سەرەوە بڕیاری دەدا ئەوەیە کە مافی حاکمیەت لە ئاسمانەکان و لە زەوی و لە ژیانی مرۆڤدا لە وەدیهێنەرێتیەوە هەڵدەقوڵێ، بە واتای لە توانای وەدیهێنانەوە، چونکە ئەوەی توانای وەدیهێنانی هەبێ، هەر ئەو بە تەنیا خاوەن فەرمانە، کە تەنیا خودای پاك و بەرز-تاکە وەدیهێنەرە، هەر ئەویش بەتەنێ خاوەن فەرمانە، پێکەوە لە ئاسمانەکان و لە زەوی و لە ژیانی مرۆڤیشدا.

هەروەها بڕوانە ئەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی (شوری)ی مەککەیی:

[وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَلِكُمْ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ: لەسەر هەرچی پێك نەهاتن، خودا بە ناوتان ڕادەگا. ئەو خودایە منی پەروەردە کردوە، من خۆم هەر بەو سپاردووە هەر ڕو دەکەمەوە لای ئەو.]الشوری/١٠.

ئەمیش هەمان بڕیار دەدا: کە گێڕانەوەی حاکمیەتە بۆ خودا لە هەمو ئەو شتانەی لە ژیاندا ڕێگە بە مرۆڤ دەگرن، کە خوای بەرز دەفەرموێ: [مِنْ شَيْءٍ: لە هەرشتێك] مەبەستی ڕەگەزی شت و شتەکانە بەگشتی، واتە هەمو شتێك بە ڕەهایی. هەمو شتێکیش بە ڕەهایی حوکمی بۆ لای خودایە، ئاخۆ حەڵاڵە یا حەرامە یا موباحە یا مەکروهە یا مەندوب، ئایەتی پێشتریش هەمان واتا بڕیار دەدا کە ئایەتەکەی سورەتی ئەعراف بڕیاریدا:

[أَمْ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِ الْمَوْتَى وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ: ئاخۆ کەسیان غەیرەز خودا دیوەتەوە کە دۆستیان بێ؟ دۆستی ڕاستی هەر خۆیەتی و ئەو دەتوانێ مریان زیندو بکاتەوە و توانای هەمو شتی هەیە.]الشوری/٩.

جا گێڕانەوەی حاكمیەت بۆ خوا لە هەموو شتێكدا ئیمانە و، پێچەوانەی ئەوەش بریتیە لە گرتنی پشتیوانان و-واتە شەریك كردەوەیەكی پوچە، چونكە خودا تەنیا پشتیوانەو، هەر بەخۆی دەژیێنێ و دەمرێنێ و، توانای بەسەر هەمو شتێكدا زاڵە.

ئەم ئایەتە پیرۆزەش هەروایە كە خوای گەورە لە سورەتی (شوری)دا دەفەرموێ:

[أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ: ئاخۆ ئەوان شتانێ وا بە شەریكی خوا دەزانن، كە دینێكی وەهایان بۆ داهێنابن و خودا ئیجازەی نەدابن..]الشوری/٢١.

بەڵام ئایەتەكانی سورەتی (ئەنعام) رەنگە وردتر لەو دۆزە بدوێت:

[أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ إِلَيْكُمْ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمْ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِنْ رَبِّكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنْ الْمُمْتَرِينَ(١١٤) وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً لاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ(١١٥)وَإِنْ تُطِعْ أَكْثَرَ مَنْ فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنْ يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ(١١٦)إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَنْ يَضِلُّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ(١١٧)فَكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كُنتُمْ بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ(١١٨)وَمَا لَكُمْ أَلاَّ تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ وَإِنَّ كَثِيرًا لَيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِمْ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ(١١٩)وَذَرُوا ظَاهِرَ الإِثْمِ وَبَاطِنَهُ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُوا يَقْتَرِفُونَ(١٢٠)وَلاَ تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرْ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ: ئاخۆ رەوایە غەیرەز خوا داوەرێكی پەیدا بكەم؟ هەر ئەویشە ئەم كتێبەی دور لە هەمو كەمایەسی بۆ ئێوە ناردە خوارەوە.

ئەوانەی کتێبمان پێدان، سور دەزانن کە خەڵاتە و لە پەروەرندەی تۆڕایە و گشتی راستە. کەوایە تۆ هەرگیز لە دودڵان مەبە.. قسەکانی پەروەرندەت-لەبێ لایەنگری و راستیدا- تەواو و بێکەم و کورِین، کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ. زۆر بیسەر و هەرەزاناش هەر خۆیەتی.. ئەرگەر کەوتیە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەم سەرزەوینەدان، لەرێگەی خودا لات دەدەن، چونکە هەمو بەشوێن خەیاڵدا دەرِۆن و هەر لە پرِوپوچ خەریکن.. پەروەرندەت زۆر لەخۆت باشتر دەزانێ کێن ئەوانەی لەرێی خوادا لایاندا و باشتریش لەتۆ دەزانێ کێ رێگەی راستی لەبەرە.. دەسا ئێوە ئەگەر برِوا و بەخودا هەیە و نیشانەکانی خوداتان لەلا راستە، لە گۆشتی ئاژەڵێ بخۆن کە دەمی سەرژێکردنێ، ناوی خوای لەسەر هاتوە.. بۆچی ئێوە خۆتان لە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خوایان لەسەر دێ؟ کە هەر خوداش بە تەواوی باسی ئەمانەی بۆ کردون کە خواردنیان نارەوایە،-مەگین لەروی ناچاریەوە- زۆر بەوانە هەر یە ئارەزوی خۆیان و لە نەزانی، مەردم لەرێگە لادەدەن. خودا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی لە ئەندازە دەردەکەون.. لە تاوانی بە ئاشکرا و نهێنی خۆ بپارێزن، ئەوانە وا خۆیان توشی تاوان دەکەن، سزای تاوانیان دەبینن.. هەر ئاژەڵێ لەکاتی سەر ژێکردنێ ناوی خودای لەسەر نەیە، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن، ئەمە لەرێگە لادانە. شەیتانەکان دنەی دۆستانی خۆ دەدەن، تا کێسەتان دەکەڵ بکەن. جا ئەگەر بەگوێیان کردن، بێگومان شەریتان بۆ خودا داناوە.]الانعام/١١٤-١٢١.

ئەم ئایەتە بەم پرسیارە بەرەواژە دەست پێدەکات:

[أَفَغَيْرَ اللَّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا: ئاخۆ رەوایە غەیرەز خوا داوەرێکی پەیدا بکەم؟].

كە ئەوە دەگەیەنێ حاكمیەت تەنیا بۆ خودایە، كە هەر ئەو دەبێ بە حكم هەڵبژێردرێ و نابێ هیچ كەسێكی دیكە لە هیچ كاروبارێكدا حوكمی ببرێتە بەر. پاشان ئەوە دەگەیەنێ كە خودا قورئانی (بەووردی و) ناردۆتە خوار، جا كەس هەنجەتی نەماوە تا جگە لە خوا حەكەمێكی دی لە یەكێك لە كاروبارەكاندا هەڵبژێرێ.. ئەوەش تێبینی دەكرێ كە ئەم ئایەتە مەككەییە و لە سورەتێكی مەككەییە و، لە مەككەشدا هێشتا هەموو ئەو یاسایانە دانەبەزیبون كە مرۆڤ لە ژیانیاندا پێویستیان پێی دەبێ. بەڵكو ئەوە لە مەدینە بوو، ئەو درێژەپێدانەی كە ئایەتەكە ئاماژەی پێدەكات، (درێژەپێدانی) ئەحكام-واتە: ووردكردنەوەی لقەكان- بەڵكو ووردكردنەوەی دۆزە هەرەگەورەكەیە-دۆزی حاكمیەت- و لە پنچینەی بیروباوەڕدایە و، بیروباوەڕیش تەواو نابێ و راست نابێ مەگەر واتا و گەیاندنەكەی بریتی نەبێ لە پابەندبون-لەرووی رێبیر-ەوە بەوەی لەلایەن خوداوە هاتوە، جا چ زۆربێ ئەوەی لەلای خودا هاتوە چ كەم، بە بیروباوەڕ تایبەت بێ یا بە رەوشت یا بە حوكمەكان..[1] پاشان ئایەتەكان بەردەوام دەبن و بڕیاردەدەن كە وشەی (الله) بریتیە لە واژەی جیاكەرەوەو، راستی و دادگەری و، ئەوانی شوێنیشی ناكەون ئەو گومڕایانەن كە شوێن گومانان دەكەون و، پاشان رێنوێنیش نابن، خوداش چاك دەزانێ كێ لە شارێكانی وی گومڕا دەبێ و كێش رێگاكەی دەدۆزێتەوە.

ئینجا نۆرەی ئەو دۆزە دێ كە ئەم هەمو پێشەكیانە بۆ دوپاتكردنەوەو رەگاژۆكردنی بنچینەكەی هاتن، ئەویش دۆزی حەڵاڵكردن و حەرامكردنە. داخوا كێ بڕیاری تێدا دەدا و، هەڵوێستی بڕواداران و هەڵوێستی مشركان لە ئاستیدا چیە و هەر شتێكی لەم بابەتانەوەش كە مرۆڤ دەكاتە بڕوادار

[1] . بە وردی و هەموگیری لەبارەی ئەم بابەتە پێشەكی سورەتی ئەنعام لە (فی ظلال القران)دا بەرگی/٧،

یـا مشـرك، خولگەکەشی بریتیـە لـەوەی کـە مشـرکەکانی مەککـە نـاوی خوایان لەسەر شتی مردار نەدەهێنا و پاشان خوردنیشیان حەلاڵ دەکرد. هەر لەلایەن خۆشیانەوە شەرعیەتیان بەم مەسەلەیە دەدا بێ ئیزنی خودا و بێ بەڵگە، جا خوا رێ لە بڕواداران دەگرێ کە شتێك بخۆن نێوی خودای لەسەر نەهاتبێ و-کە بریتیە لەو مردارەی خودا حەرامی کردوە- ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی ئەگەر گوێڕایەڵی مشرکان بن وەکو ئەوان دەبنە موشریك. چونکـە بـەم کـارەیـان پابەنـدی یاسـایەکی جـاهیلی دەبـن کـە خـودا هـیچ دەسەڵاتێکی نەداوەتێ.

لـەوەدا روونـدەبێتـەوە کـە دۆزی حاکمیـەت لـە مەدینـە و پـاش دابـەزینی یاساکان دەستی پێکردووە، بەڵکو لە مەککەدا کاتی رەگاژۆبونی بنەماکانی بـاوەڕ و رونکردنـەوەی داخوازیـەکانی (لا الـه الا الله) دەسـتی پێکـرد، بـەلام دواتـر ئەحکامـە بـڕەڕەکـان لـە مەدینـەدا هـاتن بڕیـاری ئـەوەیانـدا کـە هەرکەسـانێکی حـوکم نەکـەن بەوەی کـە خـودا دایبەزانـدوە کافر دەبـن و، کەسـێکیش نابتـە ئیمانـدار هـەتا حکـم دەباتـە لای خـودا و لای پێغەمبەرەکـەی، وەك پیـادەکردن و جـەختکردنێك بـۆ بڕیارەکـانی کـاتی رەگاژۆکردنی باوەڕ لە مەککە.

✵ ✵ ✵ ✵ ✵ ✵ ✵

جـا ئەگـەر ئەمـە لەلایـەنی ئـەرکبارکردنی پـەروەردگارەوە بێ، بـا تەماشـای لایەنی پیادەکردن بکەین لە ژیانی بڕواداران لە مەدینەدا.. چۆن فـەرمانی پەروەردگاریان وەرگرت و چۆن جێبەجێیان کرد..

هیچ یەكێك لەو نەوە تاكو تەرایە زۆر نەدەوەستا و دەیپرسی: ئایا ئەو فەرمانانەی پەروەردگار-جا لە كتێبی خوادا هاتبن یا لە سوننەتی پاكژدا- (ملزِم)ن؟! ئایا دەكەوێتە ناو چوارچێوەی ناوی بڕوا یا لێیەوە زیادە؟!! ئایا مرۆڤیش دەبێتە بڕوادار ئەگەر هاتو هەرگیز كاری بە هیچ یەكیان نەكرد؟!! هیچ یەكێك ئەوەی نەدەكرد، جا ئەگەر لەو بڕوادارانە با كە خودا و پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شایەدی بڕوایان بۆ دابوو، یا تەنانەت لە دوڕوەكانیش بوانایە، كە لە رووددا بڕ،ادار و لە ناخی دەرون كافر بون.

چونكە ئەوان و ئەوانی دیكەش دەیانزانی كە (لا اله الا الله) تەنیا وشەیەك نیە بەزمان بگوترێ و كۆتایی پێبێ، بەڵكو واژەیەكە و كۆمەڵێك داخوازی هەیە، بەراستیش ئەم داخوازیانەیان بەجێ دەهێنا، لەگەڵ جیاوازیەكی بناغەیی لەنێوان بڕوادار و مونافیقان. ئەوانی یەكەم بۆیە جێبەجێیان دەكرد چونكە بڕوایان پێهەبو و گوێڕایەڵی خوداش بو كە فەرمانی پێكردبو و دایبەزاندبو، هەروەها لەخۆشی و تەمای بەهەشت و رەزامەنیەكەی، ئەوانەی دیكەش بە دورویی و بێبڕوایی ئەنجامیان دەدا و بە سارد و سڕیەكی دیار یا بزر جێبەجێیان دەكرد، یا بە فڕوفێڵ خۆیان لێدەدزیەوە:

[إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلاَةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلاَّ قَلِيلاً: بەدڵ دەغەلانی دوڕو دەیانەوێ خوا فریودەن، كەچی خوا دەیانخەڵەتێنێ. ئەگەر دەچن نوێژ دابەستن، بە تەوەزەلی هەڵدەستن، روبینی لەخەڵك دەكەن، كەمیان نەبێ كەمتر ناوی خوداش دێنن.] النساء/١٤٢.

[وَإِنَّ مِنْكُمْ لَمَنْ لَيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيَّ إِذْ لَمْ أَكُنْ مَعَهُمْ شَهِيدًا(٧٢)وَلَئِنْ أَصَابَكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَنْ لَمْ تَكُنْ

بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ يَالَيْتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا: هەندێکی واتان دەناودان کە لە ئانقەست خۆ وەدوا دەدا و ناوگاتێ. ئەگەر ئەوسا ئێوە توشی چورتمێك بن، ئێژێ: خودا منی بەچاکە خوێندەوە کە من دەگەڵیاندا نەبون.. ئەگەر ئێوە لە سایەی چاکەی خوداوە دەسکەوتێ باشو دەسکەوت، وەك کەسێکی کە دەپێشدا هەر یەکترو نەناسیبێ و دۆستایەتیتان نەبوبێ، ئێژێ: خۆزگە منیش رەگەڵیان کەوتبام، ئەوسا منیش لەو خێر و بێرە گەورەیە بەشدار دەبوم.]النساء/٧٢-٧٣.

هیچ یەکێکیش لەو دووڕووانە-چ جای بڕوادارەکان!- وای بۆ نەدەچو کە بتوانێ تەنیا بە گوتنی (لا اله الا الله) رووکەشێتی ئیسلام لە ژیانی دنیادا وەدەست بێنێ، بە بێئەوەی تەنها یەکێك لە داخوازیەکانی جێبەجێ بکات.. مەحاڵ بو ئەمە-لە کۆمەڵگەی موسڵماندا- ڕووبدا!!!!

تەنها بۆچونی هەبونی تاکەکەسێك لە کۆمەڵگەی موسڵماندا-واتە ئەو کۆمەڵگەیەی حوکمی بە شەرعی خودایە- کە پێی بگوترێ (موسڵمان) و پارێزگاریش لەم ناوەی بکات-جا لە راستیدا بڕوادار بێ یا دووڕوو- بەبێ ئەنجامدانی یەکێك لە کردەوەکانی ئیسلام.. بۆچونێکی مەحاڵە!

چونکە هەر بەلای کەمی مەسەلەی نوێژ لە گۆڕێیە!

هیچ تاکەکەسێك ناتوانێ لە کۆمەڵگەی موسڵماندا-واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە حوکمی بە شەرعی خودایە- کە سێ رۆژان لەسەریەك نوێژی نەکا بەبێ ئەوەی دوژچاری سزای کوشتن بێ! یەکسانیشە چ وەك حەددێك بکوژرێ یان بەکافر دابنرێ و بکوژرێ. چونکە عیبرەت لێرەدا نیە! بەڵکو عیبرەت- هەروەکو ئیبنی تەیمیەی پێشەوا فەرمویەتی- لەوەدایە کە لە واقیعی کرداریدا ناکرێ مرۆڤێك هەبێ یەك گەردیلە بڕوای لە دڵیدا هەبێ و

بەهۆی نوێژكردنێ رووبەرووی كوشتن بێتەوەو هێشتا هەر ركە بگرێ و نوێژ نەكا تا بەراستی دەكوژرێ!! ئەمە مەحاڵە!!

هەروەها دانپێدانانێكی واقیعی كرداری بە حاكمێتی شەرعی خودا لە گۆڕێدایە، كە بە تەنیا حوكم ببرێتە بەر ئەو شەرعە و حوكم نەبرێتە بەر هیچ یاسایەكی دیكە.. ئەگینا، ئەگەر لە سایەی ئەم حوكمە دەرچو- لە كۆمەڵگەی موسڵماندا- یان نكوڵی بەشێكی كرد، ئایا بە (موسڵمانی) دەمێنێتەوە؟ و ئایا بە زندوویی دەمێنێتەوە؟ یاخود دەبێتە هەڵگەڕاوەو حەددی هەڵگەڕانەوەی دەكەوێتە سەر؟!

بەمشێوەیە روونەبێتەكە كە مەحاڵە-لە كۆمەڵكەی موسڵماندا- كە یەك تاكەكەسی هەبێ تەنیا یەكێك لە كردارەكانی ئیسلام جێبەجێ نەكا، پاشان هەر بە موسڵمانی بمێنێتەوەو پارێزگاریی لە ناوەكەی بكات، سەرەڕای ئەوەی ژیانیشی لەو كۆمەڵگایەدا بمێنێ!! بەڵكو ئەم شێوە بانگەوازە بۆش و بەتاڵە تەنیا لە كۆمەڵكە جاهیلیەكانی بانگەشەیان بۆ دەكرێ كە خۆ بە موسڵمان پیشان دەدەن و، پاڵ دەدەنە بەر هزری ئیرجائی، كە تەواو بەرۆحی ئەم ئاینە نامۆیە.

بائێستا لە سێ پێگەی جیاوازەوە بڕوانینە ئەم دۆزە ترسناكە -دۆزی داخوازیەكانی (لا الە الا اللە)- كە هەرسێكیان لە كۆتاییدا دەگەنە یەك ئەنجام:

یەكەم: ئایا ئەم ئاینە دەتوانێ بگاتە ئەو ئامانانەی كە بۆیان دابەزیوە، ئەگەر هەموو داواكاریەكان هەر باوەڕپێكردن و دانپێداهێنان بێ، یا ئەگەر باوەڕپێكردن و دانپێداهێنانیان _بەتەنیا_ بەسبن بۆ پێدانی سیفەتی ئیسلامەتی، نەك تەنیا لە دنیادا، بەڵكو لە رۆژی دوایش هەرووەتر؟!

دووەم: ئایا ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵە بەڕێزەکانی لە پیادەکردنی داخوازیەکانی (لا اله الا الله) ئەنجامیان دەدا، لەخۆڕا بەخشینێك بو و، ئەرکی سەرشانیان نەبو؟!

سێیەم: ئایا لە واقیعی دەرونی مرۆڤ دەگونجێ کە مرۆڤ بڕوا بە شتێك بێنێ پاشان ڕەفتاری واقیعی تێکڕا لە داخوازیەکانی ئەم بڕوایە جودابێ؟!

جا لە پێگەی یەکەمەوە دەستپێدەکەین و یەکەمجار دەپرسین: خودا بۆ پێغەمبەران بۆ مرۆڤایەتی دەنێرێ و بۆ پەیامیان بۆ دادەبەزێنێ؟

هەر لەلایەن خۆشمانەوە وەڵامی مەسەلەیەکی وا ترکزە نادەینەوە، چونکە هیچ کەسێك بۆی نیە لەخۆڕا وەڵامی ئەم مەسەلەیە بداتەوە. چونکە خودای بەرز لە کتێبی دابەزێنراوی خۆی کە نە لە پێشڕا و نە لە دوواوە ناحەق رووی تێناکا، ئەم وەڵامی داینکردوە:

[وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ: هەرکەسێکمان بە پێغەمبەری نەناردوە، بۆیە بوە کە بە ئیزنی خوا فەرمانی قبوڵ کەن.]النساء/٦٤.

[لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمْ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ: ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بە چەند بەڵگەی ئاشکراوەو وێڕای ئەوان، کتێب و هۆی هەڵسەنگاندنمان ناردەخوار، هەتا خەڵك بێ جیاوازی لەناو یەکا ڕەفتار بکەن. ئاسنیشمان ناردۆتە خوار، کە هێزی بڕشتی زۆرەو زۆر بەهرەی بۆ مەردم تێدا و، تا

خودا بۆ خۆی بزانێ کێ لە نەدیار دێتە یاری خۆی و پێغەمبەرەکانی. دیارە خودا خاوەن هێز و دەستەڵاتە.]الحدید/٢٥.

پێش ئەوەی باسی دوایین پەیام بکەین-کە بارێکی تایبەت و کۆمەڵە ئامانجێکی تایبەتی هەن- لەم دو ئایەتە رادەمێنین کە باسی پەیامەکان بەگشتی دەکەن هەر ئادەم و نوحەوە تا موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

یەکێك لە ئایەتەکان بڕیاردەدا کە ناردنی پەیامبەران لەلایەن خواوە تەنیا بۆ پێڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوە نیە، بەشێوەیەك کە هەر مرۆڤێکی پەیامبەرێکی بۆ رەوان کرا دەتوانێ بڵێ: ئەوا مەسەلەکەت پێڕاگەیاندن و زانیم، بەڵکو پێویستە لەسەری بڵێ: فەرمانەکەم پێڕاگەیشت و زانیم[1] و گوێڕایەڵ و پابەندیم. تا بە شێوە وەڵامی ئەو پەیامبەرەی داوەتەوە کە بۆی رەوانکراوەو، ئەو ئامانجەشی وەدیهێناوە کە پەیامبەرەکەی بۆ رەوانە کراوە.

ئایەتەکەی دیکە ئەو ئامانجە روونەدەکاتەوە و سنوورەکانی دیاریدەکا، کە بەرپاکردنی دادوەرانەی ژیانی خەڵکیە، کە ئەمەش واژەیەکی کورتی گشتگیری کۆکەرەوەیە، ئایەتەکانی دیکەی قورئان بەشێوەیەکی سنوردار و وردی دەکەنەوەو درێژەی پێدەدەن(لەگەڵ سوننەی پاکی پێغەمبەر) و بۆ ئارەزوی مرۆگ لێێ ناگەڕێن. چونکە ئەگەر دیاریکردنی دادوەری بۆ ئارەزوی مرۆڤ جێهێڵرا هەمو شتێك گەندەڵ دەبێ:

[وَلَوْ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتْ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ: ئەگەر راستی شوێن ئەوان کەوتبا، بێگومان ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی دەناو ئەواندایە، خرادەبون.]المؤمنون/٧١.

---

[1]. زانست(علم) لە زماندا مانای یەقین دەدا، کە ئەو (باوەڕپێکردن)ەش دەگرێتەوە کە مورجیئەکان باسی دەکەن و دەڵێت واتای بڕوا ئەوە دەگەیەنێ.

داخوازی ئەم ئایەتە ئاماژەپێکراوەی پێشو ئەوەیە کە ناردنی پەیامبەران و دابەزاندنی کتێب تەنیا بۆ پێڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوە نیە، بەڵکو بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی کرداری واقیعیە لە ژیانی خەڵکیدا کە بەرپاکردنی شەریعەت و بەرنامەی خودایە. لەگەڵ ملکەچکردنی خەڵکی بۆ ئەم شەریعەت و بەرنامەیە، چونکە ئەمە تاکە رێگەیە تا خەڵك دادوەری بەرپاکەن، بەواتای کردەوەیەك هەرە کە دەبێ لە واقیعی زەویدا روبدا پاش باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان. ئەگەر ئەو کردەوەیەش نەبێ ئامانجی هەناردنی پەیامبەران و دابەزاندی ئاین وەدی نایێ، بەڵکو ئاین دەبێتە کۆمەڵە دروشمێکی بەرزکراوەو بنەمایەکی واقیعی نابێ، یا دەبتە کۆمەڵە خۆزگەیەك لە ویژداناندا، نە چ بەرەوپێشدەبا و نە چ دوادەخا و، نە هیچ شتێك لە ژیانی خەڵکیدا دەگۆڕێ. ئاماژەکردنیش -لە ئایەتەکەدا- بەئاسن و هێز و، سەرکەوتنی خوا و پێغەمبەرەکانی، بەڵگەی ئاشکران کە لەنێوان کردەوە داواکراوەکان جیهادیش هەیە لەپێناو خوا تا خەڵك دادوەری ئەنجام بدەن.

جا ئەگەر ئەم مانایە لە هەمو یەپامەکان وەدیهاتبێ هەر لە ئادەم و نوحەوە تا موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەوا پەیامی دوایین بارێکی تایبەتی دەبێ لەگەڵ کۆمەڵە ئەرکێکی تایبەت جیا لە سەرجەم پەیامەکانی پێشتر و، سەرباری هەمو ئەوانیش خودای -بەرز و پاك- لەبارەی پەیامەکانی پێشو و ئەهلی ئەو پەیامانە دەفەرموێ:

[وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ: فەرمانیشیان هەر ئەوەندە پێدرابو کە دەبێ

خواپەرست بن و لە دین ئەودا دڵپاك بن و بەرەو هەقانەت بڕۆن و نوێژ بكەن و زەكات بدەن، كە ئەمە دینی دروستە.]البینة/٥.

جا ئەگەر ئەم فەرمانە هەمو پەیامەكان بگرێتەوە تاكو پەیامی موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، ئەوا دواپەیامیش-كەپەیامی كۆتاییە- كە پێغەمبەری دوایینی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێ رەوانەكراوە گرنگیەكی دیكەی هەیە جیا لە پەیامەكانی دی و، ئەركباری زیاتری تێدا سەرباری پەیامەكانی دی.

لە قەدەر و ویستی خوادا دابو كە پەیامبەرێكی دیكە نەنێرێ پاش موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

[مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ: موحەممەد بابی هیچ پیاوێك لە پیاوانی ئێوە نیە، بەڵام راسپاردەی خوایە و ئاخری پێغەمبەرانە..]الاحزاب/٤٠.

((أَلاَ إِنَّهُ لاَ نَبِيَّ بَعدِي: هیچ پێغەمبەرێك لەپاش من نیە.))[1].

هەروەها لە قەدەر و ویستی خوادا بو كە ئاین بەم پەیامە كۆتایە تەواو بكا و، بۆ هەمو مرۆڤایەتی بێ:

[الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا: وا لەمرۆوە دینەكەتانم تەواو كرد و بەبێ كورتی و كەمایەسی چاكەم دەربارەی ئێوە كرد، ئیسلامیشم بە دینی ئێوە هەڵبژارد.]المائدە/٣.

[وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا: ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد كە بۆ گش خەڵكی سەر زەمین مژدەدەر و ترسێنەر بی!]سبأ/٢٨.

[قُلْ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا: بێژە: خەڵكینە! بزانن ئەمن خودا رایسپاردومە لای ئێوە، گش لە گشتو.]الاعراف/١٥٨.

[1]. بوخاری و موسلم تەخریجیان كردووە.

((...وَبُعِثْتُ إِلَى الأُمَمِ كَافَة: هەروەها بۆ هەمو نەتەوەكان رەوانەكراوم.))[1].

جا سەرجەم ئەمانە ئەوە دەخوازێ كە ئەم ئوممەتە دوايينە كە پەيامی دواييني هەيە دو ئەركی پێ رابسپێردرێ نەك تەنيا ئەركێك وەكو ئوممەتەكانی پێشوو.

ئەگەر ئوممەتەكانی پێشو هەمويان بەمە راسپێردرابن كە خودا [مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ: لە دین ئەودا دڵپاك بن.] بەپەرستن و، لەسەر ئاين و ئەركەكانی لە تەنيا سنووری خۆيدا سەقامگیر بن، ئەوا ئوممەتی موسڵمان هەمان ئەم ئەركە پێ‌راسپێردراوە، ئەودا سەرەڕای ئەمەش پێی راسپێردراوە كە ئەم ئاينە لە هەمو پارچەكانی زەويدا بڵاوبكاتەوە بەجێهێشتنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و درێژكردنەوەی رێبازەكەی و، تێبكۆشی تا ئاين هەموی بۆ خودا دەبێ.

[وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ: دەبێ لەنێو ئێوەدا كۆمەڵێك بن، فەرمان بەچاكە بدەن و رێ لە خراپە ببەستن.]ال عمران/١٠٤.

[وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ: وەليان شەڕكەن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دين گشتی دينی خوا دەبێ.]الانفال/٣٩.

داخوازی ئەمەش ئەوەيە كە ئەو(كردەوە)ی لەم ئوممەتە داواكراوە لەپاش باوەڕپێكردن و دانپێداهێنان، گەلێك گەورەتر و زۆر ترسناكترە لە هەمو كردەوەيەكی لە هەر ئوممەتێكی پێشو لەمێژوودا داواكرابێ.

---

[1]. بوخاری و موسلم تەخريجيان كردووە.

ئەگەر باوەڕپێکردن و دان پێداهێنان بەتەنێ و، بەبێ کردەوە حەقی ئەرکبارکردنە پەروەردگاریەکەی هیچ ئوممەتێك لە ئوممەتەکانی پێشوو نەدات، چونکە خودا هەریەکەی کۆمەڵە ئەرکێکی لەسەر شان داناون و، پێغەمبەرێکی بۆ ناردون تا بە ئیزنی خودا گوێڕایەڵی بکرێ، نەك تەنها بۆ پێڕاگەیاندن، ئەوا ئەم ئوممەتە-بە سیفەتێکی تایبەتی- ناکرێ باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان مافی ئەو ئەرکە پەروەردگاریەی سەرشانی پڕکاتەوە، لەکاتێکدا کە دوو ئەرکیشی پێکەوە پێ راسپێردراوە: کە لە خودی خۆیدا بۆ خودا سەقامگیر بێ، پاشان ڕێنوێنی پەروەردگار بە هەمو زەویدا بڵاوبکاتەوە.

ئایا بە چ خەیاڵێك دادێ-ئەگەر داواکراو هەمووی هەر باوەڕپێکردن و دان پێداهێنان بوایە و چیتر نەبا- تەنانەت تەنیا کەعبەش لە بتەکان پاك بکراباوە، ناشڵێین مەککە بەتەنێ، یا دوورگەی عەرەبی، چ جای بەشەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی کە بە جیهادی موجاهیدانی ڕێی خوا ڕووناکیان گەیشتۆتێ.

ئایا دەهاتە بەر چ بۆچونێك-ئەگەر تەواوی داواکراو هەر باوەڕپێکردن و دانپێدانان با-کە ئیسلام دەوڵەتێکی لە مەدینە بۆ دامەزرابا،[1] چ جای ئەوەی ئەو دەوڵەتە تەواوی دورگەی عەرەبی بگرێتەوە، یا رابکێشێ و، لەنیو سەدە نێوان زەریا لە ڕۆژاوا تاکو هیند لە ڕۆژهەڵات دابگرێ هەروەکو رویدا.

ئایا بەبیری کەسیشدا دەهات-ئەگەر تەواوی داواکراو هەر باوەڕپێکردن و دانپێدانان با، یا ئەگەر موسڵمانان وا تێگەیشتبان کە داواکراو هەموی

[1] . دەوڵەت لە مەدینەدا پاش کۆچ دامەزرا، ئەمەش-هەروەك پێشتر باسمانکرد- کردەوەیەك بو موسڵمانان بە ئەرکبارکردنێك لەلایەن خوداوە ئەنجامیاندا، کردەوەیەك بو زێتر لە باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان.

هەر باوەڕپێکردن و دانپێداهێنانە- کە کۆڵەگەکانی دەوڵەت لە مەدینەدا چەسپابا، لەوکاتەی کە جولەکەش لە ناوەوەڕا تەڵەو داویان بۆ دەناوەو، لە دەرەوەش قورەیش چاڵیان بۆ هەڵدەکەند، چ جای ئەوەی کە کۆڵەگەکانی لە تەواوی دورگەدا بچەسپێ، یا بەکێك لە دو دەوڵەتە مەزنەکەی شرك لە رەگەوە هەڵتەکێنێ کە (فارس) و ئەی دیکەش (رۆم) لە بنەوەڕا بهەژێنێ سایەی عەرش و دەسەلاتی لە زەویدا وێك بێتەوەو دابکشێ.. چ جای ئەوەی ئەو دەوڵەتە-لەپاشاندا- ببێتە چەق و تەوەری دنیا، کە زانست تێدابێ و، ژیاری تێدابێ و، هێز و بالادەستی لە زەویدا هەبێ؟!

❁❁❁ ❁ ❁❁❁

لەو پێگەی کە باسمان کرد دەچینە پێگەی دووەم، لێشی نێزیك کەوتوینەوە، جا دەپرسین: ئایا ئەو کردەوانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵە بەڕێزەکانی لە پیادەکردنی داخوازیەکانی (لا الە الا اللە) ئەنجامیان دەدا، لەخۆڕا خۆ بەخشینێك بوو و ئەرکێکی سەرشانیان نەبو؟

لێرە خاڵێك بەدیدەکرێ کە رەنگە لەنێو زەینەکاندا تێکەڵ بێ، لە نێوان خۆبەخشین و ئەرکباری بەگوێرەی نەوەی هاوەڵان خوا لێیان رازی بێت.

لەکتێبی (واقعنا المعاصر) ئەوەم رونکرۆتەوە کە ئەو نەوە ناوازەیە لەوەدا تاك و جیا نیە کە بەرکە پەروەردگاریەکی هەڵستاوە، چونکە ئەمە فەرمانێکە و بەسەر هەموو نەوەکاندا فەرزکراوەو، لە هەموو نەوەکان

داواکـراوە، بـەڵکـو تـاکێتی و جـودایی ئـەو نـەوەیـە لـە پلـەی بـەرز و سەرسوڕهێنی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدایە.

چونکە خـودا جـەنگی فـەرزکردوە، بـەڵام ئەوکەسـەی کـە لـەماڵی خـۆی بـۆ جـەنگ هاتـەدەرێ و چەنـد دەنکـە خورمایـەکی لەدەسـتبو دەیخـواردن و خۆی زۆر هێدی هاتە بەرچاو لەرێی بەهەشت، جار گوتی: ئەگەر من تا لە خـواردنی ئـەم قەسـپانە دەبمـەوە بمێـنم زۆر درێـژ دەخایـەنێ! قەسـپەکانی فڕێدا و خۆی هاویشتە کۆڕی جەنگ و شەهید بوو.. جا ئەمە پلەیەکی زۆر باڵایە لـە جێبـەجێکردنی ئـەرك و فـەرمانی پـەروەردگاری، کـە ئەمـە و زۆری هاوشـێوەش لـەو نـەوە ناوازەیـەدا هـەبوون، هـەرچی خـودی جەنگیشـە وەك وەرمدانـەوەی ئـەرکێکی پـەروەردگاری، مەسـەلەیەکـە لـە هـەموو نـەوەکان داواکراوەو تەنیا بەو نەوەیە تایبەت نیە.

هـەروەها خـودا فـەرمانی داوە کە کۆمەڵگەی ئیسلامی هەموی لـەو خێر و بێرە گشتیەدا هاوبەش بێ کە خودا بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەیدا هەڵدەڕێژێ و، زەکاتیشی کردۆتە ئامراز بۆ جێبەجێکردنی کە دەوڵەمەندەکان لە زێدەی ماڵی خۆیان(ئەوەی لە نیصاب زیاد دەبێ) دەیبەخشن و، دەوڵەت بەسەر موحتاجانی دابەش دەکا، کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەستنیشانی کردون:

[إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ: زەکات هـەردەبێ بدرێتـە هـەژاران و کـەم دەسـتان و ئەوکەسـانەی پێڕادەگـەن، بەخشـین بکـرێ بـۆ هـۆگری نـەیـاران و رزگـارکردنی کـۆیلان و قـەرزداران لـەرای خـودا و لەرێگابەجێماواندا.] التوبة/٦٠.

ئامرازێکی دیکەش ماڵ بەخشین لەرێی خودا بەبێ دیاریکردنی رێژەی وەکو نیصابەکانی زەکات، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ((فِي الْمَالِ حَقٌّ سِوىٰ الزَكَاة: ماڵ بێجگە لە زەکات حەقی دیکەشی تێدایە.))[1].

ئەم باڵبەخشینەش لەپێناو خودا مەسەلەیەك نیە تەنیا بە نەوەی یەکەم تایبەت بێ، چونکە ئەرکێکە بۆ هەمو نەوەکان، بەڵام ئەو کەسەی لەهەمو ماڵی خۆی هاتەدەرێ و.. ئەو کەسی کە میوانی هات و ئەمیش نان و خۆراکی ماڵ و منداڵی شك نەدەبرد، جا بەخێزانەکەی گوت: چراکەی بکوژێنەوەو منداڵان بێخە ناوجێ، پاشان وای پیشاندا کە خۆی و خێزانەکەی لە خواردن بەشدارن تا میوانەکە دڵی ببێتەوەو بخوا، تا وایلێهات هەرچی هەبو بە تەنێ خوارد، خودا لەبارەی ئەوانە ئەم ئایەتەی دابەزاند:

[وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ: ئەوان لەپێشتر دەزانن، هەرچەند دەست تەنگیشیان هەیە.]الحشر/٩.

جا خۆ خودا-ی بەرز و پاك- ئەم دو لەخۆڕا بەخشینە باڵایەی فەرز نەکردبو، کەچی ئەمانە و هیدیکەش بونە جیاکەرەوەی تاکێتی ئەو نەوەیە ناوازەیە.

پێغەمبەری خوداش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی: ((الحَلاَلُ بَيِّنٌ وَالْحَرَامُ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا مُتَشَابِهَات، فَمَن إتَّقَى الْشُبُهَاتَ فَقَدْ إسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ، وَمَنْ حَامَ حَوْلَ الحِمَى أَوْشَكَ أنْ يَقَعَ فِيهِ: حەڵاڵ ئاشکرایە و حەرام ئاشکرایە، شتیشیان لەنێواندا هەیە کە لێکدەچن، جا ئەوکەسی خۆی

[1]. ئیبنو ماجە تەخریجی کردووە.

لـەو شـتانە خـۆ بپـارێزێ كـە لێكـدەچن، ئـەوا پـاكیخوازی بـۆ ئاینەكـەی كـردوەو، ئەوی بە دەوری پاوانیشدا بسورێتەوە، هێندەی نامێنێ بكەوێتە ناوی.)) [1]

بـەم شـێوەیە داوای لـە بـڕواداران كـردوە كـە خۆیـان لـە شـتی جێگومـان بپـارێزن تـا ئاینەكـەیـان بـەپاكی ڕابگـرن و، لـە سـنووری روون و ئاشـكرای حەڵاڵ راوەستان و لەشتی دیكە دوربكەونەوە، ئەمەش ئەركێكە خراوەتە ئەستۆی هەمو موسڵمانان لە هەمو سەردەمێكدا، هەرچی ئەوانەشبون كە گوتیان: (نۆ لە دەی حەڵاڵمان جێدەهێشت لەترسی ئەوەی بكەوینە نێو حەرام، ئەمە خۆبەخشینێكی باڵایە و خودا فەرزی نەكردوەو، ئەو نەوەیەش لەمەدا تاكە و پێی دەناسرێتەوە.

بەم شێوەیە جیازوازیەكی گردەبڕ ئەنجامدەدەین لەنێوان دوو مەسەلەكە لە مێشكی خەڵكانێكدا تێكەڵ دەبن. لەنێوان ئەكەی كە نەوەی ناوازە وەكو ئەركبارکردنێك ئەنجامی داوەو كە لەلایەن خوداوە خراوەتە ئەستۆی و، بەتەنیا بەوان تایبەت نیە و، بەڵكو بۆ هەموو نەوەكانە و، ئەگەر وازی لێبێنن گوناهبار دەبن، لەگەڵ ئەو خۆبەخشینەی دەستپێوەگرتنی مەندوبەكان وەك فەرز و، ئەمەش لە قوڵی و چەسپیوی بڕوایاندا و لە هەستیاری ویژدانە پاكەكانیان بەرامبەر ئەو ئەركانەی خودا پێی راسپاردبون، هەڵدەقوڵان...

با ئێستاش تەماشای ئەو ئەركانە بكەین كە لەبەر ئەوەی ئەركن بۆیە ئەنجامیان داون، نەك ئەو مەندبانەی كە پێیانەوە پابەند بون و وەكو فەرز بەسەر خۆیاندا فەرز كردبوو..

---

[1] . متفق علیە

ئایا پابەندبون بەوەی لە كتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا هاتبوو و، گەڕانەوە بۆ لای خودا و پێغەمبەرەكەی لە هەموو كاروبارێكدا، خۆبەخشینێك بو لەلایەن نەوەی یەكەمەوەو پێی ئەركبار نەكرابون؟ ئایا راستگۆیی جیهاد لەپێناو خودا خۆبەخشین بو و پێی ئەركبار نەكرابون؟

ئایا وەدیهێنانی مانای ئوممەت بە وێنە راستەقینەكەی، كە سەرتاپاگیر بوو بۆ ئەو دەستەبەری نێوان چینەكانی كۆمەڵگە و، برایەتی راستەقینەی نێوان بڕواداران و ئاریكاریی لەسەر چاكە و خۆپارێزی و، حەرامی ماڵ و خوێن و ناموس و پارازتنیان.. ئایا ئەمە هەمووی خۆبەخشین بو و پێیان ئەركبار نەكرابون؟

ئایا دابینكردنی دادگەری پەروەردگاری لە واقیعی زەویدا خۆبەخشین بو و پێ ئەركبار نەكرابون؟

ئایا خۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشتەكانی (لا اله الا الله) خۆبەخشین بوو و پێی ئەركبار نەكرابون؟

ئایا سەرڕاستی و وەفاداری لە پەیماننامەكان خۆبەخشین بو و پێی ئەركبار نەكرابون؟ [1]

هەروەها ئایا ئەوەیان لەبەر هەستدابوو كە ئەو هەموو كارەیان ئەنجامدەدا كە خۆبەخشینێكی زێدەبو لەسەر بنچینەی بڕوا و، بڕواش لە

[1] . ئەمانە دیارترین سیماكانی ئوممەتی موسڵمانن كە لە كتێبی (واقعنا المعاصر) باسمانكردوە، بە زیادەی بزاڤی زانستی ئیسلامی و بزاڤی ژیاری ئیسلامی كە ئەو دوە-بە سورشتی خۆیان- دەرەگتر هاتن، بەڵام تۆوی سەرەتایان لە لۆی ئەو راپسكانە هەرە مەزنە بو كە نەوەی یەكەم وەدیهێنا.

دەرونیان و واقیعی ژیانیان تەنیا بە باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان دێتەدی ئەگەرچی هیچ لەو هەموو کردەوانەش ئەنجام نەدەن؟

یاخود دەروینان پڕ بو بەوەی-هەروەك لە کتێبی خوا و لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فێربون- کە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانە داخوازی ئیمانن بەوەی کە بێجگە لە خودا هیچ پەرستراوێکی دیکە نیە و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە.. ئەوجا پاشان-لەجێبەجێکردندا- بۆ لوتکە هەرە بەرزەکان هەڵدەکێن تا لە خوا نزیك ببنەوە؟!

ئایا دەچێتە عەقڵ کە واقیعی کرداری ئیسلام هەموزی زێدەکردن بێ لە بنچینەکە و نەچێتە ناو ئەو بنچینەیە؟!

ئەگەر وابێ بەهای ئەم ئاینە چیە؟ ئەو ئەرکە چیە کە لە ژیانی خەڵکیدا ئەندامی دەدا؟!

وە ئایا خودا کتێبان دادەبەزێنێ و، پێغەمبەران دەنێرێ و، داوای ئارام و خۆڕاگری و، جیهادێکی پتەویان لێدەکا، تەنیا بۆ ئەو دەسکەوتە سلبیەی کە بە داپۆشراوی لە دڵاندا دەمێنێتەوەو، لە ویژداناندا پەنا دەدرێ، هیچ شتێك لە واقیعی خەڵکیدا ناگۆڕێ و، حەقێك سەر ناخا و ناحەقێك لەناو نابا و، چاکەیەك بەرپا ناکا و خراپەیەك پەچناکاتەوە؟!

ئایا ئەو ئوممەتە بۆ هەندێ هاتۆتە وجود؟!

[كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ: ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا، فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن، باوەڕیشتان بەخوا هەیە.]ال عمران/١١٠.

ئایـا دەچێتـە عـەقڵ کـە ئامـانجی سـەرەکی دەرخسـتنی ئـەم ئوممەتـە مەسەلەیەکی زیادبێ، بەو واتایەی کە وەدیهاتن و وەدینەهاتنی کاریگەریان بەسەر بنچینەکەدا نابێ؟!

یـان دەڵـێن پـەیوەنـدی نێـوان (لا الـه الا الله) و داخوازیـەکانی بـە نـەوەی هـاوەڵانـەوە(رضی الله عنهم) تایبەتـە و، هـەرچی ئەوانەشـن کـە لـە دواتـر هاتون چ کاریان بە کردەوان دانیە ئەگەر باوەڕپێکردن و دانپێداهێنانیان لێ وەدیهات؟!

جا ئایا ئەم قسـەیە هیچ پاڵپشـتێکی راستەقینەی لە قورئان یا لە سوننەت یا لە مەنتیقێکی ژیر هەیە؟!

ئایا هـیچ دەقێك-یا مـەنتیقێك- هـەیە بڵێ: کە تـەنیا نـەوەیەکی دیاریکراو یا چەند کەسێکی دەسنیشانکراو دەبێ پابەستی داخوازیەکانی (لا اله الا الله) بن، لەوانیش بترازێ هەر ئەوەندەیان لەسەرە کە بە دڵیان باوەڕ بکەن و، بە زمانیان بڵێن (لا اله الا الله، محمد رسول الله) ، جا ئەگەر بەزار گوتیان-بـاوەڕیشـیان پێکـرد- هـەمو ئـەوەی لێیـان داواکـراوە، تـەواو بـوە، کەسـی دیکـەش بـۆی نیـە لـەپاش ئەمـە چیـدیان لێ داوا بکا! جـا ئەگـەر بـەخۆیان (لەچاکـەی خۆیـان) و لـەخۆڕا کـردەوەیەکیان لـە داخوازیـەکانی (لا الـه الا الله) ئەنجامـدا ئـەوە لـەچاکی خۆیانـە و، ئەگـەر نەشـیکەن سەرزەنشـتیان لەسەر نیە و.. بڕوایان بەدەست کەوتوە!!

بـە حەقیقـەت نـەوەی یەکـەم بەشـێوازێکی بێوێنـە داخوازیـەکانی (لا الـه الا الله)ی لـە خـودی خـۆی و واقیـعی ژیانیـدا وەدیهێنـابو کـە لـە مێژوودا دوبـارە نەبۆتەوە، لەکاتێکدا کـە نـەوەکانی دواتـر بـەدرێژایی ئەو سـەدە دورودرێژانـە یەکبـەیەك خۆیـان لـەو داخوازیانـە دەدزیـەوە تـا وایلێهـات هێنـدەی نـەما کـە

لەبەر هەموی دەربچێ. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نەبو كە نەوەی یەكەم بە خودی خۆی ئەركی تایبەتی لە ئەستۆی دابو كە لە نەوەكانی دیكە جیاواز بو، لەبەر ئەوەش نەبو كە نەوەكانی دواتر لەو ئەركانە عەفوكرابون كە بەسەر نەوەی یەكەمدا فەرزكرابو.

بەڵكو ئەو باروزروفەی كە دەوری گەشەكردنی نەوەی یەكەمی دابو كردیە ئەو نەوەیە تاكو تەرایە لە مێژودا، چونكە پێشتر جاهیلیەتی دیتبو، پاشانیش ئیسلامی دیت، جا هەستی بەو نیعمەتەی پەروەردگار كرد و تەواو قەدری زانی و چاوی لێبو، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەنێوانیاندا دەژیا و، راستەوخۆ لێیان وەردەگرت و لەبەر چاوانی وی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەروەردە دەبون، جا تا ئەوپەڕی توانای بەرزبونەوەی مرۆڤ بەرز دەبونەوە، لەپاڵ ئەوەی كە گەشەی نوێ بە دەرونانی دەكرد لە تیژكردنی ورە و وزەكان تا ئەوپەڕی، بەپێچەوانەی ئەو نەوانەی لەپاش تەواوبونی بنیاتەكە لەدایكبون، هەروەها ئەو نەوەیەی بەدەستانی خۆی بنیاتەكە دادەمەزرێنێ و، لەقیتكردنەوەی ماندو دەبێ، پتر چاوی لێدەبێ تا نەرۆشێ نەوەك جوانی و بریقەداریەكەی تێكچێ..[1]

ئەو باروزروفە پێكەوە وایان لەو نەوە ناوازەیە كرد كە لە پیادەكردنی داخوازیەكانی (لا الە الا الله) بگاتە ئەو ترۆپكە بەرز و باڵایەی كە هەر خۆی پێی گەیشتو نەوەكانی دیكە نەیگەیشتنێ.

هەرچی ئەركەكانیشن ئەوا هەروەكو خۆیانن چۆن لە دوتوێی كتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دان، بەرپاكردن و ئەنجامدانیشیان وەك داخوازی بڕوا هەبوون بە (لا الە الا الله)، ئەوە

---

[1] . ئەو باروزروفە و كاریگەری لە پێكهاتەی نەوەی یەكەم بەشێوازە ناوازەكەی لە كتێبی (واقعنا المعاصر) بەندی (نقره الی الجیل الفرید) باسكراوە.

راستەکە پەیوەندی بەوەوە نیە کامە نەوە یەکەمینە یا ناوەڕاستە سان ئەوەی دواییە![1]

ئێستا دێینە دواهەمین پێگە و دەپرسین: ئایا لە واقیعی دەروونی مرۆڤایەتیدا دەکرێ مرۆڤ بڕوای بە شتێك هەبێ، پاشان ڕەفتارە واقیعیەکانی تێکڕا جودا یا پێچەوانەی داخوازیەکانی ئەو بڕوایە بن؟!

تەنیا یەك حاڵەت هەیە ئەو کەسانە دەیزانن کە بە چارەسەری نەخۆشیە دەرونیەکانەوە خەریکن و بریتیە لە حاڵەتی (لەتبوونی کەسێتی= انفصام الشخصية) کە نەخۆش تیایدا دو کەسێتی تەواو لێك جیاوازی دەبێ. وەکو ئەوەی هیچ پەیوەندیەکیان لەنێواندا نەبێت- یەکێکیان-بۆنمونە- چاکەکارە و ئەی دیکە خراپەکارە، نەخۆش لە نێوانیاندا دێ و دەچێ لەکاتی نۆرەی دەمارەهەڵچونی وا کە دەسەلاتی بەسەردا نەبێ، ئەمەش حاڵەتێکە نەخۆشیە و ئەرك لەسەر شانی خاوەنەکەی لادەبا.. لەگەڵ هەندێشدا خودی ئەم حاڵەتە بەهۆی ئەو ڕەفتارانەوە ئاشکرا دەبێ کە لەگەڵیدان و بۆی دەبنە بەڵگە! واتە لە ڕەفتارێکی کرداری کە لەپاڵ حاڵەتە دەونیەکەدایە!

هەرچی حالەتە گریمانەکەیە، کە بریتیە لە بوونی مرۆڤێك لە حالەتێکی سروشتیدا-واتە بە هۆشیاری ئیرادەوە- لەناخی دەرونیەوە بڕوای بە شتێکی دیاریکراو هەبێ و، پاشان لەسەرجەم هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانیدا تەنیا شتێك نەبێ کە بەڵگەی هەبوونی ئەو بڕوا داپۆشراوەی نێو ویژدان

---

[1] . لە هەمان بەندی ئاماژەبۆکراو لە کتێبی (واقعنا المعاصر) باسی ئەم خالەشم کردوە.

بێ (ئەمە جگە لە حاڵەتی زۆرلێكردن و ناچاری كە شاردنەوەی تەواو لە چاوی ئەو دوژمنانەی چاویان تێبڕیووە دەبێتە ئەرك) ئەم حاڵەتە لە واقیعی دەروونی مرۆڤدا مەحاڵە، بە درێژایی مێژو كەسێك باسی نموونەیەكی وای نەكردوە.

بەڵام هەرچی ئەوەیە كە دەشێ بەراستی وجودی هەبێ، بوونی بڕوایە بە شتێكی دیاریكراو، لەپاڵ هەبوونی هەندێك هەڵسوكەوتی پێچەوانە بە داخوازیەكانی ئەو بڕوایە. ئەمە حاڵەتێكی سروشتیە.. بەڵكو ئەمە حاڵەتی زاڵە لە رەفتاری مرۆڤدا! بەڵام ئەمە لە خۆڕا و بەبێ هۆ رونادات! هەروەك لە بەڵگە و ئاماژەش خاڵێ نیە.

هەرچی هۆیەكانیشە بریتیە لەو رووتێكردنەی لە دەروونی مرۆڤدا هەیە بەرەو خۆدزینەوە لە ئەركەكان بۆ وەرامدانەوەی ئەو هاندەرانەی لە ناوەوەی دەروندا لەكارن، چونكەئەركەكان-هەروەك لە رووكەشدا دیارە- كوت و بەندی ئارەزوەكانە، جا بۆ سنوورداركردنی بڕەكەی بێ یا بۆ سنووردارکردنی ئاراستەكەی. ئنجا دەروون روودەكاتە خۆدزینەوە لەو ئەركانە كاتێك پاڵدەداتە لای وەرامدانەوەیەكی بەرەڵای ئارەزوەكان، كەچی شتێك دەمێنێ-لە تۆژینەوە دەرونیەكانەوە تێبینی دەكرێ- ئەوەیە كە (بڕوا)-كە بۆخۆی فریشكە، چونكە لە فریشكی دەروونی مرۆڤدا هەیە كە بڕوای بە شتێكی دیاریكراو هەبێ- بەخۆی كۆتی ئارەزووەكانە، بڕەكەی دیاردەكا یان ئاراستەكەی دیار دەكا. بە شێوەیە ئارەزوەكان بە هەمان ئەو بڕ و هەمان ئەو ئاراستەیە ناڕۆن كە لەحالەتی نەبوونی ئەو بڕوایەدا روودەدەن، هەڵسوكەوتی واقیعیانەی مرۆڤیش دەرەنجامی ئەو هێز و رێكخەرانەیە كە لەنێو دەرونیدا لەكارن. جا پتر بە پیر داخوازیەكانی بڕواوە دەچێ یان زیاتر خۆیان لێ دەدزێتەوە بەپێی بڕی ئەم هێز و ئەو رێكخەرانە

پێکەوە لە هەمان کاتدا. بارەکانی مرۆڤی تاکیش لەنێوان ساتێك و ساتێکی تردا دەگۆڕێ بەپێی گۆڕانی بڕ و ڕێژەی نێوان ئەم و ئەو، بەڵام هەرگیز لەهیچ بارێکدا دەرەنجامی بڕوا نابێتە سفر، بەشێوەیەك بون و نەبونی یەکسان بن..

ئەمە سروشتی دەروونی مرۆڤە.. بۆیە ئەو زانایانەی بە نووری خوا شت دەبینن گوتویانە بڕوا زیاد دەبێ و کەم دەبێ.. بە یاخیبون کەمدەبێتەوەو بە گوێرشایەڵی زێدەدەبێ..

گومانیش لەوەدا نیە کە ئاین کۆتە.. جا بۆ بڕی ڕێگەپێدراوی وەرامدانەوەی ئارەزوەکان بێ، یا لە دیاریکردنی ئاراستەکەی.

خودای پاکو بەرز دەفەرموێ:

[تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا: ئەمانەن سنوری خوا، لە سنوری خوا دەرمەچن.]البقرة/٢٢٩.

[تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا: ئەمانە سنوری خودان نەچن توخونیان بکەون.]لبقرة/١٨٧.

بەمشێوەیە ئەم سنوورە دیاردەکا کە مرۆڤ دەتوانێ تیایدا وەرامی ئەو ئارەزوانە بداتەوە کە لە قەوارەکەیدا لەکارن و، لەم ئایەتە پیرۆزەشدا پوختکراوەنەتەوە:

[زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنْ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنْ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا: ئارەزوی ژنان کردن و کوڕی زۆر پەیداکردن و دەسکەوتنی کۆمای زلی زێو و زێڕان و ڕەوەئەسپی بەدروشم و وڵسات و زەوی کێڵانێ، بۆ مەردم ڕازاوەتەوە و لە ژیانی دنیایەدا مایەی خۆشین.]ال عمران/١٤.

هەروەها خودای بەرز دەفەرموێ: [يَاأَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاَ طَيِّبًا وَلاَ تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُبِينٌ: ئەی خەڵكینە! لەو بەروبوی سەرزەمینە، كامی ڕەوا و پاكە بخۆن، بەشوێن شەیتانیشا مەڕۆن، كە ئەو بۆتان دوژمنێكی ئاشكرایە.]البقرة/١٦٨.

دیسان دەفەرموێ: [وَلاَ تَنكِحُوا الْمُشْرِكَاتِ حَتَّى يُؤْمِنَّ وَلاَمَةٌ مُؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ: خواستنی بت پەرستان بۆ مێری باوەڕدار ڕەوا نیە، با زۆریشیان حەز لێبكەن، هەتا نەبنە خاوەن باوەڕ ناشێ بیكەنە هاوسەرتان. كەنیزی باوەڕدار بۆ هاوجوتی، لە ژنی ئازادی خودانەناس هێژاترن.]البقرة/٢٢١.

وە دەفەرموێ: [وَأُحِلَّ لَكُمْ مَا وَرَاءَ ذَلِكُمْ أَنْ تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُمْ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ: جیا لەمە ڕێودراوە بەدراوی خۆتان ژن بهێنن، بەڵام بە پاكی بێ نە بە داوێن پیسی.]النساء/٢٤.

بەمشێوەیە ئاراستەی ئارەزووەكانیش دیاردەكا.

حەڵاڵ و حەرامیش هەموی كۆتن لەسەر ڕێی ئارەزوان دەیاندەنێ تاكو بڕەكەیان دیاربكا یا ئاراستەیان.

سەرەڕای ئەمانەش ئەركی دیكە هەن جۆرە كۆتێكی دیكە لەڕێگەی خولیا و ئارەزووەكان دادەنێن كە بڕ و ئاراستەیان دیاریدەكەن، وەك نوێژ و زەكات و ڕۆژی و حەج و، ڕەوشتەكانی (لا الە الا اللە) و، لەسەر ترۆپكی هەمو ئەوانەش جیهادە لەپێناو خودا.

ئارەزووەكانیش-یا هاندەرەكان- خودا بێهودە لە قەوارەی مرۆڤی دانەناون، پاكی و بەرزی بۆ خودا لە بێهودەیی، هەروەها كۆتەكانیش خودا بەبێ مەبەست لەسەر ڕێی هاندەرەكانی دانەناون..

چونكە خودای پاكو بەرز زانیویەتی كە ئەركی جێنشینی لەسەر زەوی كە مرۆڤی بۆ وەدیهێناوە پێویستی بە كۆمەڵە هاندەرێك هەیە كە مرۆڤ بۆ كارو بزاڤ و بەرهەمهێنان هانبدا بۆ ئاواكردنەوەی زەوی. كە ئەمەش یەكێكە لە ئامانجە داواكراوەكان لە مرۆڤ و، لە نیشتەجێبونی سەرزەویدا بۆی تەقدیر كراوە:

[وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً: ئەو كاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی راگەیاند: من دەمەوێ بریكارێك لەسەرزەمین دیاری بكەم.]البقرة/٣٠.

[هُوَ أَنشَأَكُمْ مِنْ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا: ئەو لەم خاكەی وەدیهێنان و ویستی ئاوەدانی بكەن.]هود/٦١.

هەروەك ئەوانە لە ئامرازەكانی (رابواردنن) كە خودا لەسەر زەویدا بۆ مرۆڤی تەقدیر كردوە:

[وَلَكُمْ فِي الأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ: تا ماوەیێ دیاریكراو لەسەر زەمین رای ببوێرن.]البقرة/٣٦.

لە هەمانكات خاڵی تاقیكردنەوەیە كە خودا مرۆڤی بۆ وەدیهێناوە:

[إِنَّا جَعَلْنَا مَا عَلَى الأَرْضِ زِينَةً لَهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً: هەرچی لەم سەر زەمینەیە ئێمە كردن بە زەنبەری تا بیانئەزموین كامەیان كارچاكتر دەبن.]الكهف/٧.

هەرچی كۆت و رێكخەرەكانیشن ئەوا خودا زانیویەتی كە ئەوانیش پێویستن بۆ قەوارەی مرۆڤ تاكو ئەركی جێنشینی راستەڕێ ئەنجام بدا كە لێی داواكراوە.

جا وەرامدانەوەی تەواوی هاندەرەكان، كە سنورە ئارامەكان دەبەزێنێ، مرۆڤ لەناو دەبا و گەندەڵی دەكا و، لەو بەرزیەی دەترازێنێ كە خودا بۆ مرۆڤی چاكی تەقدیر كردووە بە باشترین شێوە وەدیهێناوەو، بەشێوەیەكی گردەبڕ لە ئاژەڵی جیاكردۆتەوەو، بەمانەش بۆ هەڵگرتنی ئەو ڕاسپاردەیە ئامادەكراوە كە ئاسمانەكان و زەوی و كێوەكان قایل نەبون هەڵیگرن و ترسیان لە هەڵگرتنی نواند چونكە بۆی ئامادە نەكرابون و، مرۆڤ هەڵیگرت..

جا كۆتەكان دو ئەرك لە ژیانی مرۆڤ ئەنجام دەدەن.

ئەو بڕە دیاریدەكەن كە مرۆڤ پێی وەرامی هاندەر و ئارەزوەكانی بداتەوە، بەمشێوەیە بڕە وزەیەك دەگێڕێتەوە لەوەی كە هەمو لە بواری بەرهەستدا بەفیڕو بڕوا. پاشان ئاراستەی ئەو وزەیە دیاریدەكا و لە كایەیەكی بەرهەستی پەتی بەرزی دەكاتەوە بۆ كایەی (بەها)كان، كە وێ،هی بونی هەرەبەرز و باڵا بۆ مرۆڤ وێنە دەكێشێ، ئەمەش هەمان ئەو ڕاسپاردەیەیە كە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەكاتەوە..

جا بەم شێوەیە.. لەنێوان هاندەرەكان و ڕێكخەرەكان قەوارەی مرۆڤ هاوسەنگ دەبێ و، سەربەستی بونی وەدیدی كاتی خۆی لەباشترین شێوەدایە.[1]

بەڵام مرۆڤ لە هەمو حاڵەتێكدا تەواو ڕێكناكەوێ و، لەهەمو حاڵەتێكیش لەسەر هاوسەنگیەكەی بەردەوام نابێ:

[عَهِدْنَا إِلَى آدَمَ مِنْ قَبْلُ فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْمًا: بەر لە ئێستاش دەگەڵ ئادەم پەیمانن بەست، لەبیری كرد و پێی نەكرا پێكی بێنێ.]طه/١١٥.

---

[1] . ئەگەر دەتەوێ لەمبارەوە بەشی یەكەمی (منهج التربيه الإسلاميه) بخوێنەوە لەگەڵ (دراسات فى النفس الإنسانيه) بەندی (الدوافع والضوابت).

((كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءٌ، وَخَيْرُ الخَطَّائِينَ التَّوَّابون: هەموو ئادەمیزادێك هەڵە دەكات و، چاكترین هەڵەكارانیش ئەوانەن كە تۆبە دەكەن.))[1]

جا لێرەدا گوناح روودەدا..

بەهۆی یەكێك لە هۆیەكان، یا بەهەردوكیان لە یەك كاتدا روودەدا.. یا بەهۆی توندبوونی فشاری هاندەرەكان بۆ سەر مرۆڤ-یا بەهۆی لاوازی رێكخەرەكان لە ساتێكی دیاریكراودا، یاخود بە كۆبوونەوەی هەردو هۆیەكان لە یەك كاتدا: توندی هاندەرەكان و، لاوازی ئەو ویستە رێكخەرەی كە بڕ و ئاراستە دیاریدەكا.

ئەوجا ئەنجامەكەشی لەقەدەر بەشداربونی هۆكارەكان دەبێ.. خۆ كاتێك هاندەر لاواز بێ ئەوا بە ئاسانی رێكدەخرێ، بەڵام جا ئەگەر بەهێز بو بۆی هەیە تەواو بەرپەرچی هاندەرەكە بداتەوەو گوناحەكە رونەدا، یان بە سوكی روبدا و تێپەڕێ كە قورئانی پیرۆز بە (لمم/ گوناحی چكۆلە) ناوی بردون. بەڵام كە لاواز بو ئەوا لەبەردەم فشارەكە دادەڕوخێ.

بڕواش بە خودا و بە رۆژی دوایی بەهێزترین كەرەستە یارمەتیدەرەكانی مرۆڤە بۆ بەرگریكردن بەرامبەر فشاری ئارەزووەكان و، بەقەد ئەوەی بڕوا بەهێز و چەسپیو بێ توانای مرۆڤ هێندە دەبێ بۆ رێكخستن لەناو ئەو سنورەی خودا بۆی كێشاوە، واتە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەكانی خودا دەبێ و، ئەو ئەركانە ئەنجاندەدا كە خودا لەسەری فەرزكردون و، ئەمەش مانای ئەوە نیە كە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی خۆی دابشۆرێ و ببێتە فریشتە و

[1]. ئەگەر دەتەوێ لەمبارەوە بەشی یەكەمی (منهج التربیە الإسلامیە) بخوێنەوە لەگەڵ (دراسات فی النفس الإنسانیە) بەندی (الدوافع والضوابت).

هەرگیز گوناهان نەکا! بەڵکو مانای ئەوەیە لە گوێڕایەڵی و ڕێکخستن و ئەنجامدانی ئەرکەکان لە ژیانیدا دەبنە بنەڕەت و، لەوانیش بترازێ ڕیزپەڕن و تێدەپەڕن کە نە تێیدا دەمێنتەوەو نە تێیدا نقوم دەبێ. ئنجا ئەم وەسفەی پەروەردگار دەیگرێتەوە:

[وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ(١٣٥)أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُمْ مَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ: ئەوکەسانەی هەرگا کاری خراپ دەکەن، یان ناحەقی لەخۆ دەکەن، خودا لەبیر نابەنەوەو لەبەری دەپاڕێنەوە لە خەتاکانیان ببورێ، بێڕگە خوداش کێ لە گوناهان دەبورێ؟ جا ئەوانە لەسەر کارێ کە زانیویانە هەڵەیە، پێداگر نین.. ئەوانە پاداشیان لەلای پەروەرێنیان لێبوردنە و باغاتێکە کە جۆباران بە بەریاندا دەڕۆن و هەر لەو باغاتە دەمێننەوە، بەها! چەندە جوانە پاداشتی ئاکار چاکان.]ال عمران/١٣٥-١٣٦.

بەڵام کاتێك بڕوا بە خودا و بەڕۆژی دوایی لاواز بوو-بەبڕی لاوازبونیشی- پێچەوانەی ئەوە دەبێتە بنەڕەت و، سەقامگیربون لەسەر فەرمانی خودا دەبێتە حاڵەتێکی تێپەڕ کە پاشان بەرەو گوناح و تاوان و گەندەڵی سەرەوژێر دەبێتەوە.

لە هەموو حاڵەتێکیشدا دەرەنجامی بڕوا قەت نابێتە سفر و، هەرگیز بوون و نەبونی یەکسان نابن، بەشێوەیەك مرۆڤ تاکە کردەوەیەك لە کردەوەکانی ئیسلام ئەنجام نەدا!!

گوناهیش-بەکۆڕایی زانایان- مرۆڤ لە ئیسلام وەدەرنانێ ..[1] بەڵکو ئەوە لە ئیسلام دەیباتە دەرەوە کە گوناهێك بە حەڵاڵ دانێ-ئەگەرچی ئەنجامیشی نەدابێ- بەحەڵاڵ دانانیش کردەوەیەکی تەواو جیاوازە لە کەوتنە ناو گوناهان.

کەوتنە ناو گوناح ساتێکی لاوازیە کە بەسەر مرۆڤ دادێ و لەبیر دەکا، هەروەکو ئادەم پێشتر لەبیری چوو، وورەشی دەڕوخێ. جا بڕ،ا ناکەوێتە بەر هەستی، هەرچەندە هێشتا لە دڵیشیدا مابێ.

پێدەچێ ئاماژەکەی پێغەمبەری خواس صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر بۆ ئەمە بێ کە دەفەرموێ:

((لاَ يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزنِي وَهُوَ مُؤمِنٌ، وَلاَ يَسرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسرِق وَهُوَ مُؤمِنٌ: زیناکەر کە زینا دەکا بڕوادار نیە و، دزیش کاتی دزی بڕوادار نیە.)).[2]

پاشان مرۆڤ لە ساتی لاوازی وەئاگادێ و دێتەوە یادی و، داوای لێخۆشبون دەکا و، خوداش لێیخۆشدەبێ.

هەرچی بەحەڵاڵدانانە ئەوە خۆ بە گەورەزانینە لە ئاست پەرستنی خودا و ملکەچ بون بۆ فەرمانی، وەك ئەوەیە خاوەنەکەی بڵێ: خودا ئاوها دەڵێ، بەڵام من لەو مەسەلەیەدا بۆچونێکی دیکەم هەیە، هەوەکو شەیتان کاتێك بانگەوازی یاخیبونی لە فەرمانی خودای-بەرز و بەتوانا- راگەیاند کە پێی فەرمو سوژدە بۆ ئادەم ببا، بەڵام شەیتان گوتی:

---

[1]. تەنها (خەواریجەکان) لەگەڵ ئەمەدا نین.

[2]. متفق عليه

[أَنَا خَيْرٌ مِنْهُ خَلَقْتَنِي مِنْ نَارٍ وَخَلَقْتَهُ مِنْ طِينٍ: گوتی: دیارە من خۆم لەو چاکتر دەزانم، منت لە ئاگر، ئەوت لە قوڕ وەدیهێنا.]ص/٧٦.

یان گوتی: [لَمْ أَكُنْ لأَسْجُدَ لِبَشَرٍ خَلَقْتَهُ مِنْ صَلْصَالٍ مِنْ حَمَإٍ مَسْنُونٍ: من چۆن سوژدە دەبەم بۆ مرۆیەك، لە قوڕەڕەشەی بۆگەنیوی ڕەق هەڵاتوت چێکردوە؟]الحجر/٣٣.

ئەمەیە کە خودای پاك لێی خۆشنابێ چونکە شرکە:

[إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ: خودا لەوانە نابورێ کە شەریکی بۆ بناسن، لەوەپێوە لەهەرکەسێ بۆ خۆی حەزکا، عافوی دەکا.]النساء/١١٦.

بەڵام ئایا سنوری گوناح لە کۆمەڵگەی موسڵماندا چیە؟

ئایا دەکرێ ئەم سنورە رابکشێ و هەمو کۆمەڵگە بگرێتەوە. پاشان رابکشێ و هەمو کردەوەیەك لە کردەوەکانی ئیسلام بگرێتەوە؟!

ئایا لەپاش ئەوە کۆمەڵگەیەکی (موسڵمان) دەمێنێ؟! تەنیا بە باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان؟!

ئێمە ئەگەر ئەوەمامن پێ دروستبو کە مەبدەئی (باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان) (بڕوا) بێ و... واماندانا کە بڕوا بەمانە وەدیدێ ئەگەرچی مرۆڤ یەك کردەوەی ئیسلامیشی جێبەجێ نەکرد، بە بانگەشەی ئەوەی گوایە کردەوە ناکەوێتە بەر ناوەڕۆکی بڕوا و، بڕیارماندا-بەپێی ئەم بۆچونە- کە ئەم هێندە بەسە بۆ بەخشینتی سیفەتی ئیسلام لە دونیا و چونە بەهەشت لە رۆژی دواییدا.. ئەگەر ئەوەمان بۆ تاکەکەسێك بە ڕەوا دانا، ئایا بۆمان هەیەت لە هیچ تاکێکی دیکەی قەدەغە بکەین؟ یا لە هەمو تاکەکان ئەگەر بەخۆیان بیانەوێ؟!

جا حاڵمان چۆن دەبێ ئەگەر کۆمەڵگەیەکمان هەبوو هەمووی (موسڵمان)ی (بڕوادار) بێ بەم شێوەیە؟!

ئایا هیچ شتێکی لەوانە لێوەدی دێ کە خودا بەناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبان مەبەستی بوو؟

هەر بۆ وەبیرهێناوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایەتەی کە ئامانج لە ناردنی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێبان دیاردەکا:

[لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمْ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ: ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بە چەند بەڵگەی ئاشکراوە و وێڕای ئەوان، کتێب و هۆی هەڵسەنگاندنمان ناردە خوار، هەتا خەڵك بێ‌جیاوازی لەناو یەکا ڕەفتار بکەن.]الحديد/٢٥.

ئایا خەڵك بەمشێوەیە دادگەری بەرپا دەکەن؟!

دیسان هەر بۆ وەبیرهێناوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ئایەتانەی ئامانجی دەرخستنی خودی ئەم ئوممەتە دیاردەکا.

[كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ: ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرو هەڵدا، فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن، باوەڕیشتان بەخوا هەیە.]ال عمران/١١٠.

[وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا: بەو ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردۆتە ئۆمەتێکی هەڵبژاردە، تا ئاگاو لە مەردم هەبێ و پێغەمبەریش چاوەدێریتان لێبکا.]البقرة/١٤٣.

[وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمْ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ

الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ: بە دڵ و دا و-وەك پێویستە- لەڕای خودا بچنە خەزا. ئەو هەر خۆی ئێوەی هەڵبژارد، لەم دینەشدا توشی زەحمەتی نەكردون، هەر ئایینی ئیبراهیمی باوەتانە، لەپێشدا و لەم قورئانەشدا، هەر ئەو ناوی نان موسڵمان، تا پێغەمبەر بە شایەت بێ لەسەر ئێوە و ئێوەش شایەت بن لەسەر خەڵك. سا نوێژ كەن و زەكات بەن و پشتو هەر بە خوا ببەستن، ئای چەن گەورە و یاریدەرێكی هێژایە.]الحج/٧٨.

جا ئایە بەمشێوەیە هیچ شتێك لەم ئامانجانە دێنە دی؟! ئایا خودا-ی بەرز و تەوانا- لەمجۆرە خەیاڵەی-یا ئەم رەفتارە هەڵەی- ئاگادار نەكردوینەوە كە باسی بەنی ئیسرائیلمان بۆ دەكا، تا ئێمەش دوچاری نەبین:

[فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ وَرِثُوا الْكِتَابَ يَأْخُذُونَ عَرَضَ هَذَا الأَدْنَى وَيَقُولُونَ سَيُغْفَرُ لَنَا وَإِنْ يَأْتِهِمْ عَرَضٌ مِثْلُهُ يَأْخُذُوهُ أَلَمْ يُؤْخَذْ عَلَيْهِمْ مِيثَاقُ الْكِتَابِ أَنْ لاَ يَقُولُوا عَلَى اللَّهِ إِلاَّ الْحَقَّ وَدَرَسُوا مَا فِيهِ وَالدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ: ئەوسا جێنشینانێكی بەدفەڕ هاتنە جێگایانو، كتێبەكە لای ئەوان بە كەلەپور ما، كە هەر بۆ تەماحی دنیا تێدەكۆشان. دەشیانگوت: ئێمە هەر زۆر زو عافو دەكرێین. ئەگەر دیسانیش لە شتێك دەستیان گیربا، وەریان دەگرت. مەر لەو كتێبەدا لەوان پەیمان وەرنەگیرا، لەراستی بەولاوە دەربارەی خوا نەخێون؟ كە هەرچی تێشیدا هەبو خوێندبویان. ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی خۆپارێزن زۆر باشترە، هێشتا ئێوە تێناگەیەن؟]ألعراف/١٦٩.

یان ئەمە ئەركێكە تەنیا لە ئەستۆی بەنی ئیسرائیل دایە و (ئوممەتی موسڵمان)یشی لێ عەفو كراوە؟!

بۆ دورخستنەوەی ئەم خەیاڵە حوزەیفە(خوا لێی رازی بێت) گوتی: بەنی ئیسرائیل باشترین برای ئێوەن ئەگەر هەرچی شتی خۆش و شیرینە بۆ ئێوە بێ و هەرچی ناخۆش و تاڵیشە بۆ ئەوان بێ. !![1]

گومان لەوەدا نیە ئەو (كۆمەڵگە)یەی ئەمجۆرە بیرە گەندەڵانەی دەربارەی (بڕوا) و دەربارەی (داخوازیەكانی لا اله الا الله) تێدا بلاوبێتەوە دەبێە ئەو كەفەژیلكەیەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ لێئاگاداركرنەوە باسی فەرموە: ((يُوشِكُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمُ الْأُمَمُ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ عَلَى قَصْعَتِهَا. قَالوا: أَمِنْ قِلَّةٍ نحن يَوْمَئِذٍ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُم غُثَاءً كَغُثَاءِ السَّيْلِ: هێندەی نەماوە ئومەتەكات تێتان وروكێن چۆن بخۆر لە لەگەنێ دەوروكێن. گوتیان: لەبەر كەمی ژمارەمان لەو ڕۆژیدا؟ فەرموی: ئەو ڕۆژی ئێوە زۆرن، بەلام وەك كەفەژیلكەی باران وان.)) [2].

بەراستیش ئوممەتەكان پڕ دەدەنە ئەو كەفەژیلكەیەی كە هەر بە باوەڕپێكردن و دانپێداهێنان رازیە و، وا خەیاڵ دەكا كە بڕوای وەدەست هێناوە.!!

هەرچی كۆمەڵگەی موسڵمانیشە-كە بە شەرعی خوا حوكم دەكا- ئەو گوناهانەی تێدا رودەدا كە خودا قەدەری لەسەرە، بەلام لە هەمو بارێكدا بەلای كەمی دو كردەوە هەر دەمێنن كە هیچ مرۆڤێك وازیان لێناهێنن تا لە كۆمەڵگە موسڵمانەكەدا وەكو موسڵمان مامەڵەنی لەگەڵدا بكرێ و، لێپێچانەوەشی لەسەر خوا دەبێ و، هەتاكو لە سزای فەوتێنەر قوتار بێ لە

---

[1]. رواه الطبراني عن حذيفة من أكثر من طريق، أنظر تفسير الطبري ٢٥٣/٦ الطبعة الثالثة ١٣٨٨هـ

[2]. اخرجه احمد وأبوداود

ژیانی دنیا، ئەو دو كردەوەیەش بریتین لە نوێژ و حوكم بردنە بەر شەریعەتی خودا، ئەمانەش ئەو دو فاكتەرە بون كە بۆ ماوەی سێزدە سەدە لە بەڵگەنەویستەكانی كاری موسڵمان بون لەی كۆمەڵگەی ئیسلامیدا(هەرچەند لە ناخی دەرونی كافر یا دوڕوش بوبێ) سەرەڕای هەمو ئەو لاڕێبونەی نەوە دوای نەوە موسڵمانان تێیكەوتن و، سەرەڕای ئەو هەمو خۆدزینەوەی لە ئەركەكانی ئیسلام ئەنجامیاندا و.. لەم سەدەیەی دوایش دەرچێ هەرگیز بە ئاشكرایی كەسێك وازی لێیان نەهێناوە..

بەمشێوەیە ئەوە روونبۆوە كە مەحاڵە مرۆڤ دەسبەرداری هەموو داخوازیەكانی (لا اله الا الله) بێت، هەر بڕواداریش مابێ بە (لا اله الا الله).. مەحاڵە بەگوێرەی ئەو ئامانجانەی پێغەمبەرانیان بۆ ناردراوەو كتێبیان لەگەڵ دابەزێنراوە. هەروەها مەحاڵە بەگوێرەی واقیعی ئەو كۆمەڵگە موسڵمانەی كە حوكم بە شەریعەتی خوا دەكا و، مەحاڵە بەگوێرەی واقیعی دەروونی مرۆڤ، جا دەبێ ئەو كەسانەی پشتیان بە چ بەستابێ كە دەڵێن: هەموو داخوازیەكانی بڕوا بریتیە لە باوەڕپێكردن و دانپێداهێنان. كردەوەكانیش-ئەگەر لەپاش ئەمە مرۆڤ ئەنجامیدا- ئەوە بەرزبونەوەی پلەوپایەیە و، ئەگەر ئەنجامیشی نەدان بۆ بڕواكەی چ باس نیە، ئەو بڕوایەی كە تەنیا بەهۆی باوەڕپێكردن و دانپێداهێنان بەتەواوی دێتە دی؟!

بێگومان ئەمە قسەی مورجیئەكانە لەگەڵ ئەوانەی بە پێكی ئەوان لێیانداوە.. ساكارترین پێداچونەوەی مێژووی گروپەكانیش، سەرچاوەی ئەو قسەیەمان پیشاندەدا كە زۆر بە روحی ئیسلام نامۆیە. هەرچەند لە

راستیدا مورجیئە کۆنەکان-لەگەڵ ئەو هەمو لارێبونەی لە تێگەیشتنی ئیسلام دایانهێنا- هەرگیز بۆی نەچون-هەرگیز نەشگەیشتنە ئەوەی- کە نوێژ یا حوکم بردنە بەر شەریعەتی لاببەن هەروەکو مورجیئە تازەکان لایان بردن، چونکە بە درێژایی سێزدە سەدەی یەکەم بە خەیاڵی کەس دا نەهات کە تاکە مرۆڤێك لەسەر خاکی ئیسلامی هەبێ و بکرێ بە موسڵمان ناوببرێ لە ژیانی دنیا و، بە زندوییش بمێنێ، لەکاتێکدا سێ‌ڕۆژ لەسەر یەك نوێژی پشتگوێ خستبێ، یان حوکم بباتە بەر غەیری شەریعەتی خوا.

بەڵام مورجیئە کۆنەکان-لەگەڵ ئەوەشدا- هەرئەوان بون ئەو تۆوە ژەهراویەیان چاند کە مورجیئە تازەکان لێیان چنین و، ئیسلامێکی نوێیان لێ‌ڕواند کە نە کتێبێکی پێ دابەزیبو و نە پێغەمبەرێکی پێ رەوانەکراو.. ئیسلامێکی بەبێ ئەرك! یا بڵێ: ئیسلامێکی بەبێ ئیسلام!!

مورجیئەکان-چ کۆن و چ تازەکانیان- پشت بە چ دەبەستن کە هەموو داواکراو بۆ چەسپاندنی بڕوا بریتیە لە دانپێدانانێك بەزمان بەگوێرەی ژیانی دنیا و، باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان بەگوێرەی ژیانی دوایی؟!

یەکەم شت پشتیان پێبەستابێ مەدلولی زمانەوانی وشەی بڕوا(ئیمان)ە و، گوتیان: بریتیە لە باوەڕپێکردن، پاشان گوتیان: لە ئایەتەکانی قورئاندا کردەوەی چاك بە مەعتوفی لەصاش ئیمانەوە دێ: [الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ]، پیتی واویش لێرەدا جیاوازی دەگەیەنێ، جا بەمجۆرە بڕوا شتێکە و کردەوەی چاکیش شتێکی ترە، لە هەمان رەگەز نییە و ناچێتە ناوی.

جا هەرچی بەڵگە هێناوەیە بە مەدلولی زمانەوانی ئەوە خەڵەتاندنێکی ئاشکرایە! چونکە مەدلولی زاراوەیی-کە هەندێك بێژەی دیاریکراو لە

قورئاندا وەریانگرتووە وەك: ئیمان و، نوێژ و، زەكات- دەچێتە نێو واتای زمانەوانی بە گشتی، بەڵام كە ئیسلام بەكاریدێنێ واتایەكی تایبەت و سیفەتێكی تایبەت وەردەگرێ، كە دروست نیە واتای زمانەوانی چیدیكە بۆ بكرێتە بیانو.

نوێژ(الصلاة) لە زماندا واتای نزا(دعاء) دەگەیەنێ، بەڵام ئایا دەكرێ بڵێین كە نوێژ-بە واتا تایبەتیەكەی لە زاراوەسازی ئیسلامیدا- تەنیا نزایە، جۆرێك نزا-بەهەر شێوەیەك بێ- جێگەی نوێژ بگرێتەوە بە ركوع و سوژدە و قورئان خوێندنەوەكانی و ئەو رێكخەرانەی هەیەتی لە واجبێتی پاكژی لە پێش نوێژ و، واجبێتی نوێژكردن لە كاتەكانی دیاریكراوی خۆیدا...تاد؟!

بڕواش بە هەمان شێوە.. لە زماندا بریتیە لە باوەڕپێكردن، بەڵام-بە واتا زاراوەییە ئیسلامیەكەی- شێوەیەكی دیاریكراوی باوەڕپێكردنەكە كۆمەڵە داخوازیەكی دیاریكراوی هەیە، لە كردەوەی دڵ وەكو خۆشەویستی و سەرشۆڕی و ملكەچی و خۆبەدەستەوەدان و، واجبونی گەڕانەوە بۆ لای خوا لەكاتی حوكم كردن لەسەر هەر مەسەلەیەك لە مەسەلان، یا هەڵوێستێك لە هەڵوێستان، یا هەڵسوكەوتێك لە هەڵسوكەوتان، داخوا حەڵاڵە یا حەرامە یا موباحە یا مەكروهە یا مەندوبە، هەروەها كردەوەی ئەندامەكانیش كە ئەنجامدانی دروشمەكانی پەرستن دەگرێتەوە لەگەڵ دەستپێوەگرتنی رەوشتەكانی (لا الە الا اللە) لە رەفتاری كرداریدا، لەپاڵ ملكەچ بونی كرداری بۆ ئەحكامی شەریعەت لەو كێشانەی كە لە ژیانی خەڵكیدا لە هەر ساتێك لە ساتەكانی ژیانییاندا رودەدەن:

[إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ، الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ، أُوْلَئِكَ هُمْ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَهُمْ دَرَجَاتٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ

كَرِيمٌ: خاوەن بڕوا ئەو کەسانەن هەر کە ناوی خودا برا، دڵیان ترسی ڕێ دەنیشێ و کە نیشانەکانی ئەویان بۆوەخوێ،ن، بڕوایان بەهێزتر دەبێ و دەربەست خۆیان بە پەروەرێنیان دەسپێرن.. ئەوانەن کە نوێژ دەکەن و لەو بژێوەی بەشمان داون بەشی هەژارانیش دەدەن.. باوەڕداری بێکەمایەسی ئەمانەن کە لە پەروەرێنیانەوە پلەوپایە و لێخۆشبون و بژێوی پەسندیان هەیە.]الانفال/٢-٤.

[فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا: بەڵام نەخێر، سوێندەکە بە پەروەرندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوان خۆیانا بتکەنە قازی و لە دڵەوەبە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕەدایان بێ و بە تەواوی ملکەچی بن.]النساء/٦٥.

[يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و کاربەدەستانی خۆتان بن، هەرکاتێکیش لەسەر شتێك لەنێوخۆدا پێك نەهاتن، ئەگەر بڕواتان بە خودا و بە ڕۆژێ قیامەی هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن.]النساء/٥٩.

[قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاَتِهِمْ خَاشِعُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ، إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ، فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْعَادُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ لأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ، أُوْلَئِكَ هُمْ الْوَارِثُونَ، الَّذِينَ يَرِثُونَ الْفِرْدَوْسَ هُمْ فِيهَا

خَالِدُونَ: بێگومان باوەڕداران، رزگارانن.. ئەوکەسانەی لە نوێژیاندا خۆیان بە گەورە نازانن.. ئەوانەش کە لە قسەی پوچ دوری دەکەن.. ئەوانەش کە زەکات دەدەن.. هەر ئەوانەش کە شەرمی خۆ دەپارێزن، مەگین لە هاوسەری خۆیان یان ئەوەی ملکی خۆیانن، کە نابێ سەرکۆنە بکرێن، هەرکێش جیا لەمانەی بوێ، ئەوە لە ئەندازە لادەرە.. ئەوانەش-لە رزگاران- کە ئەمانەت و بەڵێنیان دەپارێزن.. ئەوانەش کە لەسەر نوێژ خۆندنێ سورن.. ئەمانە گشتیان بەشبەرن.. ئەو کەسانەی کە بەشبەری بەهەشتن و تا هەتا هەر تیا دەبن.]المؤمنون/١-١١.

ئەمانە هەموی داخوازی (باوەڕپێکردن)ن بە واتا زاراوەییە تایبەتیەکەی کە قورئان بە وشەی (بڕوا= الإيمان) گوزارشی لێکردوە و، مەدلولی زمانەوانیشی لێ نابێتە بیانو، وەك چۆن نابێتە بیانو لە واتای نوێژ و لە واتای زەکات و زاراوە ئیسلامیەکانی دیکە، کە بەکارهێنانە زمانەوانیەکەی سنوردار کراوەو، داخوازیگەلێکی دیاریکراوی خراوەتە سەر کە مەرج نیە واتای زمانەوانی هەڵیانگرێ.

هەرچی بیانو هێنانەوەشە بەوەی کە کردەوەی چاك (عمل الصالحات) لە دەربڕینی قورئانیدا بە مەعتوفی لەسەر بڕوا هاتوە، ئەمە کردنە بەڵگەی ئەوەی کە کردەوە ناچێتە نێو ناوەڕۆکی بڕوا چونکە (واو) جیاوازی دەخوازێ، چونکە هیچ شتێك بۆ سەر خهۆی مەعتوف نابێ.. ئەمەش لە بیانوی یەکەم کەمتر دانەڕزاوەو خەڵەتاندنی کەمتر نیە!

خودای بەرز دەفەرموێ: [مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِلَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِلْكَافِرِينَ: هەرکێ دژی خودا و پێغەمبەرەکانی و فریشتانی و جوبرائیل و میکایل بێ، خوداتش دژی خوانەناسانە.]البقرة/٩٨.

لەم ئایەتەدا ئاشکرایە کە جبریل و میکال لە هەمان ئەو فریشتانەن کە پێشتر باسیان هاتوە، ئەمەش ڕێی لەوە نەگرتوە کە جبریل و میکال بە مەعتوفی بێن لەسەر فریشتان. چونکە عەتفی بەشێك لەسەر هەمو، یان عەتفی تایبەت لەسەر گشت دروستە و لەو زمانەدا ناسراوە کە قورئانی پێ دابەزیوەو بۆ واتاگەلێکی ڕەوانبێژی ناسراو بەکارهاتوە.

هەروەها خودای بەرز دەفەرموێ: [الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ: ئەو کەسانەی تەختی خوایان هەڵگرتوە و ئەوانەی بەدەوری ئەودان، بە سوپاسی پەروەرندەیان خەریکن و بڕوایان هەر بەوی هەیە.]غافر/٧.

لێرەدا پاکیگاری (التسبیح) وەپێش خراوە، کەچی بۆ خۆی لە داخوازیەکانی بڕوایە، لەو کردەوانەن کە لەگەڵ بڕوادا جووتن ئەمەش نە بۆتە ڕێگر لەوەی کە ئیمان لەسەر عەتف بکرێ. چونکە عەتفی (کل)ی دواخراو لەسەر (جزو)ی پێشخراو دروستە و لە زماندا ناسراوە بۆ هەندێك واتای ڕەوانبێژی.. هیچ شتێکیش لەمەدا جیاوازی لەنێوان (معطوف) و (معطوف علیە) ناخوازێ. نە لە نمونەی یەکەم و نە لە نمونەی دووەم، بەڵکو هێند نزیك و جوتن لەگەڵ یەکتر، گەیشتۆتە لەخۆگرتن: یەکێکیان ئەوەی دیکە لەخۆ بگرێ، یا جوتبونی گشت بە تایبەت.

هەروەك بەڵگە هێنانەوە بەو عەتفەی لە ئایەتە قورئانیەکاندا لەنێوان بڕوا و کردەوەی چاکدا هاتوە بۆ سەربەخۆیی هەریەکەیان لەوەی دیکە و نەچونە نێو ناوەڕۆکی نێو واتای. ئەمەشیان بە چەند ئایەتێکی دیکە پوچ دەکرێتەوە کە باسی کراوە بە جوتی لەگەڵ کردەوەی چاك نەك بە مەعتوف.

[وَمَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُوْلَئِكَ لَهُمْ الدَّرَجَاتُ الْعُلاَ(٧٥)جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَنْ تَزَكَّى: هەركەسیش خاوەن باوەڕ و ئاكار چاك بێ و بچێتە لای، ئەنوای ئەوان وان لە پلە بەرزەكانا. نشیمەنیان باغاتێكە جۆباریان بەبەردا دەڕوا و تا هەتایە تیا دەبن. ئەمەیە پاداشی پاكان.]طه/٧٥-٧٦.

تێكڕای حاڵەتەكە لێرەدا ئەوەیە كە واژەی [قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ: كە كردەوەی چاكی ئەنجامدا.] لە دوو واتایان بترازێ چیدیكە هەڵناگرێ: یا ئەوەتا كردەوەی چاك داخوازی و ناوەرۆكی بڕوایە، بە واتای ئەوەی هەر كەسێكی بڕواداربێ حاڵی وایە دەبێ كردەوەی چاكی كردبێ، یا ئەوەتا دەبێ كردەوەی چاك-لەگەڵ بڕوادا- هەروەك مەرجی چوونە بەهەشت بن، لەهەردو باریشدا بڕوا و كردەوەی چاك جوتن لەسەرتادا بێ یا لە سەرەنجام یا لە هەردوكیان پێكەوە.

خۆ ئەگەر بگوترێ: كردەوەی چاك مەرجن بۆ گەیشتن بە (پلە بەرزەكان) بە تەنیا نەك هەر چونە بەهەشت و تاكە مەرجی چونە بەهەشتیش باوەڕپێكردن و دانپێدانانە، ئەوا ئەو ئایەتەی لە سورەتی نیساندا هاتوە ئەمە دەپوكێنتەوە:

[وَمَنْ يَعْمَلْ مِنْ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا: هەر مرۆیەك-نێر بێ یان مێ- هەر هێندە خاوەن باوەڕ و ئاكارچاك بێ، دەچنە بەهەشتەوەو بە ئەندازەی تڵیشی وردیلەی ناوكەخورمایەش ناهەقیان لێناكرێ.]النساء/١٢٤.

لێرەدا باسی كردەوەی چاك پێشكەوتوەو مەرجەكەشی لە تێكڕای حاڵەتەكەدا هاتوە(كە بڕوادار بێ) جا سەرەنجامیش چونكە بەهەشتە نەك پلەبەرز و باڵایەكانی!

هەروەها کە خودا دەفەرموێ: [وَيُبَشِّـرَ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُـمْ أَجْـرًا حَسَـنًا: بـە ئـەو خـاوەن بـاوەڕانـەی ئاكارچـاكن مـژدە بـدا کـە پادشای باشیان دەبێ.]الكهف/٢.

لێرەشدا واتایەکە لەوە دەرناچێ کە کردەوەی چاکە ئیشی بڕوادارانە، یان کردەوەی چاك لەگەڵ بڕوا مەرجە بۆ دەسکەوتنی پاداشتی باش.

ئایەتەکانیش تێکڕا بەڵگەی رون و ئاشکرایان لەخۆ گرتوە هەمو قسەکانی مورجیئـان بـەتاڵ و پـوچ دەکاتـەوە کـە لـەبارەی جـودایی بـڕوا لـە کـردەوە گوتویانە و، لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیان کە گوایە ئەو بڕوایەی لەلای خودا قبوڵ دەکرێ و دەبتە مایەی چونە بەهەشت تەنیا بریتیە لە باوەڕپێکردن و دانپێداهێنان!

هەروەها مورجیئە گوناهیان کردۆتە بیانوو..

گونـاح کـە کـردەوەی ئەنـدامان بـەپێی یەکـدەنگی زانایـانی ئیسـلام مـرۆڤ لـە بڕوا دەرناکا، کەواتە دەبێ بڕوا شتێك هەر تەنیا بەخودی خۆی بەرپابێ و، بە کردەوە پەیوەست نەبێ، ئەگینا سیفەتی ئیمان لەو کەسە دادەشۆری کە گوناهێك ئەنجامدرا و بە بڕواداری نامێنێ.

بیانوگرتنیـان بـە گونـاهیش بەمشـێوەیـە-وەك هـەم بیانوەکانیـان-خەڵەتاندنێکی ئاشکرایە!

راستە گوناه مرۆڤ لە بڕوا دەرناکا، بەڵام بێگومان کارپێدەکا!

کاریگـەری گونـاهیش کـە خـاڵی مـرۆڤ حەقیقەتێکـە پێویسـتی بـە دوپاتکردنـەوە نیـە، چونکـە شـتێکی تێبینکـراوی بینراوی رۆژانـە، بـەڵام ئـەو

راڤەكردنەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مان بەسە كە لە هەمو خەڵكی زاناترە بە حەقیقەتی بڕوا و، حەقیقەتی دڵی مرۆڤ و، حەقیقەتی كاریگەریی گوناهان لەسەری وەك دەفەرموێ:

((إِنَّ العَبْدَ إِذَا أَخْطَأَ خَطِيئَةً نَكَتَت فِي قَلْبِهِ نُكْتَةً، فَإِذَا هُوَ نَزَعَ وَاسْتَغْفَرَ وَتَابَ صَقَلَ قَلْبُهُ، وَإِنْ عَادَ زِيدَ فِيهَا حَتَّى تَعْلُوَ قَلْبُهُ، وَهُوَ الرَّانُ الَّذِي ذَكَرَهُ اللهُ تَعَالَى: [كَلاَّ بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ، كَلاَّ إِنَّهُمْ عَنْ رَبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَمَحْجُوبُونَ، ثُمَّ إِنَّهُمْ لَصَالُوا الْجَحِيمِ: ئەگەر بەندە گوناهێكی كرد پنتێكی لە دڵدا دروست دەكات، جا ئەگەر وازی هێنا و داوای لێخۆشبونی كرد و ژیوان بۆوە، دڵی زاخاو دەدرێتەوە، ئەگەر گەڕایەوە سەریشی ئەوا زیاد دەكا هەتا دڵی دادەگرێ، ئەمەش ئەو (ران)هیە كە خودای گەورە باسی كردوە: [كە واش نیە، بەڵكو ئەوان ژەنگی كارەكانی خۆیان بۆتە توێژێكی سەر دڵیان.. هیچ وا نیە! دیارە ئەوان لەو رۆژەدا لە بەزەیی پەروەرێنیان، فرە دورن.. لەئاكاما ئەوان-بێسۆ- دەچنە دۆزەخ.]))

دڵیش جێگەی بڕوایە.. جا چۆن دڵی رەشی لەگەڵ دڵی سپی لە رووی بڕواوە یەكسان دەبێ؟!

بڕوا دەكەوێتە بەر كاریگەری تاعەت و گوناهان و زیاد و كەم دەبێ، هیچ بۆچوونێكیش ئەوە قبوڵ ناكا كە باری بڕوا لە زیادبووندا وەكو باری بڕوا وابێ لەكاتی كەمبوونەوەدا.

لەگەڵ ئەوەش-هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆ كرد- دەبێ سنورێك بۆ گوناهان دابنێین و لێی تێنەپەڕین هەرچەند چوارچێوەكەی فراوان بێ. ئەم سنورەش ئێمە لەخۆمانەوە داینانێین، بەڵكو لە كتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵدەهێنجرێ. چونكە گوناح لە بە

حەلاڵدان جودایە و، بە حەلاڵدانان مرۆڤ لە بڕوا دەردەکا هەرچەندە کرداری نەهی‌لێکراویشی ئەنجام نەدابێ.
گوناهیش ئەوە ناگرێتەوە کە بنچینەی بڕوا هەڵبوەشێنتەوە، یاسادانانیش بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوە(واتە حەلاڵکردن و حەرامکردن بەبێ فەرمانی خوا) لەو شتانەیە کە بڕوا هەڵدەوەشێنێتەوە.
ناکرێ لە هەمانکاتدا یان لە هەمانکەسدا، گوناح هەمو داخوازیەکانی (لا الە الا اللە) بگرێتەوە. هەرکەسێکیش بە درێژایی ژیانی خۆی تەنیا یەك لەکردەوەکانی ئیسلام ئەنجام نەدابێ مەحاڵە کە یەك گەرد بڕوای لە دڵیدا هەبێ!!

هەروەها بیانویان بەوە هێناوە کە بۆ ئەوەی خەڵك بێنە ناو ئیسلام تەنیا داوای ئەوەیان لێکراوە بەزار شایەتمان بێنن، هەرکەسێکی شایەتمانیشی هێنا یەکسەر بە موسڵمان دادەنرا و، حوکمە دیارەکانی ژیانی دنیاشی بەسەردا تێپەڕ دەکرا و، لەرۆژی دواییشدا لێپێچانەوەی لەسەر خوا بو.
ئەمەش لە گەورەترین هەڵخلیسکانی تێگەیشتنە لەبارەی داخوازیەکانی (لا الە الا اللە)! چونکە ئەمە بەخۆی حەقیقەتە، بەلام دەلالەتەکانی بەمشێوەیە نیە کە بۆی دەچن.. ئەمەش بەڵگەیە!
راستە هەرکەسێکی دەهاتە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیگوت: (أشهد أن لا الە الا اللە وأن محمداً رسول اللە)-یا شتێکی بەم واتایەی دەگوت) یەکسەر بە موسڵمان حسێبدەکرا و، دەچوە ریزی کۆمەڵگەی موسڵمان، تەنانەت ئەگەر بە دوروییش بیگوتبا.

بەڵام بەڵگەهێنانەوە بەمە بۆ ئەوەی-تەنیا- بەزمان گوتنی (لا الە الا اللە) سیفەتی ئیسلامی لەژیانی دنیادا بەخشیوەو، لەوەش زیاتر چیدی لە مرۆڤ داواناكرێ با ببێتە موسڵمان لە ژیانی دنیا و لێپێچانەوەشی لە رۆژی دواییدا لەسەر خوایە، ئەمە بەڵگەخوازیەكی رەتكراوەیە!

ئەوەی ئەم مەسەلەیی گردەبڕ یەكلادەكاتەوە بریتیە لە هەڵگەڕانەوە..

بابای هەڵگەڕاوە كە هێشتا بە زمانی دەڵێ: (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) ، بەڵام نكوڵی لە شتێكی لە داخوازیەكانی (لا الە الا اللە) كردوە، جا نكوڵی لە نوێژ یا لە رۆژی یا زەكات یا حەج كردبێ، یاخود بە ویست و رەزامەندی خۆی حوكمی بردۆتە بەر غەیری شەریعەتی خوا، لەژیانی دنیادا سزاكەی كوشتنە و، سزای رۆژی دواییشی بە نەمری مانەوەیە لە دۆزەخدا(ئەگەر نەگەڕێتەوەو تۆبە نەكا)..

جا ئایا رێی تێدەچێ كە دادگەری خودای بەرز وابێ، فەرمان بە كوشتنی مرۆڤێك بدا لە ژیانی دنیا و، لەرۆژی دواییشدا بە نەمری بیخاتە ئاگری دۆزەخ لەسەر مەسەلەیەك كە لێی داوانەكردوەو، پێی پابەندی نەكردوەو، پێی رانەگەیاندوە؟!

ئەگەر روكەشی حالەتەكە وەرگرین-كە مورجیئەكان دەیكەنە بەڵگە لەگەڵ ئەوانەی بە زورِنای ئەوان هەڵدەپەڕن- ئەوا زیاتر لەو مرۆڤە داوا نەكراوە كە بە زمانی بڵێ: (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) .

بەڵام سزادانی هەڵگەڕاوە لە دنیا و قیامەتدا رێكوڕاست نابێ كە ئەو هێشتا بە زمان بڵێ (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) و، تێڕوانینی دادگەری خودای-پاك و بەرزیش- لە دنیاو قیامەتدا رێك و راست دەرناچێ، ئەگەر ئەم بە زمان گوتنە داخوازیەكی دیاریكراوی لەخۆ نەگرتبێ. كە ئەوەی دەیڵێ زانیبێتی و، زانیبی پێیەوە پابەند كراوە، جا كاتێك نكوڵی لێكرد-لەگەڵ

ئەوەی هێشتا بەزمانی خۆی بێژەکان دەڵێ- لە ژیانی دنیا حوکمی کوشتنی بۆ درا و، لەرۆژی دواییشدا بە نەمری مانەوە لەنێو ئاگری دۆزەخ.

ئایا مەسەلەکە هەڵدەگرێ بەجۆرێکیتر بێ؟

مەبەستم ئەوەیە ئایا دەکرێ کە هەمو داواکراو ئەوەبێ کە بە زمانی بڵێ کە (لا الـه الا الله و ان محمـد رسـول الله) ، بـەبێ داخوازیـەك کـە ئـەو گوتنـە لەخۆی گرتبێ و بێژەرەکەی پێی پابەند بکا، پاشان ئەو سزا توندەی بدات، لەکاتێکدا کە هێشتا بەردەوام بێ لەو کارەی لێی داواکرابو؟!

نـەخێر! مەسـەلەکە لەسـەر یـەك بناغـە نـەبێ سـەقامگیر نـابێ.. ئـەویش ئەوەیە کاتێك لێی داواکرا بە زمان بڵێ (لا الـه الا الله محمد رسول الله)، لـە هەمانکاتدا لە ناوەڕۆك ئەوەی لێ داواکراوە کە بە داخوازی شایەتمانەکەی پابەند بێ، کە بریتیە لە پابەندبون بەوەی لەلایەن خوداوە هاتوەو لەگەڵ حوکم بردنەبەر شەرعی خودا.

جـا ئەگـەر یـەکێك گـوتی: ئەگـەر ئـەو پابەندبونـە داواکـراو بـا بـۆ دەستخسـتنی سـیفەتی ئیسـلام، ئـەوا پێغەمبـەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ لـە دەقێکی فەرمودەکانیدا باسی دەفەرموو، هەروەك لە دەقێکدا پێداویستی گـوتنی (لا الــه الا الله)ی فــەرمووە.. بــەڵام ئێمــە هــیچ بــەڵگــەیــەك بــۆ پابەندنەبونەکە نابینین..

ئێمە دەڵێین: راستە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەقی وای نەفەرموەو، بەو کەسەی کە هاتبێتە لای و گوتبی (لا الـه الا الله محمد رسول الله)، پێی نەفەرمووە: هەروەها دەبێ بەڵێن بدەی کە نوێژان بکەی و زەکات بدەی و رەمەزانێ بەڕۆژوبی و ئەگەر پێتکرا حەجی ماڵی خوا بکەی. هەروەها دەبێ پەیمان بدەی کە حوکم ببەیە بەر شەریعەتی خوا و حوکم نەبەیە بەر

یاساكانا جاهیلیەت(ئەمەش هەموی ئەو داخوازیانەن كە بە (لا الە الا الله) پەیوەستن).

بەڵكو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی: ((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ فَإِنْ قَالُوهَا عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ وَأَعْرَاضَهُم إِلاَّ بِحَقِّهَا: فەرمانم پێكراوە كە لەگەڵ خەڵكدا بجەنگێم هەتا دەڵێن (لا الە الا الله)، ئەگەر گوتیان ئەوا خوێن و ماڵ و ناموسیان لای من پارێزراو دەبێ، مەگەر بە حەقی خۆی.)) [1]

بەڵێ، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دەقە پیرۆزەكانی تەنیا باسی گوتن دەكا و، دەقێكی نیە داخوازیەكانی تێدا فەرموبێ كە گوتنە دەیانگرێتە خۆ، بێجگە لە قۆناغی فێركردن، چونكە كاتێك مەعازی(رضی الله عنه) دەناردە نێو خەڵكی یەكەم، پێی فەرمو:

((إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلَى قَوْمٍ أَهْلِ كِتَابٍ فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبَادَةُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَإِذَاهُمْ عَرَفُوا ذَلِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ فَإِذَا فَعَلُوا فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ زَكَاةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ: تۆ وا دەچیە ناو قەومێك كە ئەهلی كیتێبن، با یەكەم شت كە بانگەوازیان بۆ دەكەی پەرستنی خودای بەرز و كاربەجێ بێ، جا ئەگەر ئەوەیان زانی پێیان ڕابگەیەنە كە خودا لە ڕۆژ و شەوێكیاندا پێنج نوێژی لەسەر فەرز كردون، ئەگەر ئەمەیان كرد ئەوجا پێیانڕابگجەیەنە كە خودا زەكاتێكی بەسەردا فەرزكردون كە لە دەوڵەمەندەكانیان وەردەگیرێ و دەدرێتەوە هەژارەكانیان.)) [2]

---

[1]. متفق علیه

[2]. رواه المسلم

جا کاتێك فێرکردن تەواو بو ئەم مەسەلەیە، هەروەك زانایانی ئەم دینە دەڵێن (بوە یەکێك لە بەڵگەنەویستەکانی ئەم ئاینە)، واتە لەلای هەرکەسێکی بڵێ (لا الە الا الله محمد رسول الله) چاك دەیزانی کە نوێژکردن و زەکات دان و رۆژوگرتن و ئەگەر پێی‌کرا حەجی ماڵێ خوای لێ داواکراوە، ئەوەشی زۆر لەلا ڕونبو کە خودا کۆمەڵە حوکمێکی دابەزاندون و بەسەر ئەوانەی‌دا فەرز کردون کە ئەم ئاینە هەڵدەبژێرن، ئەم حوکمانەشن لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کاریان پێدەکرێ و بێجگە لەوانەش هەمو شتێ:ی دی پوچ و بەتاڵە، جا بەپێی ئەو زانستە، هەرکەسێکی نکوڵی لە داخوازیەکانی (لا الە الا الله) کردبا ئەم سزا توندەی لە دونیا و لە قیامەتدا دەبو:

[وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً لاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِهِ: قسەکانی پەروەرندەت-لە بێ‌لایەنگری و راستیدا- تەواو و بێ کەم و کوڕین کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ..]الانعام/١١٥.

مەسەلەیەکی دیکەش هەیە لە واقیعی کۆمەڵگەی ئیسلامی خوازراوە هەمان هێز و هەمان بایەخی پابەندبون بە داخوازیەکانی (لا الە الا الله)ی هەیە. هەر لەو کاتەی کۆمەڵگەی ئیسلامی قەوارەیەکی دامەزراوی تەواوی هەبوە، ئیسلام، وێنەیەکی واقیعی زانراو و بەناودەنگی هەبووە، کە نە بە گریمان دانراوە و نە خەیاڵ دروستی کردوە، چونکە لەلای هەرکەسێکی هاتبێ بڵێ (لا الە الا الله) پێشتر زانراوە کە (موسڵمان) لە رۆژ و شەوێدا چەند نوێژێکی دیاریکراو دەکا و، لەساڵێ رۆژویەکی دیاریکراو دەگرێ و، زەکاتی ماڵ و سامانی خۆی دەدا و، ئەگەر توانی حەجی ماڵی خواش دەکا و، بەو حوکمە دیاریکراوانەش پەیوەست دەبێ کە لەلای خواوە دابەزیون و

حەڵاڵ و حەرامیان بۆ موسڵمانان تێدا دیاریکراوە، پێشتر ئەوەی چاك زانیوە کە موسڵمان بەم هەمو شتانەوە پابەندە، ئەمەش داخوازیەکانی موسڵمان بونیەتی، جا ئەگەر نکوڵی لە یەکێك لەو شتانە کرد ئەوا هەڵدەگەڕێتەوەو حەددی هەڵگەڕانەوەی لێدەدرێ. جا عەقڵ نایبڕێ کە بێ بۆ ئەوەی شایەتمان بێنێ و لەناخی دەرونیشی نیازی ئەوەی هەبێ خۆی روبەڕوی کوشتن بکاتەوە لەلایەن دەسەڵاتی شەریعەت کە تەواو لەسەر زەویدا بەرپایە! بەڵکو ئەوە مەنتیقی و مەعقولە، کە-کاتێ: دێ شایەتمان بێنێ- نیازی پابەندبونی هەبێ بە دەسەڵاتی بەرپای شەریعەت و لێ دەرنەچونی.

دیارە ئەمەش نەرێ لەوە ناکا کە رەنگە هەر بە سروشتی بارەکە گەلێك لە ئەحکامە لاوەکیەکان نەزانێ، چونکە زۆربەیان تەنیا ئەو کەسانەی فەقیهن و لە ئاین شارەزا هەر ئەوان دەیانزانن و، بەڵام ئەوەی ناکرێ نەیزانێ بریتیە لە مەبدەئی پابەندبون بەوەی لەلای خوداوە دابەزیوەو، ئەو پابەندبونەش-بەتێکڕایی- داخوازی گوتنی (لا اله الا الله)یە.

هەر لەبەر ئەوەشە کە یەکێك دەهات بێتە ناو ئیسلام تەنیا داوای لێدەکرا شایەتمان بێنێ و، داوای لێ نەدەکرا بڕیاری نوێژ و رۆژی و زەکات و حەج بدا و، دان بە پابەندبونی بە حوکمەکانی شەرعی خوا بنێ، چونکە ئەمە هەموی بونەتە (بەڵگەنەویستەکانی ئاین) پاش ئەوەی ماوەی تێکردن لە مەبدەئی ئیسلام تەواو بو و، وایلێهات هەرکەسێ بەزمان بڵێ (لا اله الا الله محمد رسول الله) پاشان نکوڵی یەکێك لە داخوازیەکانی بکا لە دنیادا حەددی هەڵگەڕانەوەی دەکەوێتە سەر و، لە قیامەتیشدا لە ئاگری دۆزەخ جاویدان دەبێ.

ئـەم پابەندبونـەش بـە داخوازیـەکانی (لا الـه الا الله) لـە کۆمـەڵگـەی موسڵماندا تەنیا ئەرکی کەسێکی بڕوادار بەم ئاینە نیە وەك خەڵکانێك وا تێدەگەن، بەڵکو ئەرکی هەمو مرۆڤێکەی کە بڵێ (لا اله الا الله) جا ئەگەر بێبڕوایـەکی دوڕوش بێ لەوانـەی کـە لـە چینی هـەرە ژێـرەوەی دۆزەخـن! چونکە دوڕو-کە رەنگە لە ئاوازی قسەکردن بناسرێ یا بە سارد وز سڕی لە نـوێژکردن یـا نیشـانەی دیکـە بناسـرێ- لـە کۆمـەڵی موسـڵماندا ژیانی خۆی ناپارێزێ و، حوکمەکانی ئیسلامی بەسەردا رەتنابێ، تەنیا بە گوتنی (لا اله الا الله) نەبێ، لەگەڵ پابەند نەبوونی بە حوکم بردنە بەر شەریعەتی خوا و،-بەلای کەم-پابەندنەبونی بەنوێژەکان.

بـڕواداریش بـەوە لـە دوڕو جیاناکرێتـەوە کـە پابەنـدی ئـەحکامی خـودا و نوێژکردنـە(بـەلای کـەمی) چونکـە ئەمـە سـنورێکە خـەڵکی هـەمو تێـدا یەکسانن تاکو لە کۆمەڵگەی موسڵماندا سیفەتی ئیسلام دەستبخەن و، پارێزگاری لەو سیفەتە بکەن و، پارێزگاری لە خۆیان بکەن نەوەك حەددی هەڵگەڕانەوەیان بکەوێتە سەر.. بەڵکو جیازوازیەکە ئەوەیە کە بڕوادار-لە ئیمـان بـە ڕاسـتزانین و گوێڕایـەڵی و بـۆ نزیکبونـەوە لـە خـودا هـەمو ئـەو کردەوانە ئەنجامدەدا، کەچی دوڕو لە دوڕویی خۆی و لەترسی گیانی خۆی!

کەواتـە خـودی رواڵـەتی ئیسـلام لـە کۆمـەڵگـەی موسـڵماندا-واتـە ئـەو کۆمەڵگەیەی حوکم بە شەریعەتی خوا دەکا- تەنیا بە گوتنی شایەتمان و پابەنـدبون بـە داخوازیـەکانی بـەلای کەمـەوە نـوێژکردن دێتـە دەسـت، ئـەو مەسەلانەش ئەوانەن کە خەڵك دەیانزانی و پێیەوزە پابەند بون-بەبڕوادار و دوڕویانەوە- بەدرێژایی سێزدە سەدە لە مێژوی ئیسلام!

هەروەها هەنجەت بە روداوی ئوسامەی كوڕی زەید دێننەوە كە پیاوێكی كوشت گوتبوی (لا الە الا الله) پاش ئەوەی ئوسامە شمشێری لێ راستكردبۆوە و، پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر لێی تورە بوو و بەتوندی سەركۆنەی كرد و، چەندین جار ئەوەی لێ دووبارە كردەوە و دەیفەرمو: ((قَتَلْتَهُ بَعْدَ أَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إلاّ الله؟!: پاش ئەوەی كە گوتی (لا الە الا الله) كوشتت؟!)). ئەو پاكانەی لێ قبوڵ نەكرد كە دەیگوت كابرا لە ترسی شمشێرەكە گوتویەتی، واتە بڕای پێنەبوە، جا پێغەمبەر پێی فەرمو: ((هَلا شَقَقتْ عَنْ قَلْبِهِ فَتَعْلَمْ أَن كان قَالَها..: بۆ تۆ دڵیت لێككردۆتەوە تا بزانی لە ترسان وایگوتوە)).

بیانوی ئەو رووداوەش نایانگەیەنێتە ئەوەی بەڵگەخوازی لێدەكەن.

(لا الە الا الله) شمشێر لەسەر ئەو كەسە هەڵدەگرێ كە دەیڵێ، واتە: كوشتنی ئەو كەسە قەدەغە دەكا، بەڵام ئایا سیفەتی ئیسلامی دەداتێ؟! شوێنی تێكەڵبوونەكەش لە بەڵگەهێنانەوە بە رووداوەكەی ئوسامە لێرەدایە.

چونكە حوكمی خودا لە كێشەكەدا ئەوەیە كە هەركەسێ بڵێ (لا الە الا الله) هەر لە ترسان و بۆ خۆپەنادانیش بێ، دروست نیە بكوژرێ، بەڵام ئەگەر بە ئەحكامی ئیسلام پابەند نەبو ئایا هەر مامەڵەی موسڵمانێكی لەگەڵ دەكرێ؟!

واتە ئەگەر دوای شادەهێنانەكەی یەكەمجار كاتی نوێژ داهات و بۆ نوێژ هەڵنەستا و غەزری، ئایا حوكمەكەی چیە؟ حوكمەكەی ئەوەیە كە هەڵگەڕاوەیە و حەددی هەڵگەڕانەوەی دەكەوێتە سەر! واتە گوتنی (لا الە الا الله) شمشێری لەسەر هەڵگرت، بەڵێ، بەڵام خستیە بەر چاودێری بۆ

ساغ کردنەوە، جا ئەگەر ساغبۆوە کە بە داخوازیەکانی (لا الـه الا اللّٰه) پابەنـدە-ئەگـەر دووڕووش بـێ- ئـەوا لـە ژیـانی دنیـادا موسـڵمانە و لـە قیامـەتیش حسـابی لەسـەر خودایـە. ئـەگینا شـەهادەهێنانەکەی لەسـەر حسـابە و، حـەددی هـەڵگـەڕانـەوەی دەکەوێتـە سـەر چونکـە نکـوڵی لـە داخوازیەکانی (لا اله الا اللّٰه) کردوە کە بە زمانی خۆی گۆی کردبوو !

لـە هـەموو بارێکیشـدا جێگیربـوونی سـیفەتی ئیسـلام بـۆ هـەر مرۆڤێك لـە ژیـانی دنیـا وابەسـتەی پابەندبونـە بـە داخوازیـەکانی (لا الـه الا اللّٰه) پـاش شایەتمان هێنان، جا بڕوادارێکی راستەقینە بێ یا یەکێك بێ لە دووڕووان. پاشـان گونـاح لـە کۆمەڵگەی موسـڵماندا رودەدا و، درێژەدەکێشێ و درێژە دەکێشێ، بەڵام لە دو خاڵی بنچینەیی رادەوەستێ و لێیان تێناپەڕێ، ئەویش بریتین لە: حوکم بردنە بەر شەریعەتی خوا و، نوێژکردن.

هـەروەها رووداوی ئـەو کەنیشـکەیان کردۆتـە بیـانو کـە پێغەمبـەری خـوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی پرسی: خوا لە کوێیە؟ ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد. جا لێی پرسی: من کێم؟ گوتی: پێغەمبەری خـوا، ئەوجا پێغەمبـەر بـە گـەورەی ئەو کەنیشکەی فەرمو: ((أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَة: ئازادی بکە ئەمە بڕوادارە)).

جـا دەڵـێن ئەگـەر بـۆ سـەلماندنی بـڕوا شـتێکی دیکـە داواکرابـا لـەپاش شـایەتمان هێنان بە زاری، ئەوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەنیا بـە گـوتن (یـا ئامـاژە کـە نیشـانەیـە بـۆ گـوتن) سـیفەتی بڕواهێنـانی نـەدەدا کەس.

ئەمەش گەورەترینی ئەو دۆزانەیە كە مورجیئەكان-بە كۆن و نوێیانەوە-وروژاندویانە تاكو ئەوە بسەلمێنن كە سەرجەم داواكراوی ژیانی دنیا تەنیا بەدەم شایەتمان هێنانە، سەرجەم داواكراوی قیامەتیش بریتیە لە دانپێدان و باوەڕپێكردن.

هەر لەكۆنەوە زانایان بەڵگەخوازیەكانیان رەتكردۆتەوەو بەسەریان دا داونەتەوە..

جا چ قسەی شاتبیی پێشەوا-بەر میهری خوابێ- وەرگرین كە دەڵێ: كێشەی تاكەتاكەی خەڵكی دەق هەڵناوەشێنێتەوە، چونكە دەق بەڵگەی بەهێزتر و پتەوترە، واتە ئەو رووداوانە بەخۆیان راستن بەڵام نابنە پێوەر(قیاس) بۆ شتی دیكە.[1]

یا ئەگەر قسەی ئیبنی تەیمیەی پێشەوا-بەر میهری خوا بێ- وەربگرین كە بەزارگوتنی ئایەتمان بەسە بۆ بەسەرداتێپەڕین و چونە بەر حوكمەكان لە ژیانی دونیادا- كە ئازادكردنیش یەكێكە- بەڵام بەڵگە نیە بۆ هەبونی بڕوا.[2]

---

[1] . شاتیبی پێشەوا دەڵێ: (لە كتێبی الموافقات، ب٣ لا١٦٥-١٦٦، چاپخانەی محمد علی صبیح، قاهیرە)

ئەگەر بنەمایەكی گشتی(عام) یا رەها(مطلق) چەیپا تێككگیربونی لەگەڵا دۆزی تاكتاكەی خەڵك و سەربردەی حاڵەتی تایبەت كاری تێناكا، بەڵكەش بۆ ئەم مەسەلەیە چەند شتێكە:

یەكەم: بنەما بەفەرزكردن گردەبڕ كراوە، چونكە ئێمە لە بنەڕەتە هەمەكیە گردەبڕەكان(الأصول الكلیة القطعیة) قسان دەكەین، مەسەلەی تاكتاكەی خەڵكیش جێی گومان و خەیاڵە و، جێگومانیش-بەرامبەر شتی گردەبڕ ناوەستێ و لەگەڵی تێككگیر نابێ.

دوەم: هەر بنەمایەك لەیەك لێكدانەوە پتر هەڵناگرێ و یەكڕوی هەیە، چونكە پشت بە بەڵگەی بڕەر دەبەستێ، كێشەكانی تاكتاكەی خەڵكیش لێكدانەوەی دیكە هەڵدەگرن. لەبەر ئەوەی رەنگە مانایان وەك رواڵەتیان نەبێ، یا لەسەر رواڵەتی خۆیەتی بەڵام لە بنەڕەتەكەی دابڕكراوە و جیاكراوەتەوە. بۆیە ئەگەر حالەتەكە وابێ ناكرێ هەمەكی بونی بنەڕەتەكە بە شتێكی لەم شێوەیە بەتاڵا بكەینەوە.

سێیەم: مەسەلەی تاكتاكەكان بەشەكین(جزئی) و بنەما رەهاكان هەمەكین، بەشەكیش هەمەكی هەڵناوەشێنێتەوە..

[2] . ئیبنی تەیمیەی پێشەوا لە (الفتاوی- كتاب الایمان- الجزء السابع) هەڵبژاردەیەك لە لا ٢٠٩- لا٢١٥، چاپی دەزگای (الرسالة)، بەیروت، ١٣٩٨ك، دەڵێ:

كە بیانو بەوە دەگرن كە پێغەمبەر بە كەنیزەكەی فەرمو: ((أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَة)) یەكێكە لە بیانوە ناودارەكانیان و، ئیبنی كەلاب هەر ئەمەی كردۆتە بیانو، دەیگوت: بڕوا باوەڕپێكردن و گوتنە پێكەوە، بەمشێوەیە قسەكەی لە پسەی جوهم و

جـا کامـه لـەو دو قسـانە وەرگریـت، دۆزە بنـەڕەتیەکـە هـەر یەکـە. هەرکەسـێکی بڵـێ (لا الـه الا الله)، وای بـۆ گریمـان دەکـرێ کـە بـە داخوازیەکانی (لا اله الا الله) پابەندە و، هەر لە سەرەتاڕا شتێکی دیکەی لێ گریمان ناکرێ، چونکە ئەمە پابەندبوونێکی بەڵگەنەویشتە لە ئایندا و، بـەم پابەندبوونـە گریمانـەییـەش سـیفەتی ئیسـلام وەردەگـری، واتـە بـەو داخوازیەی کە گوتنەکە لە خۆی گرتوە نەك تەنیا بە گوتنەکە، خۆ ئەگەر نکوڵی لە داخوازیەکە کرد لەگەڵ ئەوەی هەر لە گۆکردنەکەش بەردەوام بو ئەوا هەر هەڵگەڕاوەیە لە ئیسلام و، ئەمەش لە دوژاربوونی حەددی هەڵگەڕانەوە رزگاری ناکا کە بڵێ: نەمدەزانی! لە مێژوی ئیسلامیش بە درێژایی سێزدە سەدە شتێکی وا روونەداوە کە یەکێك لە خەڵکی بڵێ: نەمدەزانی ئیسلامی داخوازی هەیە!! ئەگەرچی سەرجەم حوکمە لاوەکیەکانیشی نەزانیێ و پێیستی بە پرسیارکردن بێ تاکو فێریان بێ!!

شوێنکەوتەکانی نیزیك بو، کە هیچ بیانویەکی تێدا نیە چونکە رواڵەتی بڕوا کە ئەحکامی دونیای پێ پیادە دەکرێ پەیوەست نیە بە بڕوا لە باتیندا داخوا خاوەنەکەی لە قیامەتدا شاد و کامەران دەبێ، چونکە ئەو دوڕوانەی گوتیان: (باوەڕمان بە خوا و بە رۆژی سەڵا هێناوە، کەچی باوەڕیشیان نیە.) بە رواڵەت بڕوادار بون، لەگەڵا خەڵ:ی نوێژیان دەکرد و بەرۆژی دەبون و حەجیان دەکرد و زەکاتیان دەدا، موسڵمانەکانیش ژن و ژنخوازیان لەگەڵا دەکردن و میراتیان لێدەگرتن. هەروەك دوڕوەکانی سەردەمی پێغەمبەر□.. کاتێ خودای بەرزیش لە کەفارەتدا فەرمانی بە ئازادکردنی کۆیلەیەکی موسڵ/ان کرد، لەسەر خەڵکی نەبو یەکێك ئازاد نەکەن هەتا نەزانن کە ئیمانی لە دڵیدایە، چونکە ئەمە بەوەی دەچێ کە پێیان بگوترابا: هەمو خەڵکی بکوژن ئەوانە نەبێ کە دەزانن بڕوایان لە دڵیدایە، بەڵام ئەوان فەرمانیان پێنەکرابو کە دڵێ خەڵکی هەڵکۆڵن یا زگیان هەڵزڕێنن، بۆیە ئەگەر بیاندیبا پیاوێ: رواڵەتیانە بڕوادارە دروستبو کە ئازادی کەن و، خاوەنی کەنیزەکەش کە لە پێغەمبەر□ی پرسی ئایا ئەمە بڕوادارە؟ مەبەستی لە رواڵتی بڕ،ا بوە کە موسڵمان و کافر جیادەکاتەوە، هەروەها ئەگەر کەسێکیش نەزرێکی لەسەر بێ کە بەوە پاندی بکا کە یەکێك ئازاد کا بزانێ ئیمانی لە دڵیدا هەیە، ئەوا هەرگیز ئەوە نازانێ، تەنانەت هیچ کەسێکیش هەرگیز ناگاتە ئەو زانیستە... مەبەست ئەوەیە کە پێغەمبەر□ هەر بە بڕوای روکەش و رواڵەت کە ئەحکامە رواڵەتیەکانی پێ وابەستەیە، لە باسی ئەو کەنیزە دواوە.

لە کۆتاییشدا بیانو بەوە دەهێننەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی: ((مَنْ قَالَ لاَ إِلَـهَ إِلاّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّة: هەرکەسێکی گوتی (لا الە الا الله) دەچێتە بەهەشت.)) یا فەرموویەتی: ((مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ: هەرکەسێکی مردو دەیزانی کە جگە لە خوا پەرستراوێکی دیکە نیە دەچێتە بەهەشت))، یان فەرموودەی دیکەی بەو واتایە.

هیچ پێویست ناکات لەبارەی ئەم فەرموودانەوە بڵێین لە مەککەدا و بەر لە دابەزینی ئەرکەکان گوتراون و لە مەدینەدا پاش دابەزینی ئەرکەکان وەك هەندێك زانا دەڵێن نەسخ بونەتەوە.

مونزیری حافیز دەڵێ: (کۆمەڵێك لە گەورەگەورەکانی زانایان وای بۆ دەچن کە ئەو رەهاکردنانەی لەبارەی ئەو کەسانەوە هاتوون کە بڵێن (لا الە الا الله) دەچنە بەهەشت یان لە ئاگری دۆزەخ حەرام دەبن یا شتی دیکەی هاوشێوە، ئەمە لە سەرەتای ئیسلام دا بوە، لەو کاتەی کە بانگەواز تەنیا بۆ دانپێداهێنان بە تەوحید بوە، جا کە فەرزەکان فەرزکراون و حەددەکان دانراون ئەوان نەسخ بونەتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە گەلێك زۆر و ئاشکران، زەحاك و زوهەری و سوفیانی سەوری و زانایانی دیکەش هەر هەمان ئەم بۆچونەیان هەیە، کۆمەڵێکی دیکەش دەڵێن پێویست ناکا بڵێین ئەوانە نەسخ بونەتەوە، چونکە هەر شتێکی لە پایەکانی ئاین و فەرزەکانی ئیسلامە بریتیە لە پێداویستیەکانی تەواوکەرەکەکانی شەهادەهێنان. جا ئەگەر شادەی هێنا و پاشان وازی لە ئەنجامدانی بەشێك لە فەرزەکان هێنا جا باوەڕی پێنەبو یا لەبەر بە کەم هەڵگرتنی ئەنجامی نەدابێ ئەوا رای

جیاجیا هەڵدەگرێ، لەو کاتەدا حوکمی کوفر و نەچونە بەهەشتی بۆ دەردەکەین.)[1]

هەروەها ئیبنی قەییم دەڵێ: (تەوحید بە تەنیا ئەوەی کە بەندە دانبەوەدا بنێ کە بێجگە لە خوا هیچ وەدیهێنەرێکی دیکە نیە و خودا پەروەردگاری هەموو شتێکە و خاوەن پادشایەتی هەروەك بتپورستەکان لەگەڵ ئەوەی مشرکیش بون دانیان بەو شتانەدا دەهێنا. بەڵکو توحید خۆشەویستنی خودا و، ملکەچ بونی و زەبونی بۆ خودا و، تەواو رامبون بۆ تاعەت و دڵڕاستی لە پەرستنمی و مەبەست لە بونی روی خودای بەرز بە هەمو قسە و کردەوە و لێگرتن و پێبەخشین و خۆشەویستی و بوغزاندنێك کە لە نێوان خاوەنەکەی و هۆکارەکانی گوناح و پێگیری لەسەر گوناحان دروست دەبێ. هەرکەسێکی ئەمەش بزانێ ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەزانێ: ((إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ عَلَى النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللَّهِ: خودا ئەو کەسی لە ئاگری دۆزەخ حەرامکردوە کە گوتویەتی (لا الە الا الله) و روی خودای پێ مەبەست بێ.)) وە کە دەفەرموێ: ((لاَ يَدْخُلُ النَّارَ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ: هەرکەسێکی گوتی (لا الە الا الله) ناچێتە دۆزەخ))، لەگەڵ هەموو ئەو فەرموودانەی بەمجۆرە هاتوون کە لەلای خەڵکانێکی زۆر تێکەڵ بوینە بە شێوەیەك هەندێکیان وایان گومان برد کە نەسخ بونەتەوەو، هەندێکیشیان گومانیان وابوو پێش هاتنی فەرمان نەهیەکان و سەقامگیربونی شەرع گوتراون و، هەندێکی دیکەش بە دۆزەخی شرك و بێبڕوایان لێیانداوەو، هەندێك وشەی چونیان

[1] . الترغيب والترهيب، ٢٢٠/٣، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد.

بەهەمیشە تێدامانەوە تەئویلکرد و گوتیان: مەبەست لەو فەرمودانە ئەوەیە کە بۆ هەمیشە تێدامانەوە ناچنە ناوی. لەگەڵ کۆمەڵە تەئویلێکی دیکەی لەمبابەتە. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیفەرمووە ئەمە تەنیا بە قسەی زمان و دیدی، چونکە ئەمە پێچەوانەی شتە زانراوەکانە لە ئاینی ئیسلام، چونکە دوڕوەکان زمانیش دەیڵێن بەڵام لەژێر ئەوانەشن کە هەر بێبڕوابون و لە چینی هەرە ژێرەوەی ئاگری دۆزەخن.. جا گوتنی دڵ و گوتنی زمان هەردوك دەبێ هەبن، گوتنی دڵیش زاتین و باوەڕپێکردن و زانینی ئەو حەقیقەتانەی بە رەتکردنەوەو سەلماندن(النفى والإثبات) لە خۆیاندەگرێ، لەگەڵ زانینی حەقیقەتی خوداوەندی کە تایبەتە بە خوا و لە غەیری خوا نەفی کراوەو مەحاڵە بۆ غەیری خوا بسەلمێ و، بەرپابونی ئەم واتایە لەدڵدا وەك زانست و زانیاری و یەقین و حالەتێك کە حەرامکردنی بگۆیەکەی لە ئاگری دۆزەخ واجب دەکا.. جا لەو حەقیقەتانەی بڕا رامێنە کە لە دڵی بکوژی سەدکەسەکە دروستبوو، کە لە رۆیشتن بەرەو گوندەکە خافڵ نەبوو و بەدڵ دەیویست بۆی بچێ و بەگڕ ئاوزینگاندا دەچو، ئەمە مەسەلەیەکی دیکە و ئیمانێ:ی ترە، سەیریش نیە کە بەگەڵ گوندی پیاوچاکان خرا و لەوان حسێب کرا...).[1]

ئنجا دەڵێین: لە چاکە و فەزڵی خودا بەدەر نیە.. ئەگەر خودای بەرز بیەوێ ئەو کەسە لە دۆزەخ دەربێنێ کە گوتویەتی (لا الە الا الله) و بە بارستەی گەردێك خێری لەدڵدابوو.. یا هەر بە فەزڵی خۆی قەومێکی لە دۆزەخ دەرهێنا هەرگیز چاکەیان نەکردبوو.. ئەمە کاری خۆیەتی و چاکە و رەحمەتی خۆیەتی..

بەڵام پاش ئەمەش مەسەلەیەك دەمێنێ دەبێ تەماشای بکرێ.

---

[1] . مدارج السالكين ج١ ص٣٣٠-٣٣٢ طبعة دار الكتاب العربي ١٣٩٢هـ

ئەم چارەنوسەی كە هەندێ: خەڵك دەیگەیەنێ پاشئەوەی لەپای تاوان و گوناهیان ئازار و ئەشكەنجە دەچێژن و، پاش ئەوەی خودا دادوەری لە مافی بەندەكاندا دەكات،-بەفەزڵی خۆی- ئەوانە دەباتە بەهەشت كە شایستەن و كاریان بە داخوازیەكانی (لا الە الا اللە) كردووەو، پاشئەوەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەفاعەت دەكا بۆ كەسانێك لە بەندەكانی خودا.. ئەو چارەنوسەی كە خەڵكانێك دەیگەنێ و-لە چاكە و میهرەبانی خودا- لەوە رزگار دەبن كە بە نەمری لە ئاگری دۆزەخدا بمێننەوە پاش ئەوەی چەندی خودا ویستی لە دۆزەخدا مانەوە.. ئایا دەبێ ئەوە ببێتە ئەو ئامانج و مەبەستەی مرۆڤ هەوڵ و كۆششی بۆ دەكا و، هەر لە یەكەم ساتەوە تێكۆشانی بەپێی ئەم پێوەرە دیاریدەكا؟!

بۆ نزیكخستنەوە نمونەیەك دێنینەوە.. نمونەی بەرزیش بۆ خوایە.

لە تاقیكردنەوەكان لیژنە دادەمەزرێن لەژێر ناوی (لیژنەكانی بەزەیی) كە تەماشای باری ئەوانە دەكەن كە لە تاقیكردنەوەكان كەوتون، جا هەوڵدەدان كەسانێكی گونجاو لەكەوتن رزگار بكات. ئەوجا هەر پێدا دەچێتەوەو پێیدادەچێتەوە تا لە كۆتایی وای لێدێ هەرچی بچووكترین بیانوی بۆ بدۆزنەوە لە لیستی كەوتووەكان دەریدێنن.

جا ئەگەر فێرخوازان هەر لە سەرەتای رێگەوە بەخۆیان بڵێن: لیژنەی بەزەیی هەن و بەزەییان بە حاڵی ئێمەدا دێتەوەو هەر كەمترین ئەركمان كێشابێ بەسەركەوتومان دادەنێن، بەڵكو رەنگە خەڵكەكیش بە سەركەوتوو دانێن كە هەر خۆیان ماندو نەكردبێ.. ئایا ئەو كاتە كرداری خوێندن سەرلەبەری هیچ قیمەتێكی دەمێنێ؟ هیچ ئامانجێكیش لە

ئامانجەکانی جێبەجێ دەکات؟ ئایا خودی تاقیکردنەوەکەی هیچ ئەرکێکی دەمێنێ ئەنجامی بدا؟!

بەڵام ئەو لیژنانە دەمێنن و بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن و، کەسانێکی لاوازیش ڕزگار دەکەن، کە-بەڕاستی- هەوڵیان داوە، بەڵام دەستیان نەکەوتوە، جا لەپای نیازپاکیان و هەوڵی ڕاستگۆیانەیان پاداشتیان دەداتێ هەرچەندە کەمیشیان وەدەستهێنابێ، بەڵام هەر ئەم لیژنەیە کاتێك کەسانێکی بەهێز و توانا دەبینێ-کە هێز و توانایان لێڕادەبینی- دەستییان بەخۆدا بەرداوەتەوەو، وزەی خۆیان بە گاڵتە و ئارەزوبازی بەفیڕۆ دەدەن کە دەیانتوانی لە خوێندنێ بەکاری ببەن، چونکە وەباڵەکەیان بەسوك زانیوەو، تاقیکردنەوەکەیان بەهێند هەڵنەگرتوەو، پتشیان بە لیژنەکانی بەزەیی بەستاوە کە ئەنجامەکەیان چۆن بێ هەر سەریان دەخا.. بەڵام ئایا لەو کاتە لیژنەکانی بەزەیی ڕزگاریان دەکەن؟!

جارێکی دیکە دەڵێین: گومان لە چاکە و فەزڵی خودا نیە.. میهری خودا هەمو شتێکی گرتۆتەوە.. لێی دەپاڕێینەوە تا لە گوناهمان خۆشبێ و لە خراپەکانمان ببورێ و، بەزەیی بە لاوازیمان دا بێ و، کۆسپی سەرڕێمان تەختکا و، هەنگاوی ڕاستمان پێی هەڵێنێ.

بەڵام ئێمە وا تێدەگەین کە فەرمودەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەبەستی ئەوەیە کە کەس لە میهری خوا بێهیوا نەبێ. نەك ئەوەی کە مورجیئەکان ئیسلامێکی بێئەرکی لێ هەڵبڕن. پاشان بانگەشەی ئەوە بکەن کە خوا ئەمەی بەو ئاینە ویستوە! بەڵگەشمان کە موعاز ڕەزای خوای لێ بێت لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا

مزگێنی بە خەڵکی نەدەم؟ فەرموی: ((لاَ تُبَشِّـرْهُم فَيَتِّكِلُـوا: مزگێنیان پێ مەدە، نەوەك دەست بەخۆدا بەردەنەوە)).[١]

پاشان ئەگەر خودا لەرۆژی دواییدا لە گوناهبارانە خۆشبوو پاشئەوەی لەبای گوناهەکانیانی ئەشکەندەیان چێژا و، لە ئاگری دۆزەخ بە نەمری نەیهێشتنەوە، بەڵکو بە میهری فراوانی خۆی دایگرتن و لە نەمری نێو دۆزەخ دەریهێنان و بردنیە بەهەشت.. ئایا باری ئەم دینە راستدەبێ لە ژیانی دنیا کاتێك موسڵمانان هەموویان یا زۆربەیان لەوانە بن کە دەکەونە دۆزەخ، هەتاکو میهرەبانی پەروەردگاریان رزگاریان دەکا لە مانەوەی تا هەتایی لە دۆزەخدا؟!

ئەم واقیعەی کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین چاکترین شایەتی ئەم دۆزەیە، زەبوونی و سوکی و لاوازی دایگرتوین و، دوژمنانیش زاڵن کە هیچ بەڵێ، و پەیمانێکیان لێ وەرناگرن و، بەردەوام دەستدرێژی دەکەنە سەر کەرامەت و خوێن و ناموس و ماڵی موسڵمانان، حاڵ هەروایە کە خەڵك وەکو کەفەژیلکەی بارانێ بن.. واشیان لێ بەسەرنایێ تەنیا کاتێك ئیسلامەکەیان ئیسلامی باوەڕپێکردن و دانپێدانان بێ، بەبێ کردەوەیەك کە لە داخوازیەکانی باوەڕپێکردن و دانپێداناندا جێبەجێ بکرێ.. جا ئایا خودا لە بەندەکانی قوبڵ دەکا کە ئاینەکەی ون کەن و، نکوڵی لەو ئەرکە بکەن کە لەسەر زەویدا بۆی دەرکەوتون، پاشان ئا ئەمەش ببێتە ئەو بنچینەیەی تەواوی ئاینی لەسەر پێ،انە دەکرێ؟!

---

[١] . متفق عليه

كۆمەڵگەیەكی بڕوا بەهێز، كە لەنێو كاركردن بە داخوازیەكانی (لا الە الا اللّٰە) چەسپیبێ، دەتوانێ بڕوا لاوازەكان تەمبەڵ و تەوەزەل و لەشگراتنەكان لە تەوژمی خی هەڵگرێ و، بەڕێدا بڕ،ا و ئامانجەكانی وەدیبێنێ. بەڵام كە هەموی-یا تەنانەت زۆربەی- دەبنە بڕوالاواز و تەمبەڵ و تەوەزەل و لەشگران، ئایا هیچی پێدەكرێ و ئایا دەگاتە هیچ؟! درەختی بەهێز دەتوانێ هەندێك گەڵای سیس و زەردهەڵگەڕاو یا تەنانەت هەندێك لق و پۆپی داكەوتو هەڵبگرێ، پاشان بەروبومیش بگرێ و ئەو گەڵا و لقوپۆپانە هیچ زیانێكی پێ نەگەیەنن، بەڵام ئەگەر هەمو گەلایەك لە درەختەكە داوای مافی زەردهەڵگەڕانی خۆی كرد و ویستی لەگەڵ ئەوەش بەم شێوەیە مافی وجودی هەبێ مادام هیشتا لە درەختەكە نەوەریوە، ئایا لە لەناوچون و مردن بترازێ ئەو درەختە هیچ چارەنوسێ:ی دیكەی هەیە؟!

جا ئەگەر خوا-لەمیهری بۆ بەندەكانی- ئەو لاوازانە قوبڵ بكا، پاشئەوەی لە گوناە پاكیان دەكاتەوە بە مانەوەیان لە دۆزەخ هێندەی خوا خواستی لەسەر بێ، ئایا بۆ ئێمە دروستە بڵێین: هەر ئەوەندە بە بڕواداران داواكراوە و چیدیكە نا و، هەركەسێكی بشڵێ بڕواداران لەوە زیاتریان پێ سپێردراوە ئەوا بۆ دینی خودای زیادكردوە؟!

بۆ جاری سێیەمیش دەڵێین: گومان لە چاكە و فەزڵی خوادا نیە، كێی بیەوێ دەیخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی، بەڵام هەر خوا ئەم ئەركانەی بەسەر بڕواداران دابەزاندوەو فەرزی كردون، هەر بەخۆشی فەرمویە: چونە بەهەشت لەگەڵ خۆزگەخوازتن و پاڵدانەوە وەدی نایێ:

[لَيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلاَ أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلاَ يَجِدْ لَهُ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلاَ نَصِيرًا()وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا: نە بە ئاواتی ئێوەیە و نە بە

هەوا و ئارەزوی ئەو کەسانەیە بە ئەهلی کتێب حەسێبن، هەر مرۆیەك کارێکی نالەبار بکا، بەو کارەی خۆی جزیا دەدرێ و جگە لەخوا هیچ کەسی بۆ پەیدا نابێ دۆستی بێ و دەهاواری بێ. هەر مرۆیەك-نێر بێ یان مێ- هەر هێندە خاوەن باوەڕ و ئاکار چاك بێ، دەچنە بەهەشتەوە و بە ئەندازەی تلێشی وردیلەی ناوکە خورمایەکیش ناهەقیان لێ ناکرێ.]النساء/١٢٣-١٢٤.

ئینجا خودا لەپاش ئەوە چاکە و فەزڵی بێسنووری خۆی بەسەر هەر بەندەیەکی کە خۆی بیەوێ دادەڕێژێ

بەڵام گرنگترین شتێك کە جێبایەخی ئێمە بێت لەبابەت ئەم فەرموودانە ئەوەیە کە مورجیئە تازەکان بۆ کوێیان بردوون!

مورجیئەکانی پێشان لەگەڵ ئەو هەموو لارکردنەوەی خستبوویان چەمکی (لا الە الا اللە)،-وەك باسمانکرد- لە دو خاڵدا راوەستا بوون کە لێیان تێپەڕ نەدەبون لەگەڵ ئەو هەموو (کردەوانەی) لە داخوازیەکانی بڕوایان دەردەهاویشت، ئەوانیش بریتی بون لە نوێژ و حوکم برندنە بەر شەریعەتی خوا، ئەگەرچی دەشیانگوت کە هەمو کردەوەیەك لە دەرەوەی داخوازیەکانی بڕوایە، بەڵام کاتێك لە فیقهـ قسەیان دەکرد-زۆریشیان فەقیهـ بون- چاك دەیانزانی هەندێك کردەوە هەن مرۆڤ هەردەبێ دەستیان پێوەبگرێ تا لە کۆمەڵگەی موسڵماندا سیفەتی ئیسلامی بۆ بمێنێتەوە، گرنگترینیان نوێژکردن و حوکم بردنە بەر شەریعەتی خوایە.

کەچی مورجئیە تازەکان لەهیچ سنوورێك ڕانەوەستان.. لە کۆمەڵگەیەکدا لەدایکبون بە شەریعەتی خوا حوکم ناکا.. لە کۆمەڵگەیەك نوێژی تێدا ناکرێت (لەگەڵ پەرستنەکانی دیکەش)، پاشان ژمە ژەهراوەیەکەی فیکری ئیرجائیشیان قوتدا، جا بیری خۆیان هەڵخست هەر هەموو شتێکیان لە داخوازیەکانی (لا اله الا الله) پێداگرت، ئەوجا گوتیان: هەرکێ گوتی (لا اله الا الله) بڕواداره ئەگەر یەك کردەوەشی لە کردەوەکانی ئیسلام ئەنجام نەدابێ.. بەمجۆرە دوایین دو بەربەستیشیان بڕی کە مورجیئە کۆنەکان لەلایان ڕاوەستابون: بەربەستی نوێژ و بەربەستی شەریعەت.. جا ئەو کۆمەڵگایانەیان بە کۆمەڵگەی ئیسلامی وەسفکرد کە حوکم بە شەریعەتی خوا ناکەن. خەڵکیشیان-هەمو خەڵك- بە موسڵمان وەسفکردن، مادام بەزاریان دەڵێن (لا اله الا الله محمد رسول الله)!

پێمانخۆشە یەکەمجار بۆ ئەو فەرمودەیە بگەڕێینەوە کە پشتی پێ دەبەستن: ((مَنْ قَالَ لاَ إلَـهَ إلاّ الله دَخَلَ الجَنَّة : هەرکەسێکی گوتی (لا اله الا الله) دەچێتە بەهەشت.)).

پێشتر گوتمان پێویستمان بەوە نیە بڵێین ئەم فەرموودەیە بە دابەزینی ئەرکەکان لە مەدینە، نەسخ بۆتەوە، بەڵام تەنیا دەڵێین بە فەرمودەی دیکە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەرخانکرا کە خۆدابڕین لە شرکی کردە مەرج.

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ثُمَّ مَاتَ عَلَى ذَلِكَ إِلاَّ دَخَلَ الْجَنَّةَ: هەر بەندەیەك گوتی (لا اله الا الله) پاشانم لەسەر ئەوە مرد دەچێتە بەهەشت.)) [1].

---

[1]. اخرجه المسلم

هەروەها فەرموی: ((مَنْ مَاتَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ: هەركەسێ:ی مرد و هیچ شریكی بۆ خودا بڕیار نەدابو دەچێتە بەهەشت.)) [1]

جا بە بەرامبەركردن و كۆكردنەوەی هەردو فەرمودە ئەوەمان لەبارەی (لا اله الا الله) بۆ دیاردەكەوێت كە خۆدابڕین لە شرك مەرجی قبوڵ بونیەتی لەلایەن خوداوە لە رۆژی دوایی.

لە قورئانی پیرۆزیشدا بەشێوەیەكی گردەبڕ ئەمەی دیاریكردوە:

[إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ: خودا لەوانە نابورێ كە شەریكی بۆ بناسن، لەوەپێوە لەهەركەسێ بۆ خۆی حەزكا، عافوی دەكا.]النساء/١١٦

شركیش چەندین جۆرە.. وتارخوێن و واعیزەكان باسی هەندێكیان دەكەن- كە دەسەلاتداران تورە ناكات- باسی ئەوانی دیكەش پشتگوێ دەخەن!

رووكردنە غەیری خوا بە یەكێك لە جۆرەكانی پەرستن وەكو نزا و كۆمەكخوازی و فریاخوازی و نەزر و سەربڕین.. شركە و گومانی تێدانیە، وتارخوێنانتیش بەزۆری باش لەمجۆرە شركە دەكەن!

گومانبردنیش كە هیدیكە هەن لەگەڵ خودا بژێو دەدەن یا زیان یا سود دەگەیەنن.. ئەمەشیان بێگومان شركە و وتارخوێنانیش گەلێكجار باسی دەكەن!

یاسادانانیش (واتە حەلاڵكردن و حەرامكردن) بێجگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندوەو، رازیبون بەو یاسادانانە، شركە و گومانی تێدا نیە، بەلام خەڵكی لەم سەردەمەی دواییدا جاهیل بوون-یا جاهیل كران- بەو راستیە

[1]. اخرجه المسلم

ترسناكە، وایان لێهات كە گوناح و شرك لە یەكتر جودا نەكەنەوە و، وەكو گوناهێكی شایستەی لێخۆشبون دەیانڕوانیە ئەم جۆرە شركە.. ئەگەر وەكو (پێویستی)یەكی موباتحیش تەماشای نەكەن كە هیچ گوناهێكی تێدا نیە. بەڵكو ئەگەر-لەپشت ئەمانەش- لە هەستیاندا وا نەچەسپابێ كە مایەی پێشكەوتن هو شارستانیەت و دەربازبونە لە كۆت و بەندان!!

ئەمە چۆن رویدا؟!

لە سەرەتا لەشكركێشی خاچپەرستان هات و پێی چەپەڵی خستە هەر شار و وڵاتێك، شەریعەتی ئیسلامی وەلا نا، پاشان بە خەڵكی گوترا: خەمتان نەبێ! مادام نوێژدەكەن و رۆژو دەگرن ئێوە موسڵمانن ئەگەر حوكمیش نەبەنە بەر شەریعەتی خودا!!

ئەوجا هێرشی خاچپەرستان (جولەكەشی لەنێودا بوو) شتی وایان بەسەر خەڵكیدا زاڵكرد كە تەنانەت لە نوێژ و رۆژوویان كردن. پاشان بە خەڵكیان گوت: خەمتان نەبێ! مادام دەڵێن (لا الە الا اللە) هێشتا موسڵمانن!

بەمشێوەیە ئیسلام تەنیا بەو دەزوە باریكە بە هەڵواسراوی مایەوە كە بریتی بو لە گوتنی (لا الە الا اللە) بە زمان، بەبێ هیچ جۆرە داخوازیەك لە ژیانی خەڵكی. پاشان مورجیئە تازەكان هاتن-بەو ژەهرەی لە هزری ئیرجائی هەڵیانمشتبو- گوتیان: بۆ خەڵك هیچی تێدا نیە! چونكە بروا باوەڕپێكردن و دانپێداهێنانە و، هەركەسێكی بڵێ (لا الە الا اللە) بڕواداره و، ئەگەرچی یەك كردەوەشی لە كردەوەكانی ئیسلام ئەنجام نەدابێ!

نایەوێ هەرچی پێشتر گوتمان دوبارەیکەینەوە.. بەڵام پێویستە دۆزێکی زۆر گرنگ لەبیر نەکەین.. ئەویش ئەوەیە کە (لا اله الا الله) لەلای خودا قبوڵە هەتا لە شرك پاك بێ-بەچاوپۆشینێکی کاتی لە مەسەلە(کردەوە) و ئەو هەمو گومڕاییانەی مورجیئە کۆنەکان لەم بابەتە-. بەڵام ئەگەر شرکی تێکەوت، تەواو هەڵدەوەشێتەوەو، بەهیچ جۆرێك لەلای خودا قبوڵ نابێ.. لەو کارەساتانەی لەم سەدەیەی دوایش توشی هاتین ئەوەیە کە باس لەو شتانە دەکەین کە دەستنوێژ بەتاڵ دەکەن و لە پەیمانگا ئایینیەکان سەدان جار و لە سەدان لاپەڕە فێرخوازانی دەڵێینەوە.. بەڵام باسی ئەو شتانەیان بۆ ناکەین کە (لا اله الا الله) بەتاڵ دەکەنەوە! ئەگەر باسیشی بکەین ئەوا تەنیا باسی شرکی بیروباوەڕ و شرکی پەرستن دەکەین و شرکی شوێنکەوتن(الاتباع) نایەنینە بەرباس، لەسەر بنچینەیەك کە هەر لە بنچینەدا هەڵەیە و، بریتیە لەوەی کە شرکی شوێنکەوتن (کوفری کرداری)یە و کەس لە دین دەرناکا!!

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە [اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا إِلَهًا وَاحِدًا لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ: لەبری خوا مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی مەریەمیان کردە خوا، فەرمانیشیان پێدرابو بێژگە لەخوای تاك و تەنیا نەپەرستن، لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بەدورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن.]التوبە/٣١. کە عەدی کوڕی حاتەم چوە لای، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵام ئەوان نەیاندەپەرست! پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: ((أَلَمْ يُحِلُّوا لَهُمُ الحَرَام وَيُحَرِّمُوا عَلَيْهِمُ الحَلاَل

فَأَتَّبَعُوهُمْ: ئەدی حەرامیان بۆ حەڵاڵ نەدەکردن و حەڵاڵیان لێ حەرام نەدەکردن و ئەوانیش شوێنیان نەکەوتن؟ گوتی: بەڵێ، فەرموی: ((فَذَلِكَ عِبَادَتُهُمْ إِيَّاهُمْ: جا ئەوە پەرستەکەیانە بۆ ئەوان.))

خودای بەرز وادەفەرموێ و، پێغەمبەرەکەی واش دەفەرموێ، پاشان ئەوان دێن و دەڵێن: ئەمە لە کوفری کرداریە و، کوفری کرداریش نابێتە هۆی لەدین دەرچون!!

بەو باسەدا ڕەت بووین کە دۆزی یاسادانان لە دۆزە سەرەکیەکانی بیروباوەڕ، سورەتە مەککەییەکانیش تەنانەت پێش دابەزینی حوکمەکان بە درێژی کە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا حوکم دەکەن، باسیان لێوەکردوە.

خودای بەرز لە مەککە کە بانگەوازی بۆ ئیسلام دەکا پێیان دەفەرموێ:

[اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ: هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان ناردراوەتە خوارەوە، شوێنی کەون و بە غەیرەز ئەو مەکەونە شوێنی سەرپەرستانی دیکە.]الاعراف/٣.

[أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ: ئاخۆ ئەوان شتانێ وا بە شەریکی خوا دەزانن، کە دینێکی وەهایان بۆ داهێنابن و خودا ئیجازەی نەدابن..]الشوری/٢١.

[وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ: لەسەر هەرچی پێك نەهاتن، خودا بە ناوتان ڕادەگا.]الشوری/١٠.

هەروەها بە بڕوادارانی مەککەی فەرمو:

[وَلاَ تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ: هەر ئاژەڵێ لەکاتی سەر ژێکردنێ ناوی خودای لەسەر نەیە، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن، ئەمە

لەڕێگە لادانە. شەیتانەکان دنەی دۆستانی خۆ دەدەن، تا کێسەتان دەکەڵ بکەن. جا ئەگەر بەگوێیان کردن، بێگومان شەریتان بۆ خودا داناوە.]الأنعام/١١٤-١٢١.

پاشان کە حوکمەکان بە درێژی لە مەدینەدا دەبەزین و، ئیسلام وێنەیەکی پیادەکردنی کرداری وەرگرت، کە زیاد لە پەرستنەکان بە ئەحکامی خوداوە پابەند بو، حەڵاڵ تیایدا ئەوەبوو خوا حەڵاڵی کردوە و، حەرامیش ئەوەبوو کە خوا حەرامی کردبو، لێرەدا دۆزێکی دیکە لە مەدینە هاتە کایەوە کە دۆزی ئەو دووڕووانە بو کە لە سەرەوە وایان پیشاندەدا کە ئیسلامیان قبوڵکردوە، بەڵام دەروونەکانیان بۆ ئەحکامی خودا رام نەبوو، دەشیانویست حوکم ببەنە بەر تاغوت و (هەر حوکمێکیش بێجگە لە حوکمی خودا حوکمی تاغوتە) دەیانویست حەڵاڵ و حەرام بەپێی ئارەزوەکانیان و دابونەریتەکانیان بێ نەك بەپێی فەرمانی خوا.

جا لێرەدا حوکمێکی گردەبڕی خودایان دەربارە دابەزی:

[فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا: بەڵام نەخێر، سوێندەکە بە پەروەرندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوان خۆیانا بتکەنە قازی و لە دڵەوەبە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی رەدایان بێ و بە تەواوی ملکەچی بن.]النساء/٦٥.

[وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ() وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِنْهُمْ مُعْرِضُونَ: ئەشڵێن: ئێمە باوەڕیمان بە خوا و پێغەمبەر هێناوەو بەرفەرمانین. لەدوای ئەمەش بڕێکیان رو وەردەگێڕن، ئەوانە هەر بڕوادار

نین.. هەرگایەکیش بەرەو خودا و راسپاردەی بانگیان دەکەن، کە خۆی بە کاریان رابگا، کەچی دەستەیەکیان هەر خۆی لێ دەبوێرن.]النور/٤٧-٥٢.

بەمە دەرکەوت کە سەنگی مەحەکی بڕوا-پاش تەواوبنی ئاین- بۆتە حوکم بردنە بەر شەریعەتی خودا لەپاش دروستی باوەڕ و بەجێهێنانی پەرستنەکان. دروستی باوەڕیش ئێستا بەتەنێ بەس نیە و، دروستی باوەڕ و بەجێهێنانی پەرستنەکانیش بەس نین، چونکە (لا الە الا الله) داخوازی زیاتری بۆ پەیدابون لەو داخوازیانەی کە لە مەککەدا هەیبوون، بڕواش بە (لا الە الا الله) کە پابەندبون بە هەموو داخوازیەکانی دەخوازێ (لەگەڵ روودانی ئەو گوناهەی بنچینەی پابەندبونەکە هەڵناوەشێنێتەوە). کاتێك لە سەرەتای بانگەوازدا لە مەککە داخوازی (لا الە الا الله) بریتی بو لە بڕوابون بە وەحدانیەتی خودای پاك و بەرز-و بڕوابون بەوەی کە پێغەمبەری خۆی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردوە تا بانگەوازەکەی رابگەیەنێ، بڕواهێنان بەمان هەموو داواکراوەکە بوو لە هەرمرۆڤێکی بهاتبا نێو دینی خوا.

کاتێك هەندێك پەرستنیش فەرزکران داخوازی داواکراو بوە بڕوابون لە وەحدانیەتی خوا و ناردنی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەنجامدانی ئەو پەرستنانە، کاتێکیش لە مەدینەدا پەرستنەکان تەواوبون و ئەحکام دابەزی داخوازی داواکراو بوە بڕوابون بە خودا و پێغەمبەرەکەی و (لەگەڵ هەر وردەکاریەك هکە سروشتی لەم بابەتە دیاریکربو) و ئەنجامدانی پەرستنە فەرزکراوەکان و، پابەندبون بە شەرعی خودا، هیچ یەکێکیش لەمانە جێگەی ئەویدیکەی نەدەگرتەوە و لەباتی وی نەدەبوو.

بەڵام دووڕووەکان مشتومڕیان لەسەر دۆزی تەوحید نەدەکرد و، لەبارەی مەسەلەی پەرستنەکانیش مشتومڕیان نەدەکرد (ئەگەرچی بە سارد و شڕی و تەمبەڵیش ئەنجامیان دەدا)، بەڵکو ساختەکاریان دەکرد و روویان لە ئەحکام وەردەگێڕا کە هەڵسوکەوتی بڕواداارانی لە ژیانی دنیادا رێکدەخست، جا بەلای حوکمی تاغوت دا لاردەبوونەوە (ئەمەش هەموو حوکمێکە جگە لە حوکمی خودا هەروەك باسمانکرد)، بۆیە ئایەتە قورئانیەکان لە مەدینە جەختیان -هەر بەبۆنەی باسکردنی دووڕووان- لەسەر دۆزی حوکم بە شەرعی دوا دەکرد، چونکە ئەمە ئەو دۆزە بو کە لەو رۆژاندا"هەروەك بە رۆژانی ئەمرۆژدا ووروووژاوە" ووروژابوو. جا فەرمودەی گردەبڕی خوا دابەزی:

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْكَافِرُونَ: هەرکەسێکی پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خودا راوێستاوە و لە دینی راست وەرگەڕاوە.] المائدة/٤٤.

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الظَّالِمُونَ: ئەوکەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە-کە لە خوداوە هاتوە- فەرمان بدەن، غەدرێ دەکەن و ناهەقن.] المائدة/٤٥.

[وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ: ئەوکەسانەی لەو فەرمانانەی کە خودا ناردویەتە خوار لابدەن، دیارە لەرێ لایانداوە.] المائدة/٤٧.

[أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ: ئاخۆ ئەوان گەرەکیانە دابی زەمانی نەزانی بەر لە ئیسلام بژیەننەوە! دەیسا

لەلای ئەو كەسانەی وا لە بڕوای خۆیانا هیچ شك و گومانێكیان نیە، كامە فەرمان لە فەرمانی خوا چاترە.]المائدة/٥٠.

لە هەمو شتێكیش سەیرتر گەر یەكێك پێت بڵێ: خودا بۆیە ئەم حوكمەی لەبارە دابەزاندون چونكە ئەوان دورو بون! بۆیە لەبارەی ئەوان فەرموی: بڕوا ناهێنن تا حوكم دەبەنە بەر شەریعەتی خوا!! بەڵام ئەگەر بڕوادار بونایە خودا ئەم مەرجەی لەسەر دانەدەنان!!!

سەیرە! ئەدی بڕواداران چۆن بونە بڕوادار؟!

دووڕووەكانیش بۆچی بوونە دووڕوو؟!

ئایا بڕواداران هەر بەوە نەبوونە بڕوادار كە حوكمیان بردە بەر شەریعەتی خوا لەگەڵ دروستی باوەڕ و بەجێهێنانی پەرستنەكان؟!

ئایا دەیانتوانی بێجگە لەمە بە شتی دی ببنە بڕوادار؟!

[إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَنْ يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ: بەڵام ئەوی باوەڕدارن، هەركاتێ بانگ دەكرێن كە بێن بەرەو خودا و راسپاردەكەی، هەتا بە كاریان ڕابگا، گورجی دەڵێن: بستمان و بەرفەرمانین، ئەوانە دیارە رزگارن.]النور/٥١.

[وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلاَ مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمْ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ: ئەگەر خوا و پێغەمبەروكەی فەرمانیان بە هەركارێك دا، هیچ پیاوێك و هیچ ژنێكی خاوەن باوەڕ ناتوانن پەسندی نەكەن.]الاحزاب/٣٦.

بڕوادار بونە بڕوادار چونكە پابەندی ئەوە بوون-هەر لەو كاتەوە كە گوتیان (لا الە الا الله محمد رسول الله) كە دان بەوەدا بنێن كە لەلای خوداوە هات و بۆی ملكەچ بن، جا كە بانگی كردن تا حوكم ببەنە بەر شەریعەتەكەی، گوتیان: بیستمان و گوێڕایەڵین، جا سیفەتی بڕوایان بۆ

بەردەوام مایەوە چونکە بەردەوامبون لە کارکردن بە داخوازی (لا الە الا اللە).واجبێتی حوکم بردنە بەر شەرعی خوداش تەنیا بەسەر دوڕوەکان فەرزنەکرابو لەبەر ئەوەی کە دوڕون!! بەڵکو لەسەر هەمو کەسێك فەرز بو کە دەیگوت (لا الە الا اللە محمد رسول اللە) ، جا ئەگەر پێی پابەند بوو لەگەڵ تەسلیم بونێکی دەروونی و رازیبوون، ئەوە بڕوادارن، بەڵام ئەگەر بە ئاشکرا ملکەچی نواند و لە ناخی دەرونیشی رازی نەبوو و خۆینەدابوە دەست، ئەوا ئەوانەن کە خودا دەربارەیان فەرمویە کە دوڕون (ئەوان لەگەڵ ئەمەشدا بە ئاشکرا سەرکێشیان لێنەدەکرد چونکە ئەگەر وابوایە ئەوکات دەبونە هەڵگەڕاوە نەك دووڕوو، سزاکەشیان لە کۆمەڵگەی موسڵماندا دەبوە کوشتن).پوختەی مەسەلەکەش ئەوەیە کە دۆزی یاسادانان راستەوخۆ بە (لا الە الا اللە) پەیوەستە و، ئەم پەیوەندیەش بەهیچ شێوە و بارێك لێك جودا نابێەوە.

زانایان لەبارەی ئەو ئایەتەی دەفەرموێ: [وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْكَافِرُونَ] دەڵێن: ئەو کەسە کافر نابێ مەگەر حەرامێك بە حەڵاڵ بزانێ. ئەگەر حەرامی بە حەڵاڵ نەزانی ئەوا کوفری بچوکە و.. کوفرێکە لەدین دەرینآکا.

جا ئەو قازیەی بە غەیری شەرعی خودا حەکم دەکا لە کێشەیەکی بەردەستی چونکە بەرتیلی لەلایەنێك وەرگرتوە، بەم کارەی کافر نابێ هەرچەند تاوانێ:ی وای دەکەوێتە ئەستۆ دوچاری رق و توڕەیی خوای بکا.

ئەو راڤەکارەی ئیجتهادێکی کردوەو هەڵەی کردوە و حەکمی بە غەیری شەرعی خوا لەبارەی کێشەکەی بەردەستی دەرکردوە، ئەوە گوناهبار نیە، بەڵکو پاداشتی ئیجتهادەکەشی هەیە مادام بە نیازێکی پاك کارەکەی کردبێ.

تا دوایی ئەو حاڵەتانەی كە فەقیهەكان ریزیان كردون.. بەڵێ.. بەڵام ئەمە هەموی سەرناكێشێ بۆ یاسادانان بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوە، چونكە حوكمێكە لە كێشەیەكی بەردەست بە غەیری شەرعی خوا، بە هەبونی یەكێك لەو هاندەر و هۆكارانەی لە كتێبەكانی فیقهدا هاتون، بەبێ بەحەلاڵ زانینی ئەو حوكمە، ئەمە شتێكە و، یاسادانانیش بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوە شتێكی تەواو جودایە. چونكە لە حاڵەتی یەكەم پێلێنان و دانپێدانانی ئەوەی كە شەرعی ئەو سەرچاوەیە كە بۆی دەگەڕێتەوە لە حوكمدا هەڵناوەشێتەوەو بەتاڵ نابێ، هەرچەند لە جێبەجێكردنیش پێچەوانە بێ. بەڵام لە حاڵەتی دوەم ئەوە لەلایەن خۆیەوە-بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێكی لەلایەن خواوە پێدرابێ- سەرعێكی جیا لە شەرعی خودا دادەنێ، پاشان-بەكردەوە یان بە زمان- دەڵێ شەرعی خوا جێبەجێ مەكەن، بەڵ:و ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن كە من دامناوە چونكە هاوشێوەیە بۆ شەرعی خودا، یان چونكە لە شەرعی خودا چاكترە، یان چونكە لە شەرعی خوا گونجاوترە!

ئەمەشیان مەسەلەیەكە بە درێژایی مێژوی ئیسلام فەقیهەكان لەسەری جیاڕا نەبون كە كوفرێكە خاوەنەكەی لەدین دەباتە دەرێ.

مەسەلەیەكی دیكەش هەیە بەدرێژایی هەمو مێژوی ئیسلام فەقیهەكان جیاڕانین دەربارەی كە كوفرێكە خاوەنەكەی لەدیم دەباتە دەر، ئەویش رازیبونە بە زانین و ویستەوە بە شەرعێكی غەیری شەرعی خوا. دیارە زۆرلێكردن ناچێتە بەر ئەمە چونكە زۆرلێكردن رازیبونی تێدا وەدینایێ، بۆیەشە خودای بەرز فەرمویەتی:

[مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ وَلَكِنْ مَنْ شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِنَ اللَّهِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ: هەركەس

بڕوای بەخوا بوبێ و لەپاشان حاشای لێبکا، (سزادەدرێ) مەگین کەسێ ناچارکرێ و لەباوەڕی دڵنیابێ. بەڵام کەسێ بە حاشاکەی دڵێ خۆش بێ، بەر توڕەیی خوا کەوتون و ئازاری زۆر دژوار دەدرێن.]النحل/١٠٦.

چونکە یاسادانان بە غەیری ئەوەی خوا دایبەزاندوەو، رازیبون بە یاسایەکی جودا لە شەرعی خوا، هەردوکیان-لە حوکمی خوادا- هەڵوەشێنەوەن بۆ (لا اله الا الله)، هەر بۆیە حوکمێکی گردەبڕی دەربارەی دابەزی: [وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمْ الْكَافِرُونَ: هەرکەسێکی پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خودا راوێستاوە و لە دینی راست وەرگەڕاوە.]المائدة/٤٤.

ئیبنی کەسیری پێشەوا لە تەفسیرەکەیدا لەبارەی ئایەتی [فَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ] دەڵێ:

(خودا ڕەخنە لەو کەسە دەگرێ کە لە حوکمی خوا دەردەچێ کە هەمو چاکە و خێرێکی لەخۆگرتوە و، بەرهەڵستی لە هەمو خراپە و شەڕێك کردوە. وە رو دەکاتە کۆمەڵە بۆچون و زاراوەیەکی دیکە کە پیاوانێك بەبێ هیچ پاڵپشتێك لە شەریعەتی خواوە دایانناوە، هەروەك ئەهلی جاهیلیەتیش بەو گومڕایی و نەفامیانە حوکمیان دەکرد کە بە ئارەزو و بۆچونی خۆیان دایاننابون و، هەروەك تەتەر حوکمیان بەو سیاسەتە شاهانەی خۆیان دەکرد کە لە جەنگیزخانی پادشایانەوە وەرگیرابو کە (یاسق) بۆ دانابون، کە بریتی بو لە کتێبێك کۆمەڵە حوکمێکی تێدا کۆکرابۆوە کە لە شەریعەتی جۆراوجۆری جولەکە و دیانان و لە ئاینی ئیسلام و هیدیکەش وەرگیرابو، گەلێك حوکمیشی تێدابو کە هەر تەنیا بە بۆچون و ئارەزوی خۆی وەریگرتبون، ئەمەش لەنێو کوڕ و نەوەکانیدا بوە

شـەرعێك و شـوێنی كـەوتبون و دەیانخسـتە پێش حـوكم بـە كتێبی خـوا و سـوننەتی پێغەمبەرەكـەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ جا هەركـەسێكی لـەوان ئـاوای كردبـێ بێبڕوایـە و دەبـێ شـەڕی لـەدژ بكـرێ تـا بـۆ حـوكمی خـوا و پێغەمبەرەكەی دەگەڕێتەوەو، لە كەم و لە زۆر بە غەیری وی حوكم ناكا).

ئــەم پــەیوەندیــە پتــەوە لــەنێوان (لا الــه الا الله) و حـــوكمڕانی شـەریعەتی خـوا، بـەدرێژایی سـێزدە سـەدەی یـەك لـەدوای یـەك ببـوە بـەڵگەنەویسـت لـە هەسـتی موسـڵمانانیدا، ئـسلامیان بـەبێ ئـەوە نەدەهاتـە بـەرچاو و، موسـڵمان)یشـیان نەدەهاتـە بـەرچاو كـە بـەبێ ئەوە موسڵمان بێ،

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی
(زادی ڕێمان)

ماڵپەر

zadyreman.com

پەڕەی فەیسبووک

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئیستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمەیل

zadyreman@gmail.com